KURDISTAN






# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پرسی کورد و داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران........................................................................................................ مستەفا مەولوودی ..... ٤

٢- نەورۆزی یەکگرتن............................................................ دیاکۆ ع. بۆکانی ..... ١١

٣- لە ژینای کوردستانەوە هەتا عومان و پێنووس دزەکە!.......................................... کاوە سندووسی ..... ١٥

٤- ڕاخوشینی ئەستێرەی بەند و گۆرانیی کوردی لە ئاسمانی ئەدەب و هونەری میللیدا......... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ١٩

٥- لە نەورۆزی کوردستانەوە تا پێنووسی عومان.................................................. سەربەست ئورمیە ..... ٢٤

٦- ئەی ویلایەتی فەقێ؟!................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٢٨

٧- چرا یاسین: کوردپەروەریی ڕاستەقینە لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە بیری نەتەوایەتیدا قووڵ دەبێتەوە........................................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٣١

٨- کاریگەریی قەڵەمی زێڕین لەسەر چۆنیەتیی "دان و هەستان"........................................ دارسمە ..... ٣٩

٩- ترس لە قوتابخانە.................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٤٢

١٠- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید محەممەدئەمین نادری)........................................ برایم چووکەڵی ..... ٤٥

١١- خەڵک لە کوێی دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکادان؟........................................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٤٨

١٢- لەگەڵ "کفار" میهرەبانن!......................................................................... هەردی سەلیمی ..... ٥١

١٣- شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە!................................................................ عەلی بداغی ..... ٥٤

١٤- فوتباڵ وەک "زمانی دەربڕین"!...................................................... ئەمیر باباخانی ..... ٥٧

١٥- تێڕامانێکی کورت بۆ پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات.............. حەسەن شێخانی ..... ٦٠

١٦- خاکیپۆشی دەبێتە یۆنیفۆرمی سەربازیی کورد لە ڕۆژهەڵات.................................. ڕێباز مەریوانی ..... ٦٤

١٧- کوردستان ئاڵاهەڵگری یەکیەتی و هاواری بەرزی ئازادی......................................... کاوە سندووسی ..... ٦٦

١٨- دڵزار عابدی: هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت.................................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٦٩

١٩- پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار.................................. ٧٥

٢٠- پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد...... ٧٧



سەرچاوە Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

٢١- هێمای ئیدئۆلۆژیک........................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٨٠
٢٢- خۆپەسەندیی ترامپ و لاساریی خامنەیی............................ و له ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٨٣
٢٣- کۆماری ئیسلامی؛ سیستەمێک کە لەسەر خۆڵەمێشی ژیانی خەڵک ماوەتەوە............. ئەفشین مەعرووفیان ..... ٨٨
٢٤- له خۆیابوونەوە تا ئاوابوون.................................................................. سەربەست ئورمیە ..... ٩٣
٢٥- له کۆتاییدا کۆماری ئیسلامی هەر دەتکوژێ.................................................. ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٩٨
٢٦- ناوەندگەرایی و ڕۆڵی پەراوێز له پێناسەکردنەوەی ئێراندا................................. ڕەحیم نزهەت‌زادە ..... ١٠٠
٢٧- چرا یاسین: ئایین یەکێک بووە له فاکتەرە هەرە دیارەکانی بەردەم لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا.................................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٣
٢٨- سەری کەڵافی دانوستانان لەنێو جامی ژەهردا ون بووە.............................................. دارسمە ..... ١١٠
٢٩- بەرزە قەڵای وڵاتی خۆر و گڕ (شەهید شاڕوخ مرادی)......................................... برایم چووکەڵی ..... ١١٣
٣٠- کەلکوەرگرتن له "بلاگەر"ەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری له کوردستان........... بێهزاد قادری ..... ١١٦
٣١- کۆتایی‌هاتنی سەردەمی تەقیە بۆ کۆماری ئیسلامی............................................. حەسەن قارەمانی ..... ١٢١
٣٢- دژایەتیی وەکیەک لەگەڵ مافی گەلانی غەیرە فارس............................................. ڕەحیم نوزهت‌زادە ..... ١٢٦
٣٣- دین ئامرازێک بۆ حوکمڕانی.................................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ١٢٩
٣٤- وێستگەکانی کۆتایی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی............................................... ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ١٣٤
٣٥- خۆشبژێوی خراپە!............................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٣٩
٣٦- سەروەریی یاسا و پێوەندی بە دێموکراسیی ڕاستەقینە........................................... ڕەحیم نزهت‌زادە ..... ١٤٢



# کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پرسی کورد و داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران




مستەفا مەولوودی

## ئاماژە:

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو ناوچەیەی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە و ئێمە تێیدا دەژین پڕە لە ڕووداوی کارەساتبار و پرس و کێشەی جۆراوجۆر کە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی پێکدادان و دوژمنکاری لە نێوان گەلان و دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە ناوچەکەدا و بەشی زۆر توانا و وزەکان تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەرقاڵی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتن. جیا لەوە تێچووی گیانی و ماددیی چارەسەرنەکرانی کێشەکان کە بە بەردەوامی پێکدادان و شەڕ و ئاڵۆزی و کاولکاریی لێ کەوتۆتەوە، ئەوەندە زۆرن کە بەزەحمەت دەخەملێندرێن.

### پرسە گرینگ، جەوهەری و چارەنووسسازەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

دوو پرسی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕست بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و ئەم دوو پرسە لە ڕیزی پێشەوەی پرسە

ڕۆژهەڤەکانی ئەو ناوچەیەن کە یەکەمیان مەسەلەی فەلەستین و دووهەمیان مەسەلەی کوردستانە.هەردووک ئەو دوو بابەتە دەکرێ بڵێین بەرهەم و لێکەوتەی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵوەشانی ئیمپراتوریی عوسمانی و پەیمانی "سایکس-پیکۆ"ن کە بووە هۆی ئەوەی لە بێ گەڕانەوە بۆ دۆخی فەلەستین وڵاتێک بە پاڵپشتیی وڵاتانی زلهێز بۆ جووەکان دروست بکرێ و لە پڕۆسەیەکی نادێموکراتیک و بەبێ گەڕانەوە بۆ کورد و لەبەرچاوگرتنی مافەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری عوسمانی بە سەر سێ دەوڵەتی تازە دامەزراوەی تورکیە، عێراق و سورییەدا دابەش ببێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە کاتی دامەزرانیەوە لەسەر ئەو باوەڕە بووە و بە بەردەوامییش ڕایگەیاندوە هەتا لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دێموکراسی نەیەتە ئاراوە و مەسەلەی فەلەستین و کورد لەو ناوچەیە چارەسەر نەکرێت، کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاستدا بنەبڕ نابن و ئەو ناوچەیە ئارامی و سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ.

پێچەوانەی پرسی کورد کە هەمیشە لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکانی تاران، بەغدا، ئانکارا و دەمیشقەوە بە پرسێکی ئەمنییەتی دانراوە و خەباتێکی توندوتیژیان بەسەر کورددا سەپاندوە، وتوویژ و دانوستان لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بە بەردەوامی لەئارادا بووە. ئەوە بوو لە ساڵەکانی ١٩٩٣ زایینی پەیمانیی ئاشتیی ئۆسلۆ لەنێوان دوو لایەندا واژۆ کرا. حیزبی دێموکرات هەر ئەوکات لەگەڵ پێشوازیکردن لە پڕۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، بەڵام هاوکات ڕایگەیاند کە بە چارەسەرکرانی مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل، کێشەکانی خۆرهەڵاتی نیوەڕاست کۆتاییان نایەت، مەگەر ئەوەی پرسی کوردیش چارەسەر بکرێ. بەداخەوە تا ئێستاش پرسی فەلەستینییەکان و کوردیش نەک چارەسەر نەبوون، بەڵکوو قووڵتریش بوونەتەوە. خۆ ئەگەر ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بە خاڵگۆڕان و سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە دابنێین، باشتر دەتوانین خوێندنەوە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان بکەین و ئەرکی دواڕۆژی خۆمان ڕوونتر دیاری بکەین.

لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی زایینی ڕێکخراوی حەماس بە پلان و دنەدانی کۆماری ئیسلامی هێرشی کردوە سەر ئیسرائیل و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی کوشت و نیزیک بە ٢٠٠ کەسیشی بەدیل گرت؛ ئەوە بوو بە دەسپێکی شەڕێکی خوێناوی لە غەزە و کوژران و وێرانکاری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. بێگومان بۆ هەمووان ئاشکرایە کە هۆی هەڵایسانی ئەو شەڕە لەو قۆناغەدا کۆماری ئیسلامی و بۆ مەبەستە لەپێشدا دیاریکراوەکانی ئەم ڕێژیمە بوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هاتنەسەرکاری، دوو دروشمی بەرز کردۆتەوە؛ یەکەمیان "شەڕ، شەڕ تا بنەبڕکردنی فیتنە لە جیهاندا" و دووهەم "هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی" بۆ دەرەوەی وڵاتی ئێران. ڕێژیمی ئیسلامی هەزینەیەکی زۆری بۆ ئەو ستراتیژی و ئایدۆلۆژییەی داناوە کە خەرج و تێچووەکەی هەمووی لەسەر سامانی گشتیی وڵاتی ئێران بووە. سوپای

تایبەتی (سوپای قودس)ی  بۆ پێک هێناوه و چەند هێز و سوپای نیابەتیی له وڵاتانی ناوچه دروست کردوه و کۆک و پۆشته و به مووشەک و چەکوچۆڵ تەیاری کردوون که حەماس له کەناراوەکانی غەززه یەک لەوانه. هەر ئەو سیاسەت و ئاجێندایەی ڕێژیم بوو که بووه هۆی قووڵتربوونەوەی کێشەی نێوان ئیسڕائیل و فەلەستین و تەنانەت بوو به هۆی تێکدانی پرۆسەی ئاشتیی ئۆسلۆ و ئاکامەکەی بوو به هۆی هەڵایسانی شەڕی ٧ی ئۆکتۆبر و هەموو ئەو کارەساتەی بەسەر غەززه هات و حەماسیش باجێکی قووڕسی بۆ دا.

دیاره جگه له حەماس، حیزبوڵڵای لوبنانیش وەک هێز و سوپایەکی نیابەتیی دیکەی کۆماری ئیسلامی له ناوچه هەر به دنەدانی ڕێژیم هاته نێو شەڕەکه. ئەوەش بووه هۆی ئەوەی هەم بەشی هەره زۆری فەرمانده و ڕێبەرانی حیزبوڵڵا به حەسەن نەسروڵڵای کەسی یەکەمیان تێدا بچن و هەم ببێته هۆی گۆڕانکاریی بنەڕەتی له لوبنان و هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی نوێ که زۆر کەمتر له ڕابردوو شوێندانەریی حیزبوڵڵا و ئێرانی پێوه دیار بێت.

ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و بنەماڵەکەی دوای زیاتر له ٥٢ ساڵ حوکمڕانیی سورییه گۆڕانکارییەکی دیکەی دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ ئاڵوگۆره خێرا و کاریگەرەکان له ناوچەکەیه. ئەگەرچی هەتا ئێستاش زۆر ڕوون نیه سوورییەی نوێ بەرەو کوێ دەچێ، بەڵام ئەوەی بەڕوونی دیاره ئەمەیه که ڕووخانی بەشار ئەسەد له سورییه، واته شکان و هەرەسهێنانی قووڵایی ستراتژیی سیاسی ڕێژیمی ئێران له ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

شکسته سیاسی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران هەر بەوەندەش نەوەستاوه و ناشوەستێ و هەر ئێستا ئاسەواری ئەو شکانه بۆ ئێران له یەمەن و له نێو حوسییەکانیشدا به تەواوی هەست پێ دەکرێ و، هاوکات کاریگەریی لەسەر سیاسەت و پێوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و لەسەر هێزه نیابەتییەکانی دیکەی ڕێژیم لەو وڵاتەش داناوه. بەپێی ئەو ڕووداوانەی هاتوونەته ئاراوه گلۆڵەی ڕێژیمی ئێران تەواو کەوتۆته لێژی و سیاسەتی دەوڵەتی تازەی ئەمریکا و نەخشی دەوڵەتی ئیسرائیل له ناوچەکەدا که باس له گۆڕانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست دەکا، ئەو پەیامەی تێدایه که بەرەورووی سیاسەتی پاوانخوازانەی ئێران و دەستوەردانی بێ سنووری ئەو وڵاته له وڵاتانی ناوچه دەبنەوه. بەوەش دەسەڵات و هەژموونیی ڕێژیمی ئێران له چوارچێوەی سنوورەکانیدا سنووردار دەکرێ و هەل و دەرفەتی زیاتر بۆ کۆتاییهێنان به تەمەنی ئەم ڕێژیمه دەڕەخسێندرێ.

له دەرەوەی ئایدۆلۆژی و ئامانجەکانی ڕێژیم بەڵام پێوەندیدار به نێوخۆی ئێران دەبێ بڵێین که که سیاسەتی دەستوەردانی ڕێژیم له هەموو ئاستەکاندا به زیانی خەڵکی ئێران و تێکدانی ئاسایشی ناوچەکه تەواو بووه. ئەو سیاسەته کەلێنی

قووڵی لە نێوان ڕێژیمی ئێران و گەلانی ئێراندا دروست کردوە و بە دەیان قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی لە ئێراندا دروست کردوە. بۆیە دۆخی نوێی هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئێران و ناوچە ئەو ئەگەرەی بەهێز کردوە کە خەڵکی ئێران بە دژی ئەو ڕێژیمە یەکدەست ڕاپەڕن. لە دەرەوەی سنوورەکانیش نەخش و دەستوەردانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەدا ناجێگیرییەکی کەموێنەی لێ کەوتۆتەوە. ئەوە نەک هەر ڕێژیمەکان تەنانەت خەڵکی وڵاتان لە ناوچەش دەزانن کە دەستوەردان و سیاسەتی پاوانخوازانەی کۆماری ئیسلامی چەندە کاریگەریی نەگەتیڤ و کارەساتباری لە سەر ئارامی و سەقامگیریی ناوچە بووە و چۆن ئەو ناوچەیەی تووشی شەڕ و وێرانی و شڵەژانێک کردوە کە داهاتووەکەی زەرەرمەندی سەرەکی هەر خەڵکی ناوچەکەن.

ئەوەندەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە، حیزبی دێموکرات پێی وایە دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر شپرێو و ئاڵۆزە و چارەسەری بنەڕەتیی قەیرانەکانی ناوچە پێویستیی بە ئاڵوگۆڕ و ڕاستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان هەیە، ئەو هەڵە مێژووییانەی بەتایبەت لە یەک سەدەی ڕابردوودا و بەدەستی ئانقەست، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئیختیار و بڕیاری نەتەوەکان تەنیا لە بەرژەوەندیی زلهێزەکان کران. قەرەبووی ئەو هەڵە و کارەساتانەی بەدوویدا هاتن، پێش هەموو شتێک بە دابینکردنی مافی نەتەوەیی گەلان، جۆراوجۆری و هەمە چەشنەکانی ئەو ناوچەیە و بە جێگرکردنی دێموکراسی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلاندا دەکرێ کە یەک لەوان دانان بە مافی نەتەوەیی و سەروەریخوازیی کوردە، ئەو مافە سروشتی و یاساییەی پتر لە یەک سەدەیە خەباتی بۆ دەکا و خوێنی بۆ دەدات.

## ئێستای پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێوەندیدار بە پرسی کورد؛ لە باشووری کوردستان، هەرێم و دەسەڵاتێکی سیاسی و یاسایی و دانپێدانراو دامەزراوە کە لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی یاسای بنەڕەتیی عێراقدا لە بەشێکی باشووری کوردستاندا حوکمڕانییەکی ناوچەیی هەیە. ئەوە ئەگەر لەباری خۆبەڕێوەبەری و دابینکردنی نیاز و پێویستییەکانی دانیشتووانەوە نەیتوانیوە وەک پێویست وەڵامی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بداتەوە، بەڵام کیانێکی ڕێگەپێدراوی یاساییە و ئومید دەکەین لە داهاتوودا لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر کێشە و ئاستەنگەکاندا سەرکەوتنی زۆرتر دەستەبەر بکەن.

لە باکووری کوردستان کە چەندین ساڵە خەبات و تێکۆشانی فرەلایەن و فرەڕەهەند لە ئارادا بووە. ئاکامی ئەو خەباتە بۆتە هاتنەئارای دۆخێکی نوێ کە لە ئێستا لێکتێگەیشتن لەنێوان حیزب و ڕێبەرانی سیاسیی بزووتنەوەی مافخوازی کورد

لە باکووری کوردستان و حکومەتی تورکیەی لێ کەوتووەتەوە. حیزبی دێموکرات بە سەرنجدان بە دۆخی سیاسیی تورکیە بڕاردەی خەباتی سیاسی، مەدەنی و ڕێکخراوەیی بە گونجاوترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەو وڵاتە دەزانێ، وەک چۆن ئەمە لە پەیامەکەی ئۆجەلان و نوخبەی سیاسیی کوردی لە تورکیەش ڕەنگی داوەتەوە. دیارە لە پەیام و خوێندنەوەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتیشدا هاتبوو کە ئەو هەنگاوە بە ئەرێنی و هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەبینێ و هیواخوازە ئەوە ببێت بە سەرفەسڵێک بۆ سازان و پێکەوەهەڵکردنی گەلان لە تورکیە و بەدیهاتنی مافە سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە.

لە ڕۆژاوای کوردستان و لە وڵاتی سووریە گۆڕانکارییەکان جۆرێکی دیکە و ئاسۆیەکەشی تا ڕادەیەک ناڕوونە. ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕووخاوە و ڕێژیمێکی نوێ هاتۆتە سەر کار و ئەوە دەرگای وتووێژ و پێکهاتنی بە ڕووی هێزەکانی دێموکراتیکی ڕۆژاوا و دەسەڵاتی نوێی سووریە کردووەتەوە. لەو ماوەیەشدا بینیمان کە بەڵگەنامەیەکی ڕێککەوتن و سازانیش کە لە نێوان دەسەڵاتی نوێ بە سەکردایەتیی جەولانی و هەسەدە بە سەرکردایەتیی مەزلووم عەبدی واژۆ کرا. دیارە حیزبی دێموکرات ئەوەشی بە هەنگاوێکی ئەرێنی دانا و ڕایگەیاند کە ڕێگاچارەی سیاسی و دوور لە شەڕ و توندوتیژی باشترین بژاردەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان لەو وڵاتەدا.

## ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخی پڕ قەیرانی ئێستادا

بێگومان باس لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست و کێشەکانی ئەو ناوچەیە زۆر هەڵدەگرێ و پێویست ناکا ئێمە لەوە زیاتر بپەرژێینە سەری، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچە و کارتێکەریی ڕووداوەکان لەسەر یەکتر پێویستە سێناریۆ دیار و نادیارەکانیش بێنینە بەرچاومان و ئەوەندەی بکرێ، خوێندنەوەی ڕاستیان بۆ بکرێ و خۆمان بۆ ئەگەرەکانی بەردەممان ئامادە بکەین کە یەک بە یەک دەکرێ، دەستنیشانیان بکەین.

پێش هەموو شتێک ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەم ڕێژیمە لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا زۆرترین نەیاری بۆ وڵاتی ئێران دروست کردوە و کەمترین دۆستیشی بۆ هێشتووەتەوە. کەم نین ئەو وڵات و دەوڵەت و خەڵکانە لایان وایە ڕێژیمی ئێران هۆی سەرەکیی نائەمنی و شەڕ و ئاژاوە و کارەسات و نەهامەتییەکان لە ناوچە دایە و بە نەمانی کۆماری ئیسلامییش ناوچەکە دەتوانێ ئارامی و سەقامگیری زۆرتر بەخۆیەوە ببینێ.

گوشارە زۆرەکانی ئەمریکا و گەمارۆ فرەلایەنەکانی سەر ئەم ڕێژیمە، زەبرە قورسەکانی ئیسرائیل کە لە ئێرانی داوە و

لکوپۆکردنی هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەدا، ڕێژیمی تووشی قەیرانی زۆر جیددی و قەرەبووونەکراو کردوە و پێناچێ ڕێژیم بتوانێ لەبن باری قورسی ئەو گوشارانە پشت ڕاست بکاتەوە. خۆ ئەگەر باس لە کاریگەریی سیاسەتی دەرەکی ڕێژیمی ئێران لەسەر هەلومەرجی نێوخۆیی وڵاتیش بکەین، دەبینین کە ئەم دۆخە شوێندانەریی لەسەر هەموو جومگەکانی وڵات داناوە و جیا لە دروستکردنی زۆر قەیرانی زەبەلاحی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کەلێنی نێو خەڵک و دەسەڵاتی لە هەموو کاتێک بەرفراوانتر کردوە. تەنانەت کەلێن و کەلەبەری لەنێو خودی هێز و لایەن و دەزگا حکوومەتییەکانی ڕێژیمیشدا پێکهێناوە. لە ئاستی گشتیشدا قەیرانی دراو و ئابووری، قەیرانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ناڕەزایەتیی ڕوو لەگەشە و بەردەوام و ڕۆژانەی خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران، تابلۆیەکی ڕوون لەسەر دۆخی ڕێژیم لە وڵات نیشان دەدات و پێمان دەڵێ کە لە چ دۆخێکی قەیراناوی و کارەساتباردایە.

ئەگەر لە پانتایی ئێراندا کوردستان جیاواز و بە نموونە وەربگرین، هەلومەرجی کوردستان لە زۆر بوارەوە جیاواز و جێی سەرنجە. ئەگەرچی خەڵکی کوردستان بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتیی دەیان ساڵەی تاران و لە سۆنگەی سیاسەتی پەراوێزخستن و پەرەنەسەندنی سیستماتیکی ڕێژیم گوشاری زۆر زیاتری لەسەر بووە و بەرەوڕووی زۆر قەیران و کارەسار کراوەتەوە، بەڵام لەڕووی دنیابینی و کەشی سیاسییەوە جیاوازتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بووە.

کوردستان هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر ڕێژیمدا جیاواز بیری کردۆتەوە. پێملی ئیرادەی ڕێژیم بۆ دەست بەردانەوە و گوێڕایەڵی نەبووە و بە هەموو شێوەیەک خەباتی بۆ مافەکانی کردوە و لە بەرامبەر درندەیی و سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا وەستاوەتەوە. جیا لە خەباتی شکۆمەند و ئامانجداری دەیان ساڵەی هێزە سیاسییەکان کە سیمایەکی جیاوازی بە دۆخی سیاسیی کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکە ئێران بەخشیوە، دەبینین کە کوردستان لە ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی و بەدوای بزووتنەوەی ژینادا کاریگەریی لەسەر بەشەکانی دیکەی ئێرانیش داناوە. بەردەوامیی بزووتنەوە مەدەنییەکان سەرەڕای توندترین کاردانەوەی ڕێژیم کە خۆی لە گرتن و بەندکردن و سپاندنی زیندانی درێژخایەن لەدژی چالاکانی سیاسی و مەدەنیدا دەبینێتەوە، سەرەڕای کۆی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، بەڵام هەر بۆنە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ دەریانخست کە کوردستان چەندە لە ناسنامەخوازی و لە خەبات و تێکۆشان بۆ مافەکانی شێلگیرە و تەنانەت ئیلهامبەخشی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشە؛ دۆخێک کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە تەواوی تووشی دەستەوەستانی و دۆشداماوی کردوە. بەتایبەت ئەگەر کاریگەریی نەورۆزی خاکیپۆشانی ئەمساڵ بە نموونە وەربگرین، دەبینین چ هاوکاری و هاوپێوەندی و کارناڤاڵێکی گەورەی نەتەوەیی نەورۆزانە بە هێمای دیار و جوانی کوردەواری لە ماکۆوە هەتا ئیلام بەرجستە بوون و تێیدا جوانترین نموونەی ئازادی، سەربەستی و ڕێکخستنی خەڵکی پێشان درا و ئەو تێکەڵاوی و ئاوێتەیە تایبەتمەندیی دەروشاوە و جێی شانازیی کۆمەڵی کوردەواری و، بەرهەمی خەباتی فرەڕەهەندی ئەم



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

نەتەوەیە لەسەر خاکی خۆی و بۆ مافەکانی خۆیەتی.

پێوەندیدار بە دیارترین ئەکتی سیاسیی ئەو ماوەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە نەورۆزی خاکیپۆشان دەبێ بڵێین کە بەدەنگەوە هاتنی خەڵکی کوردستان، پشتیوانیی حیزب لەو داوایە و دیمەنی بۆنە نەورۆزییەکان هیوابەخش و تابلۆیەک لە خەبات و خۆڕاگریی کوردستان بوون، بۆیە خەباتی مەدەنی و جەماوەری لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە بەشێک لە ژیان و کولتووری سیاسیی خەڵک و خەڵک دەتوانێ بە باشی خۆی ڕێک بخات. لە ئاستی ئێرانیشدا هەندێک فاکتەری نێوخۆیی وەک کۆی قەیرانە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان؛ ناکارامەیی ڕێژیم لە ئیدارەدانی وڵات، ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە تەنیشت فاکتەرە دەرەکییەکانی وەک گوشاری ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەسەر کۆماری ئیسلامی دەرفەتی لەباری بۆ زۆر گۆڕانکاری ڕەخساندوە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە پێناو تەنگ پێ هەڵچینین و بەچۆکداهێنانی ڕێژیمدا نابێ لە کیس خۆیانی بدەن.

ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# "نەورۆزی یەکگرتن"



**دیاکۆ ع. بۆکانی**

بەدرێژایی مێژوو و ئێستاشی لەگەڵدابێ، هەر نەتەوەیەک هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات کەڵک لە بۆنەیەک، یان ڕووداوێک وەردەگرێت و ئەو بۆنە و ڕووداوەش بکاتە هەوێنی یەکگرتن و بە ئامانج گەیشتن. ئەوان چاویان خورد کردۆتەوە هەتا بزانن چ بۆنە و ڕووداوێک دەتوانێت ئەوان بگەیەنێتە ئامانج، ئەوسا پلانیان بۆ داڕشتوە و کەڵکیان لێوەرگرتوە.

گەلانی دەوروبەرمان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوام دینیان کردۆتە ئامرازێک، هەتا هەم خۆیانی پێ یەک بخەن، هەمیش کیانی نەتەوایەتیی خۆیانیان پێ سازکردوە. تەنانەت ئەوان هەوڵیان داوە دینیش بکەنە ئامراز و کەرەستەی بەردەستی خۆیان، هەتا بەو بیانووەوە هێرش بکەنە سەر خاک و ئاو و ماڵی گەلانی دیکە و خوێنڕشتنیان پێ ڕەوا کردوە و ماڵخواردنی خەڵکیان پێ قەبڵاندوە. ئەو فەرمانانەی لەلایەن دەسەڵاتەکانی دەوروبەریان بۆ سەر ئێزەدییەکان کراوە، ئەنفالەکەی سەدام، یان فتواکەی خومەینی بۆسەر کوردستان بەشێکن لەو کەڵکوەرگرتنانەیان. بێگومان تورک و عەرەب و فارسیش هەر دینیان کردە ئامراز و دەوڵەت و کیانی خۆیان پێ پێکهێنا. تورک ئیمپراتۆریی عوسمانی کردە کەرەستە.



سەرچاوە
Serchawe

عەرەب ئەو زمانەی قورعانی پێ نووسرا و فارسیش لە شیعەگەری کەڵکی وەرگرت. بەداخەوە لەنێو ئەو گەلانەی ناوچەدا هەر کورد موخلیسانە شانی دایە بەر دین و نەیکردە ئامرازی دنیایی و تەنیا هەروەک پردی پێوەندی لەنێوان زەوی ئاسمان لێی ڕوانی. تەنانەت زۆر جار دژەکانمان لە سۆنگەی دینەوە فریویشیان داین و سیری خۆمانیان لە سمێڵی خۆمان هەڵساوی و بەدەستی خۆمان ماڵی خۆمانیان پێ وێران کردین.

بەدرێژایی مێژوو زۆرجار کورد هەتا ڕادەیەکی زۆر باش چۆتە پێش و لە پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی نزیک بۆتەوە، بەڵام مخابن فتوای کۆلکەمەلایەک، یان وتەی شێخۆلکەیەک ڕیسەکەی لێ کردوونەتەوە خوری و هاتوونەتەوە سەر حوللەرسێ. تەنانەت ئەوکاتەی بە ناوی دینەوە بوونەتە خاوەن دەسەڵاتێکی مەزن و سەرکردەیەکی بەتوانای وەک سەلاحەددینیشمان هەبووە، دیسان نەمانتتوانی لەو دەرفەتە کەڵکی پێویست وەرگرین و سنووری خۆمان دیاری کەین و ئاڵای خۆمان هەڵدەین.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر سەلاحەددینی ئەیووبی تۆسقاڵە زەڕڕەیەک هەستی نەتەوەیی لە ڕەگدا بوایەت و وەک تورکە عوسمانییەکان لە دنیای ڕوانیبایە، ئەوە هەر ئەوکاتە دەیتوانی کورد بکاتە خاوەن دەوڵەتێکی مەزن و کەموێنە لە ناوچەکەدا. بەڵام مخابن بە هۆی توانەوە لە نێو بیری ئاییدا نەتەوەکەی وەلانا و ئەوەی لە توانایدا هەبوو نایە خزمەت بیروباوەڕە دینییەکەیەوە و هیچی بۆ گەلەکەی نەکرد. دیارە ئەگەر دەوڵەتی کوردیشی پێک بێنایە ئەو کارەی هیچ زیانێکی بە دینەکەی نەدەگەیاند و ئێستا هەم وەک کەسایەتییەکی ئایینی و هەمیش وەک کەسایەتییەکی نەتەوەیی ڕێزی لێدەگیرا. تورکەکان هەر لەدەرفەتێکی وەها کەڵیان وەرگرت و لەسەر خاکی خەڵکی دیکە دەوڵەتی خۆیان دامەزراند. بێگومان عەرەبیش هەر دینی کردە هەوێنی یەکبوونی نەتەوەیی و خۆی لەو پرشوبڵاوییە ڕزگار کرد و بەرەی خۆی پێ لە ئاو دەرهێنا. فارسیش هەر لەو سۆنگەوە ڕەشماڵیی نەتەوەیی خۆی پێ هەڵدا.

دیارە ئێمەی کوردیش زۆر کەسی ئاینیمان هەبووە کە بوونەتە سەرکردە و پێشەوای گەل و هەوڵیان داوە کاروانی گەل بگەیەننە سەر مەزڵی مەقسوود. بەڵام ئەوان دینیان نەکردە بەردەباز و زیاتر وەک کەسایەتیی نەتەوەیی هاتنە ڕێزی خەبات و هەوڵی خۆیان لەو بوارەوە خستەگەڕ. ئەوان ئەوەی بۆیان کرا کردیان و زۆربەشیان لەو ڕێگایەدا گیانیان دانا و بوونە هەوێنی خەباتەکانی دوای خۆیان. ئەو ڕێبەرە مەزنانە هەرچەندە نەیانتوانی هەموو لەمپەرەکانی سەر ڕێگای خەبات لابەرن، بەڵام بەریان بەتوانەوە و لەنێوچوونی زمان و کولتوورەکەمان گرت و کوردیان وەک پیرەدارێکی ئەستوور و بەپێز هێشتەوە.

ئێستاش کە دیسان گەلانیتر دینیان کردۆتەوە کەرەستەی دەسەڵاتی نەتەوەیی، کەچی بەداخەوە هەندێک کەسی لای خۆمان

**بانەمەری ٢٧٢٥**

بەجێی ئەوەی ببنە ڕێبواری ڕێگای کەسانێکی وەک، شێخ ڕەزای دەرسیم، شێخ سەعیدی پیران، پێشەوا قازی محەممەدی مەزن، شێخ عێزەددینی حوسەینی، ئیبنوئادەم، مەلای گەورەی کۆیە و مەلامحەممەدی ڕەبیعی، دەکەونە شوێن مرۆڤکوژانێکی وەک، ئوسامە بینلادەن و ئەبووبەکر بەغدادی و زەرقاوی و بەجێی ئاگاداری کردن لە سنووری باوباپیرانیان و یارمەتیدانی نەتەوەکەیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، پاڵ دەدەن بە دوژمنەوە و بە کونەکەی خۆیان دەوەڕن و بێڕێزی بە ئاڵا و خاک و بیری نەتەوەیی دەکەن.

ئێمەی کورد کە نەمانتوانی وەک ئەو گەلانەی دیکە کەڵک لەو بیروباوەڕە وەرگرین، خۆ ناشکرێت دەست لە کولتوور و داب و نەریت و زمان و خاکەکەمان بەردەین و پێشکەشی ئەو کەسانەیان بکەین کە چاوی تەماحیان بڕیوەتە ئەو سامانە مەزنەمان و بە خوێنی سەرمان توونین. یەکێک لەو بۆنە گرینگانەی بۆ کورد کە هێمای سەرهەڵدان و ژیانەوەیەو دەکرێ بکرێتە هێزی ڕاسان، نەورەۆزە. نەورۆز یەکێکە لە کۆنترین بۆنەکانی مرۆڤایەتی. کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی لەو ناوچەدا دەژی کە نەورۆزی تێدا جەژن دەگرن. نەورۆز بۆنەیەکی سروشتییە و فڕی بەسەر ئایین و باوەڕی بانسروشتییەوە نیە. کوردیش کە نەتەوەیەکی فرەڕەنگ و فرەئایینە، دەکرێ لەم بۆنە نەتەوەییە بەجوانی کەڵک وەرگرێت و ماڵی خۆی پێ ڕێک بخاتەوە.

لەم چەند ساڵانەی دوایەدا ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان ڕەنگ و بۆنێکی نوێیان بە خۆیانەوە گرتوە. ئەمڕۆژە تایبەتانە دەستی هەموو بیرە جیاوازەکان لە دەستی یەک دەنێت و لە ڕیزێکی تۆکمە و یەک دڵیدا یەکیان دەخات. لەڕاستیدا ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان خەریکە پیرۆزییەکی تایبەت وەردەگرن و بەشداریکردن لەو بۆنە پڕ لە شادییانەدا هەستێکی تابەت و هێزێکی بانسروشتی بە مرۆڤەکان دەبەخشێن.

دیاریکردنی نەورۆزەکان بەشێوەی جۆراوجۆر لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مۆرکێکی تایبەتی نەتەوەیی لێ دەدرێت و بەشداری تێداکردنی دەکاتە ئەرکێکی نەتەوەیی و پیرۆز. ئەم نەورۆزە، نەورۆزی ٢٧٢٥ ی کوردی کە لەلایەن ڕێخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە وەک " =نورۆزی خاکپۆشان" دیاری کرا. بەخۆشییەوە لەلایەن کۆمەلانی خەڵکی کوردستانەوە پێشوازییەکی بێوێنەی لێ کرا.

نەورۆزی خاکی پۆشانی ئەم ساڵ توانی ببێتە نەورۆزی یەکگرتن. لەم نەورۆزەدا یەکڕەنگی و یەکهەڵوێستی شەپۆلی دەدا. هەموو بەچاوی خۆیان کچان و کوڕان و ژنان و پیاوانی کوردپۆش و خاکپۆشیان دیت کە چۆن یەک دڵ و یەک هەڵوێست لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریان کرد و شانبەشانی یەک دەستی یەکتریان گرت و پێیان بە زەوی نیشتماندا کوتا و پەیمانی یەکبوونیان بەست. سووڕانەوەی کچان و کوڕانی جامانە بەدەست بە دەوری ئاگری سووری نەورۆزدا ئەو پەیامەی بە یاران و

## بانەمەری ٢٧٢٥

نەیارانی کورد دا کە ئێستاش زۆرن ئەو کەسانەی گیان و ژیانیان دەکەنەی قوربانی ئاو و خاکی وڵاتەکەیان و بۆ سەربەرزی گەلەکەیان لە بەخشینی هیچ شتێک درێغی ناکەن.
ئەوەی ئەم نەورۆزە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کردی بە دەیان ساڵ خەبات و، بەگرتنی سەدان فستیواڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە دەستبەر نەدەکرا. ئێستا ئەگەر چاوێک بە وێنە و ڤیدیۆی ئەو ڕێوڕەسمانەدا بخشێنین دەبینین کە زۆر بەزەحمەت دەکرێ شوێنەکانیان لە ڕووی ڕواڵەتیانەوە بناسینەوە و لێکیان هەڵوێرین. هەموویان بەیەک شێوە هەڵپەڕین - چەپی - زۆربەیای زۆریان جامانە و جلووبەرگی خاکیان لەبەردایە. دەنگی بژی نیشتمان و بژی کورد و بژی کوردستان لە هەموولایەکی ڕێوڕەسمەکاندا دەبیسترێن. ئەو دوو هێمایە ـ جلی خاکی و جامانە ـ درەوشاوەترین هێمای نێو داوەتەکانن. دیارە جلی خاکیپۆشی هێمای شۆڕشگێڕانی نەتەوەی کوردە و جامانە ڕەمزی نیشتمانپەروەری و خاک خۆشەویستییە.

ئەم نەورۆزە دوو پەیامی گرینگی بۆ خۆمان و بۆ نەیارەکانمان پێ بوو، یەکەم بۆ خۆمان کە ئەگەر بتوانین ببینە هێزێکی یەکگرتوو، ئەوە دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین و لەو پرشوبڵاوی و چەندبەرەکییە ڕزگارمان بێت. دووهەم بۆ دوژمنەکانمان کە ئێوە هەرچەندە هەوڵ بدەن و بتانەوێ بمانتوێننەوە، ئەوە ئێمەش دەزانین چۆنتان خەون و خەیاڵ لێ بشێوێنین و پیلانەکانتان لێ بکەینەوە بڵقی سەر ئاو.

نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزێکی پڕ لە هیوا بوو. لێوڕێژ بوو لە دیمەن و وێنەی دڵخۆشکەر و وزەبەخش. سەرلەبەری ئەو گۆڤەندانە شێعری ڕاپەڕین و سروودی یەکبوونیان دەچڕی. لەو هەڵپەکێیانەدا وانەی خەبات دەگوترایەوە و وزەی مانەوە دابەش دەکرا. زۆرجار دەسرەی سەرچۆپییەکان دەبوونە ئاڵای نەتەوەیی و گەڕی هەڵپەڕکەکان دەبوونە بەرەی جەنگ و بەرەنگاربوونەوە. ئەو پێیانەی بە سینگی خاکدا دەکێشران، واژۆی کوڕان و کچان و ژنان و پیاوانی گەڵ بوون و لە قەباڵەی نەتەوەیی کورد دەدران. ئەو قریوانەی لەکاتی هەڵپەڕیندا دەکێشران، نەعرەتەی دلێرانە بوون و دڵی داگیرکەرانیان وەلەرزە دێنا. بە دڵنیاییەوە ئەو پەیامەی لە هەناوی ئەو داوەتانەدا چەکەرەیان کرد، پەیامی یەکگرتن و مانەوەی کوردن و بەڵێنی دەست لە ناو یەک نانی هەموو زارەوە و ئایین و ئایینزاکانی ئەم گەلەیە. دەبێ لە کۆتاییشدا ئەوە بگوترێت. هەرچەندە هەندێک دەستە و تاقم بەنێوی جۆراوجۆر کە زیاتر لە نێونیتکە دەچوون، ویستیان درز بخەنە ڕیزی یەکگرتنەکەوە و شادییەکان بەرەو ئاقاری دڵخوازی خۆیان بەرن، بەڵام بە خۆشییەوە بەهۆی دڵفراوانی و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی پێکهێنەرانی بیرۆکەی نەورۆزی خاکیپۆشان ئەوانیش هیچیان لەدەست نەهات و لە کۆتاییدا ئەوەی سەرکەوت هەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بوو.

ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# لە ژینای کوردستانەوە هەتا عومان و پێنووس دزەکە!



کاوە سندووسی

لەم ساڵانەی دواییدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی نێوخۆیی و ئاڵنگاریی هەرێمی بووەتەوە، کە هەر یەکێکیان بە تەنیا توانای دروستکردنی گۆڕانکاریی بەرفراوانیان لە سیاسەت و تەناهی نیشتمانییدا هەبووە و هەیە.

لێرەدا بە کورتی چوار فاکتەری گرنگی بزووتنەوەی ژینا، هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر، سڕینەوەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی "میحوەری مقاوەمەت" و دانوستانە بەپەلەکانی ئێران و ئەمریکا بە کورتی دەخەینە بەر سەرنج.

## بزووتنەوەی ژینا، سەرەتای کۆتاییەک

دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ (١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢)، بەرفراوانترین خۆپێشاندانە

سەرتاسەرییەکانی چەند دەیەی ڕابردوو لە ئێران و کوردستان سەریانهەڵدا. بەپێچەوانەی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی پێشوو کە زۆرتر بەهۆکاری ئابووری یان پیشەیی بوون، ئەم بزووتنەوەیە ماهییەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوو و بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە داوای گۆڕانکاریی بنەڕەتییان دەکرد.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک هێمای ئەم بزووتنەوەیە هاوسۆزیی جیهانی لەگەڵ خۆیدا هێنا و وەک پەیامێکی بەرۆژ لە هەموو کۆڵان و شەقامێک دەزرینگایەوە. هەرچەندە خۆپێشاندانەکان بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کران و حکوومەتی ئێران بە کوشتنی سەدان کەس، دەستبەسەرکردن و برینداركردنی هەزاران کەسی دیکە، هەوڵی دا نکۆڵی لە کوشتنی ژینا بکات، بەڵام کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە پتربوونی ناڕەزایەتیی گشتی، لاوازکردنی شەرعیەتی ڕێژێم و دروستکردنی گوشار لەسەر پێکهاتەی سیاسیی وڵات، زیاتر لە هەر کاتێکی تر ئەمڕۆ ڕوون و بەرچاوە.

## ٧ی ئۆکتۆبەر یان گڕ لە خەرمانی خۆیی

لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣دا، هێرشی بەربڵاوی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و دەستپێکردنی شەڕی خوێناوی لە غەززە، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێران وەک پشتیوانی سەرەکیی تەوەری بەناو بەرگری، هەرچەندە ڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕەکەی نەکرد، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکیی لە دروستکردن و بەڕێوەبردنی ئەم هێرشە دڕندانە و تیرۆریستییەدا هەبوو.
لەگەڵ توندبوونەوەی پێکدادانەکان، گرووپە جێگرەوەکان لە لوبنان، عێراق، یەمەن و سووریەوە بە شێوازی جۆراوجۆر هاتنە نێو گۆڕەپانەکە. ئەمە نیگەرانییەکانی لەبارەی پەرەسەندنی شەڕ و ئەگەری هاتنەناوەوەی ڕاستەوخۆی ئێران زیاتر کرد. لە وەڵامدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە ناوچەکە بەهێزتر کرد و هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ ڕێگریکردن لە شەڕێکی گشتگیر چڕتر بوونەوە. بەڵام شەڕی غەزە، ئێرانی خستە دۆخێکی ئاڵۆزەوە؛ لە لایەکەوە پابەندبوون بە میحوەری مقاوەمەت و لە لایەکی ترەوە، ڕەچاوکردنی بارودۆخی نێوخۆیی و ئابووری، لەوانە نەبوونی شەرعیەتی ڕێژێم و سستیی ئابووریی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ناڕەزایەتی تەنانەت لەنێو خودییەکانی ڕێژێمیشدا، بەرپرسانی تارانی گەیاندە ئەو بیرکردنەوەیەی چیتر ئەو ماڵە شووشەییە (بەیت) پارێزراو نییە.

## تیرۆرەکان پەیامێکی ڕوونیان هەبوو

هێرشە ئاسمانییەکانی ساڵێک لەمەوبەری ئیسرائیل بۆ سەر دیمەشق (واتە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا)، سەرەڕای پەیامی

ڕاستەوخۆ بۆ حەماس، هەڵگری هۆشدارییەک بوو بۆ ئێران و حیزبوڵڵا. هەرچەندە هەتا ئەوکاتە لوبنان و حەسەن نەسروڵڵا نەکرابوونە ئامانجی تێرۆر، بەڵام خەستبوونی ئۆپەراسیۆنە ئامانجدارەکانی ئیسرائیل نیشاندەری گۆڕینی تاکتیکی ئەو وڵاتە بوو لە لێدان لە سەرکردایەتیی گرووپەکانی دژبەری کە خۆیان بە تەوەری بەرگری دادەنا.

ئەم ڕووداوانە ئاڵۆزییەکانیان بردە ئاستێکی نوێ و کاردانەوەی توندی گرووپەکانی تەوەری بەرگریی لێ کەوتەوە. بۆ ئێرانیش، ئەم پێشهاتانە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە سەیر کران و تووڕەیی باڵی توندڕەوە نێوخۆییەکانی دوو هێندە زیاتر کرد و هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات خۆی لە چوونە نێو شەڕێکی ڕاستەوخۆ بەدوور بگرێت. شتێک کە هەتا ئەمڕۆ بووەتە هۆی ئەوەی ئێران هەموو توانای دیپلۆماسی خۆی بخاتەگەڕ، تا ئەو ڕادەیەی ئێران تەنانەت ناچار بووە پەنا بباتە بەر زمانی "پێنووس دزەکە" وەک کەسایەتییەکی دیپلۆماتکار!

## وتووێژ یان دیپلۆماسیی "هەر شەقە و بێ نانێک"

کورد قسەیەکی هەیە دەڵێت: "شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێیە"؛ بەدوای گوشارە ئابوورییە بێوێنەکان، ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکان و ئەگەری پەرەسەندنی شەڕ و ئاڵۆزی، ئێران بەپێچەوانەی ویستی خۆی ناچار بووە پەنا بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا ببات. هەرچەندە دانوستانەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی کۆمەڵێک نێوبژیوانکار کە لە مەترسیی شەڕ بۆ سەر خۆشیان نیگەرانن، بەڕێوە دەچن؛ بەڵام ئێران، کە پێشتر ڕێبازێکی هێرشبەرانەی لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەبوو، ئێستا بەدوای کەمکردنەوەی گرژییەکان، ئازادکردنی سەرچاوە داراییەکان، فرۆشتنی نەوت و هەروەها کەمکردنەوەی گوشارە نێوخۆییەکاندایە. ئەم وەرچەرخانە، هەرچەندە بە ئاشکرا ڕاناگەیەندرێت، بەڵام بە ڕوونی لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت و خودی خامنەییدا بەدی دەکرێت. ئەمریکاش خوازیارە گرژییەکان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام نەک بە نرخی کات کوشتن، هەروەک چۆن ترامپ خۆی باسی لێوە کردوە.

## وەرچەرخانێکی مێژوویی یان ڕووخان؟

تێکەڵ و دەرەنجامی ئەم فاکتەرانە، ئێرانی خستووەتە قۆناغێکی قەیراناوی بەڵام هەلڕەخسێنیش. لە لایەکەوە، گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان دەتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی ڕێژیم بەرامبەر بە کۆمەڵگە و جیهان و لە لایەکی ترەوە، بەردەوامبوونی سیاسەتە نالۆژیکییەکان دەتوانێت وڵات و خەڵک بەرەو گۆشەگیری و تێوەگلانی زیاتر و داهاتوویەکی ناڕوون ببات.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

**کۆماری ئیسلامی له قۆناغێکی هەستیاری مێژووییدایه که دەتوانێت چارەنووسی نەتەوەکانی ئەم جوگرافیا ساختەیه دیاری بکات. ئایا مێژوو ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و ڕۆژئاواییەکانی بەناو جیهانی ئازاد لەگەڵ خەڵکدا دەبن، یان دیسانەوه وەک باووکالیان لەگەڵ حکومەتی مەلاکاندا دەسازێن؟**

**١ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

---



سەرچاوە Serchawe

# ڕاخوشینی ئەستێرەی بەند و گۆرانی کوردی لە ئاسمانی هونەری میللی دا



**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٠ . ٠٤ . ٢٠٢٥ ی زائینی هونەرمەندی میللی، هونەرمەندی بەند و گۆرانی ڕەسەنی کوردی ، گۆرانیبێژی لێزان و بە توانا و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کاک سەید عەلی ڕەحیمپوور ناسراو بە "سەید عەلی سەردەشتی" بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی لە وڵاتی سوئێد کۆچی دوایی کرد.

هونەرمەند سەید عەلی سەردەشتی لە بنەماڵەیەکی باوەڕمەند بە ئایینی ئیسلام لە گوندی قۆزولوێی گەورە لە ناوچەی مەهاباد لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە دایک بووە و سەردەمی مێرمنداڵی و گەنجی خۆی لە تەنیشت بنەماڵەکەی تێپەر کردووە. کاک سەید عەلی لە تەمەنی ٢٦ ساڵی دا بۆ ژیان دێتە ناوچەی سەردەشت و هەر لەوێ ژیانی هاوبەش پێکدێنێ و دواتر ژیانی خۆی لە تەنیشت خزمانی بە کار و کاسبی تێپەڕ دەکا.

سەید عەلی سەردەشتی هەر لە منداڵیەوە ئۆگری بەیت و حەیران و بەند و گۆرانی بووە و هەر بۆیەش زۆر زوو خۆی لە نێو دونیای گۆرانی و بەند دا دەبینێتەوە و بە هۆی دەنگخۆشی و شارەزایی لە گووتنی بەند و گۆرانی دا دەبێتە، یەکێک لە بەندبێژانی سەردەمی خۆی و بە هۆی گۆرانییەکانی زۆر زوو ناوبانگ دەر دەکا و بە کارە هونەرییەکانی و بە ئاکار و خوو و ڕەوشتی بەرزی دەبێتە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەی سەردەشت و دەوروبەری.

هونەرمەند سەید عەلی بە هۆی ئەوە تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵک هەبووە، توانیویەتی لە بواری جۆراوجۆر دا سرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، لە باری ئیسلامییەوە کەسێکی باوەڕمەند بە ئایینەوە بووە، لە بواری کۆمەڵایەتییەوە کەسایەتییەکی خۆشناو و جێگەی متمانەی خەڵک بووە، لە بواری هونەرییەوە ڕەچەشکێن و پێشرەو و جوانبێژ و خۆشخوانێکی بە دەنگ و بە چریکە بووە، لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی خەڵک ژیاوە و لە شینگا و لە شایی خەڵکدا بە دڵەوە بەشداری کردووە ، بەرێزیان ڕووح و ڕەوان و هەڵسوکەوتی خەڵکی ناوچە و کوردستانی لە باری کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە ناسیوە، هەر بۆیەش هەوڵی داوە کە بە گووتنی بەند و چڕینی حەیران بچێتە نێو دڵی خەڵکی ناوچە و باس لە ئازار و دەرد و خەمی گەلەکەی بکا.

کاک سەید عەلی مرۆڤێکی سەنگین و جێگەی متمانەی گشت لایەک بووە، بۆ کاری هونەری گەرمێن و کوێستان گەڕاوە و چۆتە نێو شار و گوند و مووچە و مەزرا و هەوار و کوێستانەکانی کوردستان و لەگەڵ گەورەپیاو و ناسیاوانی کورد، لەگەڵ شێخ و مەلا و خەڵکی کاسبکار، جوتیار و پاڵە و بە گشتی لەگەڵ گەنج و پیر و لاوی کورد، لەگەڵ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هەستان و دانیشتنی هەبووە.

بە هۆی گەڕان بە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان دا ئاشنایەتی لەگەڵ شۆڕشگێڕان و کەسایەتییە دیارەکان پەیدا کردووە، هەوڵی داوە کە لەگەڵ چینی دەسکورتی کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر هەستان و دانیشتنی هەبێ.

ئەگەر بە یەکەوە سەفەرێک بە نێو پانتایی بەیت و گۆرانی و حەیرانەکانی کاک سەید عەلی دا بکەین، لە یەکەم هەنگاو دا بۆمان دەردەکەوێ کە بەڕێزیان تواناییەکی هونەری لە رادەبەدەری لە شێوەی گووتن دا هەبووە و شارەزایی بە سەر چۆنیەتی دەنگ هەڵبڕین و بەرزی و نزمی و دواتریش ڕێکخستنی بە قافییەی بەندەکانی هەبووە، هونەرمەند سەید عەلی ساحەب ڕێچکەیەکی هونەری تایبەت بە خۆی بووە و لاسای هونەرمەندانی پێش خۆی نەکردۆتەوە، بەڵکوو هەوڵی داوە کە بە گۆرانییەکانی ئاوێنەی باڵانوێنی جوانییەکان و تەنانەت شادی و خەمەکانی خەڵک نیشان بدا، حەیرانەکانی بە ئەدەبیاتێکی تەواو خۆماڵیانە چڕیون و بە گشتی پڕ لە وشەی هەست بزوێن و ئاشقانە و نیشتمانپەروەرانە بوون، بەشی

زۆری حەیرانەکان و گۆرانییەکانیش هۆنینەوەی هەست و سۆزی خۆی بوون.

شارەزایی هونەرمەند سەید عەلی بە سەر حەیران دا تەنیا دەنگ هەڵبڕین و گوتن نەبوو، بەڵکوو ناوبراو شارەزایەکی زۆری لە سەر پانتای جوغرافیای ناوچەی موکریان و هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گوند و ئاوایی و شاخ و دەشت و کوێستانەکانی ناوچەکەدا هەبوو، هەر بۆیەش لە حەیرانەکانی دا وێرای پێهەڵگووتن بە بەژن و باڵای نازدار حەیران و وەسفی سوارچاکی کوڕە حەیران، هاوکات باسی لە سرووشتی ڕەنگین و جوانی کوردستان کردووە و لە کاتی گووتن دا سەفەرێکی خۆش و بلاوێنی بە پێدەشت و دۆڵ و بنار و بەرزایی ناوچەدا پێدەکردی. حەیرانەکانی هەڵگری جوانی و ناسکی دڵدارەکان، بەسەرهاتی لێکدابڕانی ئاشقانی بە یەک نەگەیشتوو و لاواندنەوەی سەربردەی دوور و درێژی سوارچاکی هەڵەنگوتووی مەیدانی ڕمبازێنی نێو داستانە حەماسەییەکان بوون.

هونەرمەند سەید عەلی لە ماوەی نزیک بە ٧٠ ساڵ کاری هونەری دا لەگەڵ زۆر هونەرمەندی بە ناوبانگ گۆرانی گوتووە، کە دیارترینیان هونەرمەندان، حەسەن زیرەک، مامڵێ، عەلی خەندان، کەریم کابان و زۆرێکی دیکەی وەک نەمران قادر مامەندی و سمایل سەردەشتین، لە ماوەی کاری هونەری دا لە هەزاران کۆڕ و شایی و زەماوەند و دانیشتنی هونەری دا بەشداری کردووە و بە سەدان بەند و گۆرانی و حەیران و بەیتی دوور و درێژی گوتوون، ئەوەی کاک سەید عەلی لە هونەرمەندانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە سەری بە سەر کاغەز و لاپەڕەی نووسراوە دا نەگرتووە و لە ناخی دڵیەوە، بە لێزانی و زاڵبوون بە سەر وشەی پاراوی کوردیدا ، خۆڕسک و خۆماڵیانە و زۆریش وەستایانە وەک خشتی دیوارێک، بەندەکانی بە ڕێک و پێکی لە سەر یەکی داناون و کردوونی بە شاکاری گۆرانی ڕەسەنی کوردی. لە دەربڕینی وشە و هەست و سۆزی نێوان کوڕ و کچ و ژن و پیاو دا ترسی لە هیچ کەس نەبووە، هەر بۆیە وێرای ڕێز گرتن لە بەشدارانی کۆڕە هونەرییەکانی، لە ئاست جوانی ژن و کەزیە و سینگ و مەمی ژن دا گەلێک بەندی جوانی گوتوون کە ئێستاش بەندبێژانی گەنجی تازە پێگەیشتووە خەریکی گووتنەوەی ئەو شاکارە هونەرییانەی کاک سەید عەلی سەردەشتین.

ئەگەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باسکردن لە بەرۆک و سینگ و مەم، لە بەلەک و کەزیە و پرچی ژن، لە ڕووخسار و سیما، لە لێوی ئاڵ و قەیتانی، لە چاوی بە خومار و لە کوڵمەی سوور و گەردنی زەردی ژن بڤە و لۆمەیە، ئەوە لە داڕشتنی بەندەکانی کاک سەید عەلی دا وێرای ڕازاندنەوە و جوان داڕشتنیان لە گووتن دا، هاوکات جوانییەکی دیکەی بە بەژن و باڵای ژن داوە و بۆتە وێردی سەر زمانی گشت توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و بە پیر و گەنج و ژن و پیاو و کوڕ و کچ، گەڕی شایی و ڕەشبەڵەکی پێدەگرن و پێی هەڵدەپەڕن و دەیڵێننەوە.

ئەگەرچی گۆرانی‌یەکانی یەکجار زۆرن و ناتوانین گوڵبژێریان بکەین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ تەنیا وەک ئاماژە چەند گۆرانییەک هەڵبژێرین.

گۆرانییەکانی "زبێدە، زولێخا، هاجەرێ، ئامێنێ و پەروین" کە هەر هەموویان لە وەسفی جوانی کیژانی گەڕی شایی و زەماوەند بە حازربێژی گوتوونی.

لە وەسفی بەهاری کوردەواری دا گۆرانی" مزگێنی بێ بەهارە"، شاکارێکی هونەریی پڕ لە جوانی کوردستانە کە لەودا قاسپەی کەو و جریوی بولبول و بۆن و بەرامەی گوڵ و گیای کوردستان دەکاتە سوژەی گۆرانی و لە گەردنی یاری دائاڵێنێ. لە بە ناموراد گەیشتنی خۆی و دڵدار دا ، گۆرانی" ئەمشەو خەونێکم دیوە "وەک داڕشتنێکی تەواو پڕ لە جوانی و لە کولتور و لە هەڵسوکەوتی دادەڕێژێ و وێڕای جوان داڕشتنی بۆ مەرامی خەونەکەی دەچێتە خزمەت چاو هەڵو و خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە بە ڕاستی و بە بێ درۆ، هەر بۆیەش چاو هەڵۆ کە یاری جوانییەتی لە خەونەکەی دا دەڵێ: وەڵلاهی ئەمنیش ئەو خەونەم دیوە ئەو شەو.

دیارە کۆمەڵێک گۆرانی ڕەسەن و جوانی کوردی دیکەی وەک؛

- لادە تو خوا لادە بۆ ماڵی ئێمە،
- دابێنە دەی،
- ئارامی دڵانم،
- بەناز دەڕوا پەروین،
- جەرگت بریم هاجەرێ،
- ڕێگام کوێستانە،
- دووری تۆ"،

هەن کە کاتی خۆی بە تەپڵ و توزەلە و یا نایە گوتراون و بە بێ ئەوەی لە ستۆدیۆ تۆمار کرابن بوونە یادگاری هەمیشەیی و تا ئەبەد دەمێننەوە و دواتریش کە ئامێری کارەبایی هاتوون بەشێک لە گۆرانییەکانی گوتوونەوە و یا بڵێین نوێ کردوونەوە.

بەیتی "ئاسۆس، ئاشی ڕەبەت ، عیسا و مووسا" و چەندین بەیتی دیکە دارێژراو و بەرهەمی هونەرمەند سەید عەلی



سەرچاوە
Serchawe

سەردەشتین کە هەر کام لەو بەیتانە سەربردەی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەکرێ وەک سوژەی فیلم لە داهاتووشدا کاریان لە سەر بکرێ.

گۆرانییەکانی هونەرمەند سەید عەلی بوونە گۆرانی و موڵکی گشتی و گەلێک گۆرانیبێژ و بەند بێژ گۆرانییەکانیان گوتوونەوە، هونەرمەندانی نەمر قادر مامەندی، سمایل سەردەشتی، توانیوویانە تا ڕادەیەک بە ڕێچکەی بەڕێزیان دا بڕۆن و ئێستاش هەندیک لە گۆرانیبێژانی دیکەی کورد لە سەر ڕێچکەی نەمر کاک سەید عەلی گۆرانی دەڵێن.

هونەرمەند سەید عەلی تا کۆتایی تەمەن و لە زۆربەی دانیشتن و دەرکەوتنەکانی دا لە خۆشی و شادی خەڵکدا، وەک مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی بەرز دەرکەوت و لە دانیشتنەکانی دا بە شانازیەوە باسی لە هونەر و لە هاوڕێ و هاوکارەکانی کردووە و هانی گەنج و لاوانی داوە کە ڕێگەی هونەر و موزیکی کوردی درێژە پێبدەن و بە سەدان کەسی لە سەر دەستی خۆی و بە ڕێنوێنی خۆی فێری گۆرانی و بەند کردوون، بێشک خزمەتەکانی چ لە بواری هونەری و چ لە بواری پاراستنی کولتوری ڕەسەنی کوردی و وشەی جوان و نیشتمانپەروەرانە دا هەردەم بە زیندوویی دەمێننەوە و بە گشتی گۆرانی و بەند و حەیرانەکانی بۆ هەتا هەتایە و سینگ بە سینگ دەگوترێنەوە.

لە کۆتایی دا هیوادارم کە لایەنگران و ئەویندارانی دەنگی هونەرمەند سەید عەلی سەردەشتی و دڵسۆزان بتوانن گۆرانی و حەیرانەکانی کە ئێستا لە توێی چەند کتێبێک دا بە هیممەتی کاک ڕەحیمی کوڕی کۆکراونەوە بپارێزن و بەم چەشنە ڕێز لە خزمەتە هونەرییەکانی بگرن و خوازیارانی هونەری میللی کەڵک لە بەند و گۆرانی و شێعر و دەنگی وەر بگرن.

**لە دوایین دێرم دا، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە نەمرەی گەلەکەمان سەرەخۆشی لە ئەندامانی بەریزی بنەماڵەکەی، لە کوڕ و کچ و نەوە و زاواکانی و لە ئەویندارانی دەنگی هونەرمەند سەید عەلی و گشت هونەرمەندانی کوردستان و خەڵکی ناوچەی سەردەشت و دەوروبەری و کوردستان بە گشتی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەو مەزنە هونەرمەندەی کورد و کوردستان دەزانم.**

**رووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.**

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

# لە نەورۆزی کوردستانەوە تا پێنووسی عومان



**(شرۆڤەیەک لەسەر ئاڵۆزکردنی ناسنامە، داگیرکردنی هێماکان و دزیی چاندی)**

**سەربەست نورمیە**

## پێشەکی

داگیرکاریی ئێستا لە ڕێگای هێزی لەشکری و دانانی سنووری سیاسیدا تێناپەڕێت، ئەویش هەر وەکوو مۆدێرنیزمی هاوچەرخ هەنگاوی بالاتری ناوە و لە ئاستێکی بەرفراوانتر و لە فۆڕمی"داگیرکاریی چاندی" خۆی دەنوێنێت. ئامانجی داگیرکاریی مۆدێڕن تەنیا خاک و خوێنی گەلان نیە، بەڵکوو بیر و هز ، مێژوو و زمان و بە گشتی هێما نەتەوەییەکانی بە ئامانج گرتوە. لە داگیرکردنی سەما و جلوبەرگی نەریتییەوە بگرە تا ئاڵۆزکردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی جەژنەکان و دەستبەسەرداگرتنی هێما سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی دیکە. داگیرکاریی چاندی هەم بەرهەم و هەم ئامانجی پێواژووی داگیرکاریی مۆدێڕنە.

هەوڵی سیستماتیک بۆ لەنێوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەورۆزی کوردستان و دزینی پێنووسی دانوستانەکانی ناڕاستەوخۆی ڕێژیمی ئێران و ئەمریکا لە عومان لە لایەن کازم غەریب ئابادی، جێگری وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێرانەوە، دوو نموونە لە پێواژۆی داگیرکاریی مۆدێڕنن کە بوونەتە مژاری ڕۆژەڤی گشتی و جێی سەرنجن. لە ڕوانینێکی ساویلکەدا ڕەنگە ئەم دوو نموونەیە بەیەکەوە گرێ نەدرن، بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە هەردووکیان بەرهەمی لۆژیکێکی هاوبەشن: خاوەندارێتی بەبێ داهێنان، ڕاگەیاندنی بێ بناغە و میراتگریی بێ نەسەب.

## نەورۆز؛ جەژنێکی نەریتی یان بنەمایەکی پێناسەی شارستانی؟

جەژنی نەورۆز کە یەکێکە لە کۆنترین جەژنە ناسراوەکانی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، لە چیاکانی زاگرۆسەوە سەرچاوە دەگرێت و هەڵقوڵاوی سروشت و بیر و هزری زاگرۆسنشینانە. هەرچەندە لە چیرۆکە بێبنەماکانی شانامەی فیردەوسیدا هەوڵی شێواندنی بنەما و ڕوخساری دراوە، بەڵام نەورۆز لە بنەڕەتدا ڕاگەیاندراوی شارستانیەت و هێمایی سەرەکیی و بنەمای پێناسەی شوناسی نەتەوەیەکە، کە سەرەڕای زەخت و سەرکوت و سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و هەوڵە بەردەوامەکان بۆ بێ نێوەڕۆککردنی، بووە بە هێمای وشیاری و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە بەرامبەر داگیرکەردا.

## پێواژۆی شێواندن و بە بارمتەگرتنی نەورۆز

هەرچەند جەژنی نەورۆز لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وەکوو "جەژنی نەتەوەیی" ناسێندراوە، بەڵام لە پێناسەی فەرمیی ڕێژیمدا لە ناسنامەی ڕاستەقینەی نەتەوەیی و سەرزەمینیی خۆی خاڵی کراوەتەوە و شکۆیەکی فریودەرانەیی حکوومەتی پێ بەخشراوە. لە زاگرۆس هەتیو و لە و کوردستانیبوونیش بێبەش کراوە. ئەم دزی و داگیرکارییە، واتە دەستبەسەرداگرتن و بە بارمتەگرتنی نەورۆز و ڕێگری لە گەشەکردنی زمان و هێما نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بە فەرمانی حکوومەتی لە میدیای گشتیی ڕێژیم و لە چوارچێوە و ناوەرۆکی چەندین بەرنامەی بێ نێوەڕۆک و بێ واتادا، ئیزن پێ دراوە و ڕێکخستنێکی بەرینی بۆ کراوە و دەکرێت.

لۆژیکی داگیرکاریی چاندی لە کاتێکدا رووخساری ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات، کە لە ماوەی بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ٨٠٠ ڕۆشنبیر و مێژوونووسی ئێرانی هۆشداریی مەترسییەکی بە ڕای ئەوان جیددی و گەورە بە ڕێژیم دەدەن. بە بۆچوونی ئەوان، پێشوازی کردنی نەورۆز لە کوردستان و لە بەرانبەردا بێدەنگی نواندنی ڕێژیم، هەڕەشە لە ئاسایش و یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران دەکات و شوناسێکی جیاواز و ناوچەیی دروست دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

له ڕوانگەی ئەوانەوە نەورۆز لە جەژنێکی گەورەی نەتەوەیی ئێرانەوە بۆ ئاهەنگێکی بچووکی قەومی، خێڵەکی و ناوچەیی گۆڕاوە.

## لە ئاگری نەورۆزی کوردییەوە تا دەگاتە نووسینی عومان؛ بیرۆکەیەک و ڕێبازێک

لە یەکەمین وتووێژی ناڕاستەوخۆی نێوان ڕێژیمی ئێران و ئەمریکا لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا، کازم غەریب ئابادی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، لە هەنگاوێکی ناشارستانیدا، پێنووسێکی دزی و لەگەڵ خۆی هێنایە تاران. ئەم کردەوەیە بە خێرایی لە میدیا جیهانییەکاندا ئیدانە کرا، بەڵام لەلایەن میدیا توندڕەوەکانی ڕێژیمەوە لە نێخۆی ئێراندا بە "شانازیی نەتەوەیی" لەقاو درا. لێرەدا ئەوەی چاوپۆشی لێ کرا فەلسەفەی شاراوە لە پشت ئەم کردارە بوو: بە بارمتەگرتنی هێماکان بەبێ هەبوونی ڕۆڵی ڕاستەقینە لە پێواژۆی بەرهەمهێنانیاندا.

غەریب ئابادی، نە ئەندامی سەرەکیی شاندی دانوستانکار بوو و نە ڕۆڵی بەرچاوی لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو. بەڵام بە دزینی پێنووسەکە، نهێنییەکی گرنگی ئاشکرا کرد: "ئەگەر هێزی چەواشە و ئاساییکردنەوەت لە پشت بوو، دەتوانی ببیە خاوەنی هەر هەموو شتێک". وەکوو ئەوەی چۆن نەورۆز لە گەلی کورد دەدزرێت، لە بەر ئەوەی میدیا، دەسەڵات و دامەزراوە فەرمییە حکوومەتییەکانیان لە پشتە.

## داگیرکاریی چاندی؛ خاوەندارێتی بەبێ داهێنان

داگیرکاری چاندی ڕێگای توندوتیژی ناگرێتەبەر. بەڵکوو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی میدیا، دووبارە نووسین و چەواشە کردنی مێژوو و تواندنەوەی زمان و چاندە نەتەوەییەکاندا سەرکەوێت. بەم شێوەیە کولتووری داگیرکەر دەبێتە خاوەنی شتێک کە خۆی بەرهەمی نەهێناوە.

دزینی نەورۆزی کوردی نموونەیەکی ڕوونی ئەم پێواژۆیەیە. هەروەکوو چۆن پێنووسی وتووێژەکانی عومان بەرهەم و داهێنانی غەریبئابادی نەبوو ، جەژنی نەورۆزیش بەرهەمی ئایدۆلۆژیای ئایینی ڕێژیمی ئێران نیە، هەر بۆیە ناتوانێت بە گێڕانەوەی چیرۆکی پووچ و بێ بنەما ، پێناسەی فاشیزمی ئێرانی لە چەشنی ڕۆشنبیرانی واژووکاری ئەم داخوویانییە، بە سەردا بیسەپێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

## دەرەنجام: ڕاستی نادزرێت

هەم نەورۆزی کوردستان و هەم پێنووسی عومان دوو هێمان. یەکێکیان هێمایی مێژوویی و پێناسەی شوناسی نەتەوەییە، ئەوی دیکەیان هێمای دیپلۆماسیی جیهانییە. بەڵام ڕێچکە و ڕاستییەکی هاوبەش لە هەردووکیاندا بە دی دەکرێت: "هێمای بێ بناغە تەنها ئامرازی دەستە." هەروەکوو چۆن پێنووسەکە ئەگەر هیچ ڕۆڵێکی لە واژۆکردنی دانوستانەکاندا نەبووبێت، تەنیا پێنووسە، نەورۆزیش ئەگەر ناسنامەیی نەتەوەیی و کوردستانی بوونی لێی وەربگیرێت، تەنیا ڕۆژێکە لە ڕۆژژمێری ساڵانەدا.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

## ئەی ویلایەتی فەقێ؟!



**ئاسۆ مینبەری**

ئەگەرچی ڕاستییە تاڵەکان لە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەت لە چوارچێوە و سەردەمی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرن و زۆر جایش باسیان لێ کراوە، بەڵام کۆمەڵێک ڕاستیی تاڵ هەن کە نەک تەنیا ئێستا بەڵکوو لە دوای ڕووخان و نەمانی ئەم دەسەڵاتەش هەر دەبێ باسیان بکرێ و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانیان کە وەکوو ترۆما کۆمەڵگەیان گرتووەتەوە، بکەونە بەر لێکدانەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. یەکێک لەم پرسانە کە لە چوارچێوەی وێستگەی ئەمجارەدا ئەکرێ باسی لێ بکرێ، پرسی ئابووری و سەربەخۆیی ئابووریی ژنانە! لە ڕاستیدا پرسی ژن خۆی پرسێکی زۆر ئاڵۆزە و لە هەمان کاتیشدا پرسێکە کە لایەنی جیاوازیش لەخۆ ئەگرێت و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ئەکرێ لێکدانەوەی بۆ بکرێ و کاری لەسەر بکرێ.

ئەوەی کە هەوێنی نووسینی ئەم وتارەیە، بڵاوبوونەوەی فایلێکە لە چەند قسەیەکی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی خاکەلێوەی ئەمساڵ لە چەند ماڵپەڕ و پلاتفۆرمی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو کرایەوە. لەم فایلەدا

خامنەیی سیستەمی سەرمایەداری دەکاتە کاکڵەی قسەکەی و دەڵێ: "لە نیزامی سەرمایەداریدا بە دوو شێوە کەڵکئاوەژوو لە ژنان وەردەگیرێ، یەکێکیان سەبارەت بە خودی کار، ئەمە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانە کە مووچەی ژن هەر ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاواییدا، بۆ کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان، کەمتر لە پیاوانە. چونکە ژن لاوازترە و ئاسانتر ئەچێتە ژێر باری ستەم"!

خامنەیی لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بە سەدەی نۆزدەیەم و پرسی ئازادیی ژنان دەکات و دەڵێ: "هۆکاری ئەوەی کە لە سەدەی ١٩دا پرسی ئازادیی ژن هاتە گۆڕێ، بۆ ئەوە بوو کە ژن لە ماڵەکان بکێشنە دەرەوە و بیانبەن بۆ کارخانەکان و بە مووچەی کەمتر کەڵکیان لێ وەربگرن".

سەرنجێکی وردی بەشی دووهەمی قسەکانی خامنەیی، نیشاندەری قووڵیی قەیرانی نەزانییە، ئەویش لە ڕێبەری دەسەڵاتێکدا کە خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دەزانێ، خامنەیی پاش ئەم هەموو گەشەیە لە دنیادا لە بوارە جیاوازەکان، هێشتا نازانێ کە خەباتی ژن کە سەدەکانی ڕابردوودا، چۆن دەستی پێ کردوە و بە چ قۆناغگەلێکدا تێپەڕیوە تاکوو ژن لە کۆیلایەتی بێتە دەرێ و وەک مرۆڤێک خۆی لە ئاستی کۆمەڵگەدا و لە بوارە جیاوازەکان و یەک لەوان بواری ئابووریدا ببینێتەوە.

خامنەیی لە کاتێکدا باس لە کەمبوونی مووچەی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی دەکات کە لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، ژنان نە تەنیا نیوەی پیاوان مووچە وەردەگرن بەڵکوو لە حاڵەتگەلێکی دڵتەزێندا، بۆ دابینکردنی نانی شەویان گیردۆدەی دیاردەی لەشفرۆشی دەبن و بۆ تێرکردنی زکی برسیی خۆیان و بنەماڵەکانیان مامەلە سەر کەرامەت و مرۆڤایەتیی خۆیان دەکەن. لەلایەکی ترەوە، زۆربەی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان و بە چوونەسەری نرخی دۆلار، ژیانیان لەوپەڕی خراپیدایە بە ڕادەیەک کە ڕێژەی خۆکوژیی هاووڵاتییان بەتایبەت لاوان و مێرمنداڵان و ژنان گەیشتووەتا ئاستی قەیران.
وەک دەڵێن باشترین بەرگری هێرشە، خامنەییش بە هێرشکردنە سەر سیستەمی سەرمایەداری، هەوڵ دەدات تاکوو بەرگرییەکی قارەمانانە لە دەسەڵاتە نگریسەکەی خۆی بکات. ئەم بەرگرییە لە کاتێکدایە کە ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا، وەکوو ڕەگەزی دووهەم دەناسرێن، دەرفەتی یەکسانی کاریان پێ نادرێت، لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت فەرهەنگی و پەروەردەییدا پەراوێز دەخرێن و قەت وەک بوونەوەرێکی سەربەستی خاوەن ئیرادە و کەسایەتی حیسابیان بۆ ناکرێ.

ئەمە بە مانای بەگریکردن لە سیستەمی سەرمایەداری نیە، چونکە ئەویش ئەتوانێ وەک هەر سیستەمێکی سیاسیی دیکە

**بانەمەری ٢٧٢٥**

ڕەخنەی لەسەر بێت و خاڵی لاوازی هەبێت کە بە قازانجی کۆمەڵگەیەک نەبێ، بەڵام پرسی سەرەکی لێرە ئەوەیە کە ڕێبەرانی ڕێژیم ڕەخنە لە سیستەمێکی لەم چەشنە دەگرن بەڵام لاوازی و قەیرانەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆیان نابینن!

لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا، نیزامی ویلایەتی فەقێ، لەوپەڕی دڕندەییدا دژی ژنان وەستاوەتەوە و دەرفەتی هیچ چەشنە گەشە و سەرکەوتنێکی پێ نەداون، ژنانی خوێندەوار و تێگەیشتووی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لە سووچی ماڵاندا بەند کراون و توانا و لێهاتووییەکانیان پەراوێز خراون، لە ئەگەری بچووکترین هەڵوێستدا لەلایەن سیستەم و دەسەڵاتەوە بە توندترین شێوە سەرکوت کراون، لە هەمووی گرینگتر لە ڕۆڵگێران لە بواری سیاسەت و ئابووری بێبەری کراون تاکوو قەت بیر لە سەربەخۆیی بڕیاردان نەکەنەوە!

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە لاوازیی سیستەمەکانی دیکە لە جیهاندا دەبینن، چۆنە کە لاوازی و قەیرانە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان نابینن؟ ئەگەر سیستەمی سەرمایەداری خراپە، ئەی ویلایەتی فەقێ چیە؟ ئێستا کە کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە کەوتووەتە بەر قەیرانی ڕەواییەوە و ژنان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا دژی وەستاونەتەوە، پێی وایە بە هێنانەگۆڕێی هەندێ بابەتی لەم چەشنە دەتوانێ ژنان ڕاکێشی لایەنی خۆی بکات و بە ئامانجە گڵاوەکانی بگات. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەم خوێندەواری و تێگەیشتنی ژنان و هەم وانە و ئەزموونەکانی شۆڕشی ژینا، هەموویان نیشانیان داوە کە ژنان چیدیکە ئەو توێژە دەستەمۆیە نین کە بێدەنگی ڕابگرن و سەرکوت بکرێن.

ژنان بە خوێندنەوەی ئەمڕۆیانە لە سیستەمە جیاوازەکان لە جیهاندا، دەزانن داوای چی دەکەن و وێڕای ڕەخنەگرتن و خەسارناسیی سیستەمەکانی دیکە، خوازیاری ژیانێکی مرۆڤانە، یەکسان و دادپەوەرەانە بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوون.

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

# چرا یاسین: کوردپەروەریی ڕاستەقینە لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە بیری نەتەوایەتیدا قووڵ دەبێتەوە




**(٢-٣)**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

## ئاماژە:

ناسیۆنالیزم یان هەستی نەتەوایەتی وەک چەمکێکی گرینگ کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاو لە بەرەوپێشبردن و یەکگرتوویی هەر نەتەوەیەکدا دەگێڕێ کە بە کارکردن و تەکز خستنەسەر ئەم چەمکە گرینگە میللەتانی بێ دەوڵەت ئامانجە گەورەکانیان دەستەبەر دەکەن کە دەربازبوون لە دیلی و ژێردەستییە. "کوردستان" لە وتووێژێکی تێروتەسەلدا و بۆ باسی زیاتر لەسەر ناسیۆنالیزم و لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزم و کاریگەری ناسیۆنالیزمی داگیرکەران لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ خاتوو چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو تیشکی زیاتری خستوەتە سەر ئەم بابەتە. لە بەشی یەکەمی ئەو وتووێژەدا باس لە مێژووی ناسیۆنالیزم لە کوردستان و کاریگەریی ناسیۆنالیزمی "فارس" و "عەرەب"



سەرچاوە
Serchawe

و "تورک" لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کرد و تیشکمان خستەسەر ئەوەی کە چۆن دەتوانێت بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی دژبەران و نەیارانی بداتەوە؟

**شەهرام سوبحانی**: کورد ئەگەر بەدرێژایی مێژوو وەک دوژمنەکانی خاوەن ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ بووایە، هەلی زیاتر بۆ گەیشتن بە مافەکانی بۆ نەدەڕەخسا؟

**چرا یاسین**: مافی ڕەوا بۆ کورد لە هەموو سەردەمەکان پاراستن و دانان بووە بە مافە سەرەتاییەکانی وەک (نەتەوە، ناسنامە، زمان) هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی دەوڵەتدا زیاتر پارێزراو دەبن. ناسیۆنالیزمیش وەک ڕێباز و بنەمایەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بایەخێکی زۆری هەیە و زۆربەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمڕۆ بەو ڕێگەیەوە بوونەتە خاوەنی وڵات و دەسەڵات، بەڵام شێوازی گرتنەبەری جیاوازی هەیە لە کاتێک بۆ کاتێکدا و بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ناکرێت ئێمە بە چاوی ڕابردوو بڕیار لەسەر ئێستا بدەین، هەروەها بەپێچەوانەشەوە. بۆ نموونە ئێمە لە ئێستادا ناتوانین داوای ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ بکەین، لەبەر ئەوەیکە بە شێوەیەکی گشتی خەباتکردن لە قۆناغی چەکداری تێپەڕیوە، مافەکانی مرۆڤ بەرەوپێشتر چووە، ڕەنگە زۆربەی هاوپەیمانانیشمان دژایەتیمان بکەن. ئەمە بۆ سەردەمێک دروست بوو، کە کورد لەژێر داگیرکاریی ڕاستەوخۆی دوژمنانی بوو، هاوکات خەریکی خەباتی چەکداری بوو، بەڵام نەیتوانیوە سوود لەم میکانیزمە وەربگرێت، چونکە هەڵوێستی کورد لە ئاست ئەو داگیرکارییەدا لەو کاتەدا زیاتر بەرگریکردن بووە، نەوەک هێرشکردن، یان بەدەستهێنانەوەی ناوچە لە دەستچووەکانی. هەروەها هەمیشە سیمای بوونە قوربانی بۆخۆی کێشاوە و چارەنووسی خۆی داوەتە دەست دەوڵەتە سەردەستەکانی دیکە و چاوی لەوە بووە کە دەوڵەتانیتر مافەکانی بۆ بە دەست بهێنن، ئەمە خۆی لەخۆیدا گەورەترین هەڵەیە، چونکە هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ ببێت بە دەوڵەتێکی زلهێز کە دەوڵەتەکەی بۆ دروست کرابێت، بۆ نموونە: عێراق، وڵاتێکە چەندە هەوڵ بدات ناتوانێت بەشی پێویست هێزی خۆی قایم بکات و ببێت بە وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر، لەبەرامبەردا کۆماری تورکیە کە توانی لە لێواری ڕووخاندا خۆی هەستێنێتەوە و خۆی پێ بگەیەنێتەوە، بەهۆی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ بۆ نەتەوەکەی خۆی و دارشتنی ئامانج و ڕێبازێکی یەکگرتووی تۆکمە و بەهێزی سیاسی وەک دەبینین هەتا وەکوو ئێستاش وڵاتێکی خاوەن هێزە و لەلایەنی نێودەوڵەتییەوە حیسابی بۆ دەکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: یانی پێتان وایە کورد بە زانینیەوە ئەو ناسیۆنالیزمە بەرچاوتەنگەی نەویستوە؟

**چرا یاسین**: کورد هیچ کاتێک خاوەنی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ و نەتەوە ویست، هەروەها خاوەنی دیدگا و ئامانجێکی

یەکگرتوو نەبووە کە بۆ یەک بەرژەوەندیی هاوبەش پێداگر بن لەسەری و دەرهاوێشتەی ئەرێنیی هەبووبێت، ئەمەش لە زۆر بواردا بەجێی سوود زیانی زۆری لە پرسی کورد داوە، چ لە ڕووی خەباتی چەکدارییەوە، چ لە ڕووی دیپلۆماسیەتەوە. هەر بەهۆی ئەمەشەوە کورد لە مێژوودا چەندین هەل و دەرفەتی زێڕینی لە کیس چووە، بە تایبەت لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کورد گەورەترین دەرفەتی لە دەست دا، بەهۆی چەند هەڵەیەکی سیاسی و نەبوونی شارەزایی دیپلۆماسی وەکوو پێویست. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، کە ئێستا ئەم دەرفەتە لە دەست چووە و دووبارە نابێتەوە.

بە بڕوای من، لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ زۆر کات بەرەو داخران و دوژمنکاریی زیاتر دەڕوات، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، پێکەوەژیان و گونجان بووە لەگەڵ نەتەوە و کولتووره جیاوازەکان. ئەم کرانەوەیە بووەتە هۆی پاراستنی کولتووری کوردی لە ناوچەیەکی فرە کولتووریدا، بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە چەندین قۆناغی جیاوازدا، گەشەکردنی هزری دیموکراسی و پلۆرالیزم لە نێو بزووتنەوەی کوردیدا ئەگەر کورد ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگی هەبووایە، پێدەچێت ئەو پێگە مرۆییە بەهێزەی ئێستای لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەدەبوو، هەروەها ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ زۆر جار بزووتنەوەکان بە لاڕێدا دەبات و بێ بەشیان دەکات لە هاوپەیمانی و پشتیوانی دەرەکی ئەمەش بۆ کورد کەمێک زەحمەتە، لەبەر ئەوەی هێزی کورد بەبێ پاڵپشتی وڵاتانی زلهێز بەتەنیا بەس نیە. بۆ ئێستای کورد هاوسەنگی نێوان هەستی بەهێزی نەتەوەیی و کرانەوە بە ڕووی جیهان و نەتەوەکانی دیکەدا دەتوانێت ستراتیژییەکی گونجاوتر بێت لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی ئەوانیش لە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کرانەوە بەڕووی جیهاندا دەرفەتی هاوپەیمانی و پشتگیری نێودەوڵەتی دەرەخسێنێت. بەهێزکردنی پێگەی سیاسی کە ئەم هاوسەنگییە دەرفەت دەدات بە کورد کە لە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا پێگەیەکی کاریگەرتر دروست بکات، بەبێ بوون بە پاشکۆی لایەنێکی تایبەت. هەروەها گەشەپێدانی ئابووری کرانەوە بەڕووی جیهاندا دەرفەتی گەشەسەندنی ئابووری و بازرگانی دەڕەخسێنێت، لەکاتێکدا هەستی نەتەوەیی هاوبەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان. جیا لەمانەش کەمکردنەوەی مەترسییەکانی دژایەتیی نێوخۆیی هاوسەنگی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە دەتوانێت مەترسی توندڕەوی نەتەوەیی یان جیابوونەوەی کولتووری کەم بکاتەوە، کە هەردووکیان دەکرێت ببنە هۆی لاوازبوونی یەکگرتوویی ناوخۆیی. سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و زانستی نوێ کرانەوە دەرفەت دەدات بە کۆمەڵگەی کوردی سوود لە پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکان وەربگرێت، لەکاتێکدا بنەما کولتوورییەکان دەپارێزێت. هەر بۆیە ئەم ستراتیژە هاوسەنگە ڕێگە دەدات بە نەتەوەی کورد کە پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی بکات لەکاتێکدا وەک بەشێکی کاریگەر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەشە دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: نێوان "هەستی نەتەوایەتی" و گەیشتن بە قۆناغی "بیری نەتەوایەتی" چ مەودایەکە و مانەوە لەنێو هەستی نەتەوایەتی و دوورکەوتنەوە لە عەقڵی نەتەوایەتی چەندە کاریگەری نەرێنی لە سەر دۆزی کورد داناوە؟

**چرا یاسین**: هەستی نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی دوو شتی لەیەکتر جیاوازن، کە بەداخەوە زۆربەی خەڵکی ئێمە بە هەڵە لێی تێگەیشتوون. بە گشتی "هەستی نەتەوەیی" بریتییە لە جۆرێک وابەستەبوون و خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتمان و ئەو خاکەی تێیدا هاتۆتە دونیا، بەڵام "بیری نەتەوەیی" ئاماژە بە ئەو بیر و باوەڕ و بەها و ئایدیاگەلە دەکات کە بەشێوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی نەتەوەیەکدا بڵاو بۆتەوە و بووەتە بەشێک لە شوناسی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان، بیری نەتەوەیی کاتێک چەکەرە دەکات و پێدەگات کە تاکەکانی هەر کۆمەڵێک هۆشیارییان لە بەرژەوەندییە باڵاکانیان هەبێت بە هۆی زمان و ڕۆشنبیریی هاوبەشەوە کاریگەریی گشتگیر و بەکۆمەڵ دروست دەبێت. لە دونیای ئەمڕۆدا، بیری نەتەوایەتی و هەستی نەتەوایەتی دوو ڕووی دراوێکن کە بە دوو چەشنی جیاواز کاریگەرییان هەیە لەسەر گەلان و کۆمەڵگەکان. بیری نەتەوەیی زۆر لەوە قووڵترە کە تەنیا لە چەند نیشانەیەکی نەتەوەیی وەک پۆشینی پۆشاکی کوردی، هەڵکردی ئاڵای کوردستان، گوێگرتن لە هۆنراوەیی نەتەوەیی کورت بکرێنەوە، ڕاستە ئەمانە گرنگن و پابەندبوونمان بە ناسنامەی کوردبوونمانە، بەڵام کوردپەروەریی ڕاستەقینە لە هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە بیری نەتەوایەتیدا قووڵ دەبێتەوە، هیچ نەتەوەیەکیش ناگات بە ئامانجەکانی خۆی ئەگەر بیری نەتەوایەتی لە هزری تاکەکانیدا نەچەسپابێت. سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەییش وەکوو هەر شۆڕش و کارەساتێکی سروشتی ناتوانرێت بە بەروارێکی مێژوویەکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت، واتە ئەم هەستە سیمای سەرەتایی لە قۆناغەکانی کۆنی مێژوودا هەبووە، بەڵام ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتەکان و سەرهەڵدانی شۆڕش، هۆکاری سەرەکین بۆ دەرکەوتنی، ئیدی گەل و نەتەوەکان لەو کاتەوە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیان هەوڵیان داوە، تەنانەت لە پێناویدا بە میلیۆنان ڕۆڵەی نیشتمان و نەتەوەکەیان بەکوشت داوە، لە نموونەی شۆڕشی جەزائیر بۆ دەرکردنی فەڕانسەی داگیرکەر. ئەوەی لای ئێمەی کورد زۆرترە هەستی نەتەوایەتییە، نەک بیری نەتەوایەتی، نەتەوەپەروەری ئێمەی کورد نەتەوەپەروەرییەکی لاواز و خاوە بە تەواوی وەکوو پێویست نەگەیشتووین بە بیری نەتەوایەتی، بۆیە گەر بەراورد بکەین دەبینین کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەباتی بەردەوامی هەیە و هێشتا نەگەیشتووەتە مەنزڵ و بەڕێوەیە بەرەو سەربەخۆیی، کەواتە تەنها هەستی نەتەوەیی هێندە گرنگ نیە، بەڵکوو وشیاری و بیری نەتەوەیی داینەمۆی بزووتنەوەی نەتەوەیین. ئەوە نەتەوە نییە کە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دروست دەکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەوە ناسیۆنالیزم و دەوڵەتە کە نەتەوە دروست دەکات یان لانیکەم گەشەی پێدەدات و دەیبوژێنێتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: باسەکە ئەوە کورد بۆ لەو قۆناغەدا ماوەتەوە؟

**چرا یاسین**: مانەوەی نەتەوەی کورد لە قۆناغی هەستی نەتەوایەتی و نەگەیشتن بە عەقڵی نەتەوایەتی دەکرێ بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە پەرتەوازەیی جۆگرافی و سیاسی و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتدا بووەتە هۆی ئەوەیکە یەکیەتییەکی نەتەوەیی دروست نەبێت، کە ئەمەش ڕێگری کردوە لە گەشەکردنی ستراتیژییەکی هاوبەش. هەروەها کاریگەری سیستەمی عەشیرەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لەسەر بنەمای عەشیرەت بووە وایکردوە کە هۆگری تەسکی ناوچەیی و خێڵەکی زاڵ بێت بەسەر بیری نەتەوەیی فراواندا. وشیاریی نەتەوەیی لەنێو ئێمەی کورددا تا وەکوو ئێستا وەکوو پێویست نیە، بەهۆی ئەوەیکە ئەگەر ئاوڕێک لە بیری کورد بدەیتەوە، دەبینین بیری خێڵەکی بەسەرماندا زاڵ بووە و بۆتە یەکێک لە کێشە هەرە بنەڕەتییەکانی ئێمە، بەرژەوەندییە خێڵەکییەکان لە پێش بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوەن، بۆ نموونە ئەگەر قسەیەکی نەشیاو بەرامبەر بە خێڵ و هۆز و سەرداری کەسێکەوە بکرێت، ڕەنگە کاردانەوەی زۆر توندی هەبێت، بەڵام زۆر لای ئاساییە کە هەمان قسەی نەشیاو بە خاک و نیشتمانی بگوترێت، بێگومان ئەم دیاردەیەش بۆتە نەخۆشییەکی کوشندە و لە کۆنەوە لەگەڵمان دایە، کە وایکردوە تا وەکوو ئێستا زۆرترین دەرفەت لە دەست بدەین و کاریگەری نەرێنی و زۆر خراپی بەسەر دۆزی کورددا بەجێ هێشتوە و دۆزی کوردی پاشەکشێ پێ کردوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری مێژووی میرنیشینە کوردییەکان بکەین، دەبینین بەشێک لەو میرنیشینانە خاوەن سەروەری و هێز و دەسەڵات بوونە، بە جۆرێک کە لە هەندێک بواردا داگیرکەرانی (عوسمانی و سەفەوی) نەیانتوانیوە بە تەنیا ڕووبەڕوویان ببنەوە، بەڵام ئەم میرنیشینانە بەردەوام لەگەڵ یەکتری ناکۆک بوون و هیچ کاتێک بیریان لەوە نەکردۆتەوە لە یەکیەتییەکی سیاسیدا کۆ ببنەوە و بە یەکەوە لەپێناو بەرژەوەندییەکی هاوبەش ڕووبەڕووی هەردوو داگیرکەرانی (عوسمانی و سەفەوی) ببنەوە، بەڵکوو لە زۆر بواردا هاوکاریان لە دوژمنان وەرگرتووە بۆ لێدان لە میرنیشینێکی دیکە. بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی بیری خێڵەکی بووە، کە ڕێگەی نەداوە سەروەری خۆی بۆ هاونەتەوەکەی دابەزێنێت و ئەمەی بە شکاندنی شکۆی خۆی بینیوە. هەروەها زۆربەی ئەو ڕاپەڕینانەی لە مێژوودا هەمانە کەمیان هەیە بە تەنیا تاکە ڕەهەندێکی نەتەوەیی لەخۆی گرتبێت، وە یان ئامانجێکی ڕوونی نەتەوەیی هەبووبێت، هاوکات لە نموونەیەکی دیکەدا وەک تێشکمان خستەسەر لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی کورد دەرفەتێکی زۆر گەورەی لەدەست دا بەهۆی نەبوونی یەک دەنگی و پلان و ئامانجێکی دیار و ڕوون بەو واتایەی نەتوانراوە سوود لە دەرفەتەکان وەربگیرێت بۆ بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی کە ئەمە وەک جۆگەلەیەک قۆناغەکانی مێژووی کورددا درێژ بووەتەوە. ئەمە جیا لە نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری یەکگرتووبوونی چەند سیستەمی پەروەردەیی جیاواز لە ناوچە کوردییەکاندا کاریگەریی لەسەر دروستکردنی زەمینەیەکی فیکری هاوبەش هەبووە. کەمیی دامەزراوەی نەتەوەیی، نەبوونی دامەزراوەی ڕۆشنبیری، ئاکادیمی و سیاسی بەهێز کە بتوانێت فەلسەفەی نەتەوەیی بەرهەم بهێنێت.

**شەهرام سوبحانی**: بەڵام لێرەدایە کە ئەرکەکانی ناسیۆنالیزم خۆیان دەردەخەن، وا نیە؟



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

**چرا یاسین**: وایە و گرنگە بگوترێت کە سەرەکیترین ئەرکی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کۆمەڵ لە دەوری یەک بەرژەوەندی هاوبەشدا کۆ بکاتەوە، تاکەکانی فێر بکات بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی لە سەروی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوەن، هەر بۆیە کاتێک باس لە بوونی ناسیۆنالیزمێکی خاوەن شوناس دەکەین، دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین بەرنامە و پرۆژەی ئەو ناسیۆنالیزمە چییە و چۆن کار دەکات؟ ئایا ئەم ناسیۆنالیزمە توانیویەتی دامەزراوە تەقلیدییەکانی خێڵ و هۆز و عەشیرەت هەڵبوەشێنێتەوە و هەموو کۆمەڵگە لە یەکەیەکی گەورەتر و فراوانتیر کۆ بکاتەوە و بکرێ بە گەل یان نەتەوە ناو ببرێت؟ ئایا ئەم ناسیۆنالیزمە توانیویەتی ڕۆڵی ئاغا و بەگ لە کۆمەڵگەدا پەراوێز بخات، نوخبەی خوێندەوار یان چینی ناوەند شوێنی بگرێتەوە؟ ئایا ناسیۆنالیستی کوردی توانیویەتی ئەم هەنگاوانە هەڵبنێت و لەو سەروبەندەشدا ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە هۆگری ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوەیە بۆ نەتەوە و نیشتمان بێت لە بری ئاغا و بەگ و شێخ و خێڵ و عەشیرەت و جوگرافیای خێڵ و عەشیرەتی؟ کە هەر یەک لەم پرسیارانە بابەتی زۆر فراوان و قووڵ لەخۆ دەگرێت.

**شەهرام سوبحانی**: شاعیرە کۆنەکانی کورد وەکوو "ئەحمەد خانی"، "مەلای جەزیری"، و تەنانەت ئەوانەی ئێستاش بە تایبەت نووسەران، گلەییەکی زۆریان لە یەکڕیزنەبوونی نێومالی کورد بووە و هەیە پێت وایە ئەم کێشەیە لە عەقڵی سیاسی کوردە یان لە دەسەڵاتی کوردی؟

**چرا یاسین**: شاعیران و نووسەران زووتر لە سیاسەتمەداران هەستیان بەم کێشەیە، وایە یەکڕیزنەبوونی نێومالی کورد کردوە، چونکە بەردەوام خەونی نەتەوەیی و یەکگرتوویان هەبووە، وەکوو چاوەدێرێکیش بوونە بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری و دەرد و مەینەتییەکانیان کردووە بە سەرچاوەی ئیلهام لە هۆنینەوەی شێعرەکانیان، بە تایبەتی شاعیری گەورەی کورد "ئەحمەدی خانی" لە بەرهەمە دانسقەکەی "مەم و زین"دا، کە ئێمە بەردەوام وەک بەرهەمێکی ئەدەبی و دڵداری دەیبینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ پێشاندانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوساکە و چەندان بنەما و ڕەهەندی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی لەخۆی دەگرێت.

**هەروەک خۆی لە بەیتێکیدا دەڵێت:**

(شەرحا خەمی دل بکەم فەسانە

زین و مەمێ بکەم بە بەهانە)

خانێ لە "مەم و زین"دا بە قووڵی باسی لەم کێشەیە کردوە و ڕەخنەی لە نەبوونی یەکڕیزی گرتووە، هەر وەک لەو نموونەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، بە دەیان نموونەی دیکەی لە مەڕ ئەم بابەتەوە هەیە. دیاردەی نەبوونی یەکڕیزی نێومالّی کوردی لە هەر دوو ئەو لایەنانەی ئاماژەیان پێ کراوە ڕەگیان هەیە، کوردستان کۆمەڵگەیەکی شوانکارەیی، نیمچە دەرەبەگایەتی ئایینی خێڵەکی بووە، هەتا ئێستاش شوێنەوارەکانی هەرماوە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هەر ئەو بیر و کولتوورە بەرهەم دەهێنێت کە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت، هەروەکی گوتمان پەیوەندییە خێڵەکییەکان و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەردەوام ڕێگر بوون لە دروستبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی بەهێز، هاوکات لەژێر ڕۆشنایی بیرکردنەوەی تاکی کورد سەبارەت بە سروشتی خۆی لە مێژووماندا دوو دیاردەی سەرەکی لەنێو کوردا گەڵاڵە دەبێت، یەکەمیان: بەهۆی ئەوەیکە خاوەن کەسایەتییەکی خۆ سەپێن بووە، نەیویستووە سازش بۆ بەرامبەرەکەی بکات، بە تایبەت لە چینی دەسەڵاتداردا، هەر ئەمەش وای کردوە کە بەردەوام ململانێی ناوەخۆیی لە نێوماندا بوونی هەبێت و نەگەین بە ڕێککەوتن و یەکگرتوویی، دووەمیان: لە بەرامبەر بێگانەدا خۆی پێ لە ئاستێکی نزمتر بووە، ئەو هۆگری و دڵسۆزییەی بۆ دوژمنەکەی هەیبووە، بۆ کەسێک کە هاوخوێنی بووە نەیبووە، هەر بۆیەشە کە بەردەوام نوخبەیەک هەبوون چوونەتە پاڵ دوژمن و بە هۆیانەوە زەبر و لێدانی گەورە بەر گەلەکەمان و بزاڤی ڕزگاریخوازیمان کەوتوە. ئێمە لە واقیعی کوردستاندا لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە ئەوە دەبینین کە پەیوەستبوون و ئینتیما بەو دەوڵەتەوە ڕووبەڕێکی فراوانی لە هاوسۆزی کۆمەڵایەتی کوردی ئەم بەشەدا دروست کردوە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئینتیما بۆ عێراق ئامادەبوونێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە. دیارە ئەم دیاردەش تەنیا پەیوەست نیە بەو بەشەی کوردستانەوەکە کەوتۆتە ژێر دەستی دەوڵەتی عێراق، بەڵکوو بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کە هەر یەکەیان لەژێر سایەی دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکەدایە هەمان لێکدانەوە ڕاستە.

**شەهرام سوبحانی**: مەبەستتە بڵێی کورد بیر و ئایدیاکانی خۆماڵی نین و لە دەرەوەیان وەردەگرێ؟

**چرا یاسین**: بە بڕوای بەندە هۆکارێکی سەرەکی کە تا وەکوو ئێستا نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوەیە کورد کەمووکورتییەکی زۆری هەیە لە بەرهەمە فیکرییە خۆماڵییەکان، وەکوو تاک و وەکوو کۆمەڵ، لە ڕابردوو و بە ئێستاشەوە بیر وەکوو کاڵایەک لە دەرەوە هاتوە و بە بالای کوردەوە براوە، یان هەمیشە کوێرانە بەدووی بیرێکی دەرەکی کەوتووە، ئەمە خراپ، بەڵام لە کاتێکدا کە بۆ گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی سەرمایەی بیر و ڕووناکبیری و هۆشیاری کۆمەڵ سوودی لێ وەربگیرێت، چونکە ژیریی بە تەنیا مۆڵکی تاکێک یان گەلێک نییە، زۆر جار ئاستی ڕووناکبیری کەسیەتی نەتەوەیەک یان گەلێک دیاری دەکات، ئەمەش لەسەر بناغەی ئازادی بیر و دەربڕینی ئازادانە دەوەستێت. ئەم ئەورووپایەی ئەمڕۆ دەیبینین بەر لە دەستەبەرکردنی ئازادی تاریکستانێک بوو.

بانەمەری ٢٧٢٥

لە بیری سیاسی کوردیشدا بەدرێژایی مێژوو، پەرتەوازەیی و دابەشبوونی سیاسی بەشێکی گرنگی کێشەکە بووە، هەروەک ئەوەی لە دەسەلاتی کوردیدا جیاوازی بەرژەوەندی و کێبڕکێی نێوان سەرکردەکان و هێزە سیاسییەکان جاری وا هەبووە بەرژەوەندی گشتی خستۆتە دواوە. لە مێژووی سەدەی ڕابردوودا زیاتر لە بیست ڕاپەڕینی کوردی سەریانهەڵداوە و تێکشکاون، بەشی زۆری شکستەکانیش بۆ خاڵی هاوبەش دەگەڕێنەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئێمە لە چەندین قۆناغی مێژوومانددا بەشی پێویست هێزمان هەبووە، بەلام نەتوانراوە سوود لەو هێزە وەربگیرێت بەهۆی نەبووی ئەقڵی سیاسی کوردی و ڕەچاونەکردنی هەلومەرج و پێشهاتی پێویست، هەر بۆیەشە کە هەر کاتێک دوژمن هەستی بە بەهێزبوونێکی ئەوتۆ کردبێت لەناوی بردووە. هەروەها دەسەلاتی کوردی زۆر جار لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکاندا بووە. ئەم دوو فاکتەرە تێکەڵاوی یەکترن و یەکتریان بەهێز کردووە. حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر هەرێمی کوردستانیان بە شێوەیەکی دابڕاو بەڕێوە بردووە کە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی کارگێڕی جیاواز، ئەمە جیا لەوەی کە زۆر جار بەرژەوەندییە لایەنییەکان لەسەروی بەرژەوەندی نەتەوەیی دانراون و بووەتە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتی. هاوکات ڕازینەکردنی خەڵکی لەخۆی، بەو پێیەی نەیتوانیوە سیستەمێکی دادپەروەرانە بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکان و داهاتەکان دامەزرێنێت، کە ئەمەش ناڕەزایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا دروست کردوە، جۆرێک لە بێ متمانەیشی سازداوە کە خەڵک هیوایەکی ئەوتۆی نەماوە تا هەوڵی بۆ بدات. سەرباری ئەمانەش جیاوازی لە پەیوەندییەکانی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بووەتە هۆی دروستبوونی ئاراستەی سیاسی جیاواز و دژ بەیەک. وێڕای ئەمانەش دەسەلاتی کوردی نەیتوانیوە دامەزراوەی نیشتمانی بەهێز دروست بکات کە سەروەری یاسا و بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# کاریگەریی قەڵەمی زێڕین لەسەر چۆنیەتیی "دان و هەستان"



**دارسمە**

شانۆی دانوستانی ئەتۆمیی نێوان زلهێزی ڕۆژاوا و کۆماری ئیسلامی، پەردە بە پەردە پڕە لە داهێنانی هونەرمەندانەی دیپلۆماسی. ئێران لە کۆنەوە لانکەی هونەر و وردەکاری بووە و ناکرێت ئێستاش دانووستانێکی ئەوا گرنگ، وردەکاریی زۆری تێدا نەبێت و ئەم "دان" و "هەستانە" بێ نواندنی ئاکاری هونەرمەندانە بەردەام بێت.

دان و هەستانی حاکمانی ئێران لەگەڵ لایەنی بەرانبەریاندا بەردەوام بەگوێرەی بەهێزی و بێهێزیی بەرانبەری دانووستانکار و کەرەستەی بەردەستی خۆیان لە بواری هونەرییەوە لە گۆڕاندا بووە.

چاوخشاندنێک بە مێژووی دەیان ساڵەی ڕابردووی ئەم دانوستانانەی حاکمانی ئێران کردوویانە، هونەری پێشکەوتووی ئێرانی (ئەو هونەرەی ڕەگ و ڕیشەی لە نەستی دەستەڵاتی بەردەوامی حاکماندا داکوتاوە)، هونەرێکی جێگیری بەردەوامی لە گۆڕان نەهاتوە. ئەم هونەرەش لەمە دایە دەستەڵاتی ئێران لە دان و هەستان دەگەڵ مافخوازانی نێو چوارچێوەی نەخشە

پیشیلەئاساکەیدا بەرداوم لە سەر هونەری پێکەنین و دەمپەڵکردنەوە و جووتە هاویشتندا بەردەوام بووە. بۆ ئەمەش دوو دانووستانی "شنۆ" و "ڤییەن"، هەردووکیان لەنێوان دەستەڵاتدارانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی کوردان ڕێکخراون و لە هەردوویاندا هونەری پێکەنین و پەڵبوونەوە و جووتە هاویشتن ئاکامی خۆی لێکەوتووەتەوە و لەجیات ڕێککەوتن، لایەنی بەرانبەر لەنێو براوە و جارێکی دیکە نەگەڕاوەتە سەر مێزی دانوستان.

لە دانوستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەشدا پێچەوانەی ئەم دانوستانانە "صبر انقلابی" و "نرمش قهرمانانە" دوو دەستەواژەی هاومانان و بە کوردی بەمانای "سەرشۆڕکردنی حیزانە"ن. یەکێک لە نموونە هەراوەکانی ئەم ڕێککەوتنەش "ڕێککەوتنی ئەلجەزایری نیوان شای ئێران و سەدام حوسێن بوو. لەوێشدا شاهەنشا جووتەوەشێنێکی هونەرمەند بوو و بێ ئەوەی ئازار بە لایەنی بەرانبەر بگەیێنێت، جووتەکەی لە کوردان وەشاند.

ئێستاش دان و هەستانی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا لە پێناو ڕێککەوتن لەسەر چۆنەیەتیی کەوتنی دەستەڵاتی ئێران ماوەیەکە دەستی پێ کردوە و دەکرێت پەردەی شانۆی دانووستانی ئێران و ئەمریکا بەم شیوەیە لابدەین: لە نێوخۆی ئێراندا هەموو ئەو ئاڵایانەی ئەمریکا کە بەمەبەستی پێشێڵکردن لە شەقامان کیشراونەتەوە هەتا کاتی نادیار داپۆشراون. ژوورێکی قورس و قایم و مێزێکی لێک و لووس و جوان بۆ دان و هەستانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا لە مەسقەت ڕێک خراوە. لە نێوەندی مێزەکەدا، قەڵەمێکی زێڕین، نەک هەر قەڵەم تۆ بڵێ مرواری دیاریی بێلایەنانی ڕێکخەری مێزکە دانراوە. گوایە ئەم قەڵەمە بۆ ئەمە بوو هەردوو لا بە خەتی زێڕین مۆری ئاشتی و پەیمانی سەقامگیریی لێ بدەن.

پاڵەوانی سەرەکیی ئەم پەردەیەی شانوی دانووستان، ئەو دیپلۆماتکارە ئێرانییە بوو لە نێوەندی گەردەلوولی گفتگۆدا وەستابوو و بە چاوێکی ساویلکانەوە دەیڕوانیە دەوروبەری و بەدەم بزەیەکی بێگەردەوە، گوتی: "قەڵەم؟ کام قەڵەم؟ سوێند بە شەرەفی دیپلۆماسیم من هیچ قەڵەمێکم نەدیوە! ئەگەر بڕوام پێ ناکەن، با هەموومان وەک تیمێک بگەڕێین... بەڵکوو لە تاریکایی ژێر ئەم مێزە قورسەدا خۆی حەشار داوە!" کاتێک دەستی هەڵبڕی بۆ ئەوەی سوێندێکی دیکە بخوات، لەنێو گیرفانی چاکەتە ڕەشەکەیدا، بریسکەیەکی زێڕین شەوقی دایەوە! ئای لەو ساتە، چ بێدەنگییەکی قووڵی لێ کەوتەوە... تەنیا چرکە چرکی وێنەگرتنی کامێراکان و هەناسەهەڵکێشانی قورسی دیپلۆماتکارە تێکشکاوەکە دەبیسترا.

دوای ئەم ڕووداوە، کێشمەکێشی "شوێنی دیداری داهاتوو" بووە چیرۆکێکی دیکە. سەرەتا ڕۆمای ئیتالیا، شاری هەزار شارستانی و جێگەی هەنگاوی سەرکردە مەزنەکان، وەک شوێنی دیداری داهاتوو دیاری کرا. شاندی ئەمریکایی لە دڵی خۆیاندا جانتای سەفەریان ئامادە کرد و نەخشەی گەشتی کەلەپووری ڕۆمیان کێشایەوە. لە کام گۆشەی کۆلۆسیۆم باشترین

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

کاتژمێر بۆ وێنەگرتن هەیە، کام چێشتخانە باشترین پاستا پێشکەش دەکات و ... کەچی لەپڕ لایەنی بەرانبەر هاواری کرد: "ڕۆم؟ نا نا... هەوای ڕۆم بۆ دانوستان گونجاو نیە! مەسقەت باشترە... لەوێ هەناسەی دەریا دیپلۆماسی پتەوتر دەکات!" بۆیە وەک ئەوە دوو گەنجە نادڵنیایە لەسەر دیاریکردنی ژوانگە ناکۆکن، هەودای دانوستان بەرەو مەسقەتی پایتەختی عومان ڕایەڵ کرایەوە. میدیای جیهانیش ئەم شانۆگەرییەیان بە دڵ بوو و بە تەنزێکی بەسوێوە نووسیان: "دوێنێ لەسەر سفرەی ئیتالیا و ئەمڕۆ لەسەر دەفری پڵاوی عەرەبی... نێوەندی دیپلۆماسی یان گەشتوگوزاری خواردنی نێودەوڵەتی؟" با بگەڕێینەوە بۆ لای پاڵەوانەکەمان و قەڵەمە زێڕینەکە. لەنێو هۆڵی کۆبوونەوەدا، ئەم قەڵەمە تەپوتۆزلێنیشتووە بوو بە ئەستێرەی شانۆکە. دیپلۆماتکارە نیمچە دڵفراوانەکان بە هێمنی خەندەیەکی تاڵیان دەهاتێ و دەیانگوت: "ڕەنگە بە هەڵە کەوتبێتە ئەو شوێنە..." بەڵام ئەوانەی سەردەمی گەلەگورگێیان دیتبوو، بە زمانی چاو نەرمەبزەیان داویشتە یەکتر و دەیانگوت: "قەڵەم ون دەبێت، ئاگاتان لە کامپیوتێرەکانتان بێت و بڕواتان بە بزەی دیپلۆماتان نەبێت!" ئیتر لەبری ئەوەی سەرنجیان لەسەر تەوەرەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم و چاودێریی دامەزراوەکان بێت، چاویان لەسەر گیرفانی یەکتر و شتومەکی سەر مێزان بوو. ئەمەش ئاکامی نەخشەی هۆشمەندانەی داڕێژەرانی ئەم دانیشتنە لە لایەنی کۆماری ئیسلامیەوە بوو و ئیستکباری جیهانییان وا لێ کرد لە جیات داکۆکیکردن لە نێوەڕۆکی دانووستان ئاگاداری کەلوپەلی خۆیان و خانەخوێ بن. پێش سازبوونی بەزمی قەڵەمەکە، باسی پرسی چارەنووسسازی وزەی ئەتۆم، پیتاندنی یۆرانیۆم، گەمارۆ و سزا قورسەکان بوو. ئەمریکا دەیویست ئێران دەرگاکانی بەڕووی چاودێرانی نێودەوڵەتیدا بخاتە سەرپشت و ئێرانیش دەیگوت: "هیچمان نەشاردووەتەوە". یەکێکیش نووسیی: "پێشنیار دەکەم لە خولی دواتردا، پێش چوونە ژوورەوە، تەواوی گیرفان و جانتاکان بپشکنن!" کەسێکیتریش گوتبووی: "ئەگەر پێویستە ملیۆنەها دۆلار بۆ دانوستانی بێئەنجام خەرج بکرێت، لانیکەم با قەڵەمێک لەم نێوەدا وەک یادگار ناوی بمێنێتەوە"!

بە کوردی نێوەرۆکی ئەم دانوستانە چیرۆکێکە لە نێو هەموو بەند و خاڵەکانیدا قەڵەمێکی زێڕین زیاتر سەرنجی چاودێرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و ئەم قەڵەم بێگیانە بووەتە کەسایەتیی سەرەکیی دان و هەستان.

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# ترس لە قوتابخانە



**شەماڵ تەرغیبی**

ڕێژیمی دژەگەلی ئەمڕۆی زاڵ بەسەر ئێران، یەکێک لەو دەسەڵاتە سەرەڕۆیانەی ئەمڕۆی دونیایە کە سەبارەت بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ ئەگەر نەڵێین بێوێنەیە ئەوا کەموێنەیە! کە بەردی بناغە و ڕەگی کۆتایی کۆشکی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتە پڕتاوان و خوێن و سەرکوتەکەی بە چەک و داپڵۆسین وخۆسەپێنیی بنیات نراوە.

دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران نەتەنیا بە هیچ جۆرێک ڕەوایی خۆی لە خەڵک وەرنەگرتوە، بەڵکوو لەلایەن کۆمەڵێک بەکرێگیراوی چەندڕەنگی وەک پاسدار و بەسیج و جاش و سیخوڕەوە کە هەر هەموویان بەدوور لە پرەنسیپ و کەرامەتی ئینسانین دەپارێزرێ.

چەخماخەی لێدانی بیرۆکەی ئەم هێزە لە سەردەمی خومەینیدا بە ناوی "ئەرتەشی ٢٠ میلیۆنی" لێدرا. سەرەتا وایان نواند کە ٢٠ میلیۆن کەس لەهەمبەر دوژمنی دەرەکیدا بەرگری لە نیزام دەکات، کەچی دواتر دەرکەوت کە دوژمنی سەرەکی نیزام



سەرچاوە
Serchawe

هەر خەڵکی ئێران بۆ خۆیەتی. ئەوەتا ئەمڕۆ دەبینین کە سپایەکی زەبەلاحی بێمێشک و ورگزل دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە کە دەستیان بۆ هەر چەشنە جینایەتێک ئاواڵەیە و هاتوونەتە مەیدان و ڕووبەڕووی نارازیان و مافخوازان دەبنەوە. گەورەکانی ئەم سپایە هەر هەموویان لە ئاکامی جینایەت و تاوان و تاڵان و خیانەتی جۆراوجۆرەوە پۆست و پلەیان خەڵات کراوە و هەنووکەش وەک مافیای نێودەوڵەتی و دێوەزمەی ناوخۆیی ڕۆڵی مافیایی دەگێڕن و لە گەندەڵی و تاڵاندا لە کێبەرکێدان. وەک دیارە، لە نێو دەسەڵاتی ئاخوندیدا بەکرێگیراوان و سەرکوتکەران پلەکانی دەسەڵات یەک لەدوای یەک دەبڕن و بە ساناهی پلەوپایەی دەسەڵاتداریێتی وەچنگ دەخەن. تەنانەت پۆستە سەرەکییەکانی وەک سەرکۆماری و مەجلس و قەزاییش هەر لە دەست ئەواندایە.

لەمڕۆژانەدا هەواڵێک بڵاو کرایەوە بە نێوەڕۆکی ئەوەیکە وەزارەتی بەناو فێرکاری و بارهێنان لەگەڵ دەزگای سەرکوتی پۆلیس "ڕێکەوتننامە"یەکیان واژۆ کردووە کە تێیدا هەر کام لە لایەنەکان ئەرکدار کراون بەرامبەر بە قوتابخانە و مامۆستایان و قوتابیان کردار و پەرچەکرداری تایبەتیان هەبێ و ناویان لێ ناوە هەوڵێک بۆ دابینکردنی نەزم و فێرکردنی کۆمەڵگە بە دیسیپلینی کۆمەڵایەتی!
وردتر گەر لێی بڕوانین ٥ ئامانجی سەرەکییان هێناوەتە بەر باس کە جێی تێڕامانن ئەوانیش بریتین لە: پەرەدان و گەشەسەندنی نەزم و دیسیپلینی کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی قوتابیان و مامۆستایان، هەوڵدان بۆ پێشگیری لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەدان بە لایەنی ڕاوێژکارانە بۆ قوتابیان و بنەماڵەکانیان و جێگیرکردنی ئەمنیەت و پێشگیری لە ڕوودانی تاوان!

پێش لەوەیکە بچینە نێو شەنوکەوکردنی ئەم ڕێککەوتننامە، کە لەڕاستیدا هەوڵێکی سیستماتیکە بۆ بەپادگانیکردنی زیاتری فەزای فێرکاری نێو قوتابخانەکان، دەبێ ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی نە وەزارەتی فێرکاری و قوتابخانەکان ئەو جۆرەی کە پێویست بووە توانیویانە نەخش و دەوری ڕاستەقینەی خۆیان کە پرسی ئامووزش و فێرکردن بووە، بگێڕن و نە دەزگای بەناو پۆلیس کە ئەرکی دابینکردنی ئاسایش و هێمنی بۆ هاووڵاتییانە ئەو کارەی ئەنجام داوە بەڵکوو هەر دوو دەزگای ئاماژەبۆکراو هاوشێوەی هەموو دامودەزگاکانی ڕێژیم لە خزمەت بەهێزترکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا بوون و هەن؛ هەم لەڕووی ئایدیۆلۆژیکەوە و هەمیش لەڕووی پاراستنی کۆی سیستمی حوکمڕانی.

بەڵام سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکە و هەر ئەم بەشەی کە بریتییە لە ئامانجەکانی ڕێککەوتننامە ئەوەندە بەسە کە بڵێین تەواوی ئەم خاڵانەی کە ناویان هاتووە لەڕاستیدا بەپێی یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ پێوەندییان هەیە بە

## بانەمەری ٢٧٢٥

کاروباری ڕۆژانەی وەزارەتی فێرکارییەوە؛ واتە وەزارەتی بارهێنان و فێرکاری بەپێی یاسا ئەرکدارە لەڕێگەی نیهاد و دامەزراوەکانی بەردەستی بەشێوەی پسپۆڕییانە کەڵک لە خەڵکانی شارەزا لە بوارەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و فەرهەنگزانان وەربگرێ و ئەم جۆرە خزمەتگوزارییانە پێشکەش بە قوتابیان، کادری ئاموزشی و بنەماڵەی قوتابییەکان بکات نە ئەوەیکە بێت و لە ناوەندە فێرکارییەکاندا بنکەی پۆلیس بکاتەوە تا ئەوان ئەرکە فێرکارییەکان لە ئەستۆ بگرن! کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەرخەری دوو ڕاستی و کەتوارە:

یەکەمیان ناکارامەیی لە قەوارە و ستراکچێری خودی وەزارەت کە ناتوانێ کاروباری خۆی جێبەجی بکات و دووهەم هەوڵێکی جیددی ناوەند و نیهادە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمە کە بەم شێوەیە بتوانن کۆنترۆڵ و چاودێرییەکی توندوتۆڵتر و وردتریان هەبێ بەسەر کەش و فەزای قوتابخانە.
ئەمەش دوابەدوای ئەوە هاتۆتە ئاراوە کە لەم چەند ساڵەدا و بەتایبەت پاش بزووتنەوەی ژینا کە قوتابخانە و قوتابیان و مامۆستایانی دەرووست نەخشێکی پۆزەتیڤیان گێڕا، ڕێژیمی لەرزۆک هێندەی دیکە ترس لە دڵی نیشتووە؛ ترس لە ڕاپەڕینی دیکە و ئێعترازی دیکە و نارەزایەتی دیکە چ لەنێو مامۆستایان کە لەم ساڵانەدا ڕۆڵی پێشەنگایەتییان گێڕاوە و چ لەنێو قوتابیاندا کە بە خۆشییەوە فریوی وانە پڕچەواشەکانی ڕێژیمیان نەخواردووە و وەک هێزێکی لاو خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتین.


وەک وترا، دەسەڵاتی حکومەتی سەرەڕۆ و دژی گەلی ئێران لە سەر بنەمای هەڕەشە و تۆقاندن پێک هاتووە. بەرپرسانی پلەبەرزی نیزام جیا لەوەیکە هیچکات خۆیان لەبەرانبەر ویستی خەڵکدا بە وڵامدەر و بەرپرس نەزانیوە و نازانن، بەڵکوو بەردەوام بیر لە پاراستنی پلەوپایە و ئامانجە قەبێحەکانی خۆیان دەکەنەوە و لەم ڕێگایەشدا لە هیچ جینایەت و کردەوەیەکی دژەمرۆیی خۆناپارێزن. ئەوان دەنگی نارەزایەتیی خەڵک بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانن، هەربۆیە هەوڵ دەدەن لە زووترین کاتدا دەنگە نارازییەکان کپ بکەن و کێ لە دەزگای سەرکوت و داپڵۆسین بۆ کارە باشتر؟! ڕێژیمی ئاخوندی کە کۆڵەکەکانی تەمەنی نگریسی دەسەڵاتەکەی لە تاوان و دەسیسە پێک هاتووە، هیچکات گوێ لە دەنگی مافخوازان ناگرێ. لە حاڵەتە سەرەتایی و بچووکەکاندا بە پشتبەستن بە هێزی بەکرێگیراو هەوڵ دەدا بە سەر نارازیاندا زاڵ بێت واتە لە قۆناخی یەکەمدا ئێعلانی شەڕ دەکا و هەر جۆرە داواکارییەک دەربارەی ماف و ئازادییەکان بە پرۆژەی دوژمن ئەژمار دەکرێ. هەروەها ئەگەر گەورەیی شەپۆلی نارەزایەتییەکان بە ڕادەیەک بەرز بێتەوە کە تاج و تەختی دەسەڵاتەکەیان بخاتە لەرزە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی هێزی بەکرێگیراودا بێ، دەست و داوێنی پیلان و دەسیسە دەبن تا جارێکی دیکە خۆیان بگرنەوە.

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید محەممەدئەمین نادری)




**دوێنێ لە ئاور ڕادەمام، مێژووی هەموو ئەفسانەیی**
**ئەوڕۆکە ئوستوورە دەژیم، ئەو ڕێگە ڕوانینی منە**

**برایم چووکەڵی**

تا چەوساوان لە کۆڕی خەبات و بەربەرەکانیدا کۆوە نەبن و لە بەرامبەر پێشێلکرانی مافەکانیان ڕانەوەستن و بە گژ ناهەقیدا نەچنەوە، تا وڵاتپارێزان سینگیان نەکەنە قەڵغان لەهەمەر تیری داگیکەر و گوللەی شەوپەرستانی دڵڕەق و قینلەزگ و دوژمنانی ئازادی، تا لاوە بەهەست و خوێن گەرمەکان پۆل پۆل نەیەنە ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە، تا لێشاوی فرمێسک و خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلان و تەخت و بەختی سەر کوتکەران ڕانەماڵێ، ئازادی و بەختەوەری نایەتە بەرهەم.

ئەو کەسانەی تەمەنی خۆیان بەختی بەرژەوەندیی گشتیی گەلەکەیان دەکەن و بە سەربەرزی و ڕووسووری دەستەملانی خاکە

پیرۆزەکەیان دەبن، لەنێو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا جێگای هەتا هەتایان بۆ تەرخان دەکرێ و لە پاش مردنیش ناو و ناوبانگیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لاوان و شۆڕەسوارانی گەلی کورد و مرۆڤە هەڵکەوتووەکان، ئەوینداری ڕێگای ئازادی و دێموکراسی، بۆ وەدەستهێنانی ئەو ژیانە سەر بەرزانەیە و، لە پێناوی هێنانی ئازادیدا، خەبات دەکەن و بە فیداکاری و گیانبازی و خۆبەختکردن، ڕچەی خەبات دەشکێنن و بە خوێنی خۆیان نەمامی ئازادی پاراو دەکەن. لەم بەرنامەیەدا ڕێز لە یادو فیداکاری یەکێک لەو فەرماندە قارەمانانەی گەلەکەمان لە ناوچەی پاوە دەگرین. لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا لاپەڕەکانی ژیان و خەباتی یەک لەو قارەمانانە هەڵدەدەینەوە.

محەممەدئەمین نادری ناسراو بە حەمەلەڕوش لە گوندە جوان و خنجیلانەکەی نۆریاو لە یەک کیلومیتریی شاری پاوە لە دایک بوو. بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان و کەمداهاتیی بنەماڵەکەیان لە خوێندن بێبەش و هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ زەحمەت و کوێرەوەریی ئاشنا بوو، و هەر لە منداڵییەوە لەشی شلکی دایە بەر کار و کاسبی.

حەمەدەمین لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداریی چالاکانەی کرد و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە لێوردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی وردبینانە، ڕیزەکانی حیزبی هەڵبژارد و لە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزب لە ناوچەی هەورامان ئەرکی تەشکیلاتی و نیزامیی پێ ئەسپێردرا. پاش شەڕی پاوە و فەرمانە بەدناوەکەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ و ڕاگەیاندنی جیهاد دژی خەڵکی کوردستان، شەهید محەممەدئەمین بوو بە ناوێکی جێگای هومێدی نیشتمانپەروەران و لەولاشەوە ناوێکی تۆقێنەر بۆ سپای داگیرکەر و خۆفرۆشانی ناوچە.

بەهۆی فیداکاری و قارەمانەتی لە ماوەیەکی کورتدا حەمەلەڕوش بوو بە نموونەی ئازایەتی و ناوی کەوتە سەر زاری دانیشتووانی هەورامان و جوانڕۆ. ئەو لە شەڕی سێ مانگەدا زیاتر خۆی دەرخست و ناوچەی نەوسود و نۆدشە و دووئاو و مەلاندەریی کردە دۆزەخی سپا دڵ ڕەقەکەی کۆماری ئیسلامی .پاش دەیان ساڵ لە شەهیدبوونی، تانک و ماشێنە سوتاوەکانی دۆڵ و هەڵدێری سەر جادەکانی ملەندو و پێچەکانی نەوسود و دووئاو و مەلاندەر نیشانەی قارەمانەتتی حەمەلەڕۆش بوو.

لە کاتی سازماندەیی هێزەکان لە لایەن حیزبەوە و دامەرزاندنی هێزی شاهۆ، حەمەلەروش وەک فەرماندەی یەکێک لە لکەکانی هێزی شاهۆ دیاری کرا. حەمەدەمین هەروەک چاوەڕوان دەکرا زۆر سەرکەوتووانە ئەو قۆناغەشی بڕی و چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بەڕێوە برد. ئەو لە دەیان هێرش و پەلاماردا گورزی کاریگەری لە سپای هێرشبەر وەشاند و سەرکەوتنی بۆ گەلەکەی و هێزی سەربەرزی شاهۆ تۆمار کرد. حەمەلەڕۆش وەک فەرماندەرێکی کارامە، خاراو، خاوەن

بانەمەری ٢٧٢٥

ئەزموون و بەتوانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد و لە ماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی و دڵسۆزیی خۆی بە باشترین شێوە نیشان دا و دەری خست کە ئازا و فیداکار و بەجەرگە و دەریخست کە باوەری کوردایەتییەکەی قایموقۆڵە.بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاری و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حەملەڕۆش بووە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی.

بەداخەوە حەمەدەمین زۆر نەژیا کە زیاتر خزمەی بە گەلەکەی بکا و ڕۆژی ١٦ی بانەمەری ساڵی ١٣٥٩ لە شەڕێکی دەستە و یەخە و قارەمانانە لە پەرپەرچدانەوەی هێرشی داگیرکەرانی کوردستاندا بۆ سەر کەمەرە بەتاڵی ناوچەی پاوە چووە کاروانی شەهیدانی گەل و نیشتمانەوە. لەم عەمەلیاتەدا کە بە دەیان بەکریگیراو و جاش کوژران، هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی کاک حەمەدئەمین نادری سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد، بەڵام خوێنبایی ئەم سەرکەوتنە گیانی شیرینی بە فەرماندە حەملەڕۆش بوو.

## تەرمی پیرۆزی شەهید حەملەڕۆش بە بەشداریی خەڵکێکی زۆری ناوچەکە و هاوسەنگەرانی لە گوندی نجار بە خاک سپێردرا

لەهەر شوێنێکدا پێشمەرگە هەیە
حەج لەوێبکەن ئەوێ کەعبەیە

تەنیا پێشمەرگە ئازا و گەورەیە
هەم پێشمەرگەیە و هەم سەرکردەیە

سینگی سەنگەرە و دڵی لووتکەیە
چاوی هاوەنە و پەنجەی گوللەیە

ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# خەڵک لە کوێی دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکادان؟



ئەلبورز ڕوویین‌تەن

جارێکی دیکە دانوستان لە نێوان ئێران و ئەمریکا باسێکی گەرمە و ڕۆژەڤی میدیایی و سیاسیی ئێران و ناوچە و دونیای بە خۆوە سەرقاڵ کردووە. دانوستانێک کە هەر لایەنێک بە دوای داخوازییەکانیەتی و هەر لایەنێک پێداویستی و ناچاری بۆ سەرکەوتنی ئەو دانوستانەی هەیە. لێکۆڵەران و چاودێران هەر دوای سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنەکان خەریکی شیکردنەوەی دۆسیەیی ئێرانن و هەر یەکە لە ڕوانگەی خۆی دەیهەوێ بڵێ کە چی دەبێ چۆن دەبێت.

**ئەگەر لە ترامپەوە دەست پێ بکەین و بڵێین ئەمریکا چی لەو دانوستانە دەوێ، پێویستە ئەمە لە چەند تەوەردا ببینین:**

**یەکەم**، شەڕی ئابوری و زلهێزی لە نێوان ئەمریکا و چینە، دوایە ڕۆڵی ئێران لەو نێوەڕاستە بۆ دابینکردنی وزەی ئورووپا و ڕێگریکردنی لە هاتنی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها دوورکردنەوەی ئێران لە بلۆکی چینە.



سەرچاوە
Serchawe

**دووەم**؛ شەڕی ئوکراین یا ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە ئوکراینە کە لێرەشدا ڕولی ئێران لە بلۆکی ڕووسیە کە تەنانەت بە پێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆمبڕێژکراو بە ڕووسیە بەشداری تێدا کردوە، ئەمریکا دەیهەوێ بەو دانوستاندنە ئێران لەو بلۆکەش بێتە دەر و لەو ڕووەش پۆزیشنی ڕووسیە لاواز بکات هەتا لە سەر مێزی ڕووسیەش بەرگی زیادتری بە دەست بێت.

**سێیەم**؛ داخوازیی ئەمریکا ئاسایشی ئیسرائیلە، بە تایبەتی دوای حەوتی ئۆکتۆبەر و ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە دەستی ئێرانی لە سەر مێزی دانوستاندن کورت کردۆتەوە، بەڵام ئەمریکا دەیهەوێ زیاتریشی کورت بکاتەوە و بەرنامەی مووشەکیی ئێرانیش لەو چوارچێوەیەدا دەبینێت.

**چوارەم** و گرنگترین داخوازی ئەمریکا و بە تایبەتی ترامپ گرتنی وێنەیەکە بۆ ترامپ هەتا ڕوو بە نێوخۆ کەڵکی لێوەرگرێ و بڵێت ئەوە منم کە توانیم پێش بە شەڕێکی گرینگ بگرم و بەو شێوەیە ئێرانم ڕام کردوە.

خوێنەرانی ئەو بابەتە دوای ئەو چوار تەوەرە یەکسەر پرسیاری ئەوە دەکەن ئەی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران داخوازیی ئەمریکا نیە، کە گۆیا هەموو دانوستناندن لە سەر ئەو بابەتەیە؟ پێم وایە دۆسیەی ئەتومی ئێران تەنیا بۆ ڕووکەش و ڕەواییدان بە دانوستانەکەیە، چونکە ئەمریکا و ئیسرائیل دڵنیان کە ئێران ناتوانێ چەکی ئەتۆمی دروست بکات و ئەگەر بابەتێکی لەو شێوەیە لە ئارادابایە پێش هەر بابەتێک هێرشیان دەکردە سەر ناوەندە ئەتۆمییەکان و دوای باسی دانوستانیان دەکرد، چونکە ئەمریکا و ئیسرائیل چاوەڕێی دانوستاندن ناکەن و هەر وەک پێشتریش دیتمان هەر کات پێویست بووە هێرشیان کردوە.

**ئەدەی لە بەرانبەر ئەو هەموو تەوەرە و داخوازەی ئەمریکا ئێران چیی دەوێ؟**

بە لای ئێرانەوە پرسەکە زۆر سادەیە، ئێران و تاقمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی تەنیا یەک داواکاری هەیە و ئەویش درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی دیکتاتوریی خۆیانە. هەموو بابەتەکانی دیکە لە پەروایێزی ئەو ویستە واتە درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدایە بە ویستە ئابورییەکانیشەوە، چونکە ئەو دەرفەتە ئابوورییەش وەک دەرفەتێک و درێژکردنی دەسەڵاتی خۆیان بە دوایدا دەگەڕێن.

**پرسی سەرەکییش لێرەدایە، کە خەڵک و گەلانی بندەستی ڕێژیم لە کوێی هاوکێشەکان‌دان؟**



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٥**

**نە لە ویست و داخوازی ئەمریکادا ئازادییەکان و ویستەکانی خەڵکی ئێران ئەولەوییەتی هەیە، نە بە سەرکەوتنی ئەو دانوستاندنە هەزاران قەیرانی کە پشتی خەڵکیان چەماندۆتەوە لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چارەسەر دەکرێن.**

**تەنانەت ئەگەر گەمارۆکان نەمێنن دیسان ئەو گەندەڵییەی لەنێو ئێراندا لە بواری جیاوازی کارگێری و سیاسی هەیە بنبڕ ناکرێ و دەرفەتێکی زیادتر بۆ گەندەڵکاران دەبیندرێتەوە. نە ئەمریکاش بە سەرکوتی خەڵک دڵگران دەبێت و وەک پرسێکی نێوخۆی سەیری دەکات و بە دوای دەستکەوتەکانی خۆی دەبێت.**

**هەربۆیەش بە پێچەوانەی ڕۆژەڤی میدیای فارس زمان کە دەیهەوێ بە پرۆپاگەندەی شەڕ و ئاشتی خەڵک سڕ بکات، پێویستە وەک کوردستان ڕۆژەڤی ئازادیخوازیمان هەر گەرم و پڕ جۆش و خرۆش بێت، چونکە تەنیا نەمانی ڕێژیمی دیکتاتوری دەتوانێ ببێتە سەرەتای چارەسەری قەیرانەکان جا لە هەر بوارێکدا بێت، تەنانەت لە هەمووی ئەوانە گرینگتر گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی کوردستانە کە لە چوارچێوەی دانوستانێکی وەها کە خەڵک لە ئەولەیەتدا نیە بە دوور و نزیک بەدی ناکرێت.**

**٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

---

# لەگەڵ "کفار" میهرەبانن



**هەردی سەلیمی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر هەمان ڕێچکەی پەهلەوی بەرنامەی خەیاڵاویی گەشە و پێشکەوتنی بۆ چارەگە سەدەیەک دواتر دادەڕشت، کات نەوەستاوە و گەیشتووینەتە ئەو وێستگانەی وا ئەوان پێشبینییان کردبوو. "ڕەفسەنجانی" لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاویدا "گەڵاڵەی پێکهێنانی شارستانیەتی ئیسلامیی ١٤٠٠"ی هێنایە بەرباس و وتی: "خەڵک ئاگادارن کە دەوڵەت بۆ ساڵی ١٤٠٠، واتە ٢٥ ساڵی تر گەڵاڵەیەک ئامادە دەکات کە لەو ڕۆژەدا شارستانیەتی ڕاستەقینەی ئیسلام، کە هەرگیز لە درێژەی مێژووی ئیسلامدا لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا نەهاتووەتە دی، لە ئێراندا دێتە دی." ڕەفسەنجانی نەما ساڵی ١٤٠٠ ببینێ، بەڵام دەیەیەک زووتر نیشانەکانی دیار بوون بۆ ئەویش، کە چەندە ئەو گەشبینی و پێشبینییەی ئەو ناڕاست بوو، ئێستا کە سی ساڵ بەسەر ئەو کاتەدا تێپەڕ دەبێ، دەزانین نەتەنیا ئێران پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەدیوە بەڵکوو بە واتای تەواوی وشە لە هەموو بوارەکاندا زۆر بەرەو دواوە چووە.

دوای سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانی و لە سەردەمی "خاتەمی"دا، "خامنەیی" پێشنیاری بە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی

نیزام کرد کە گەلاڵەی سەنەدێکی دوورەدیمەنی بیست ساڵە ئامادە بکەن، ئەم گەلاڵەیە لە کۆتاییی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا ئامادە بوو و بڕیار وا بوو و مزگێنیی ئەوە درابوو لە ساڵی ١٤٠٤دا، ئێران بە لەبەرچاوگرتنی خەڵکسالاریی ئایینی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئازادییە ڕەواکان، مافی مرۆڤ و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و... بگاتە ئاستێکی باڵا لە بەرهەمهێنانی زانست و تەکنەلۆژی، خەڵک بە ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و ئەمنیەتی خواردن و دەرفەتی یەکسان و دابەشکردنی گونجاوی داهات و نەمانی هەژاری و گەندەڵی و هەڵاواردن و بوونی ژینگەیەکی باش و زۆر دەسکەوتی دیکە بگەن؛ بەڵام ئەمڕۆ ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوییە و ڕێک ئەو بەشانەی وا دیارییان کردبوو و مزگێنییان دابوو، لەگەڵ گەورەترین قەیرانەکان بەرەوڕوون.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە بەو خۆبژێوی و "خودکفایی"یە بگات کە چەندین ساڵە بانگەشەی بۆ دەکات و بەو بیانووەوە ئەو وڵاتەی لە بازاڕە جیهانییەکان دوور خستووەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی ئابوورییەکی گەندەڵی ڕانتی سەر هەڵبدات و بەهۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە و بەرنامەی ناوکییەوە ژیانی خەڵک بەم ڕادەیە خراپ بێت و بەشێکی زۆری بچنە ژێر هێڵی هەژاری، نەتەنیا هیچ کەسێک وڵامدەر نییە و نالێ چۆنە تەنانەت یەک ئامانجیان لەو دوورەدیمەنانە نەپێکاوە، بەڵکوو باوەشیان بۆ وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا کردووەتەوە و تازە دەیانهەوێ بڵێن سیاسەتی خۆدابینکردن و خۆبژێوی، ئەو سیاسەتە دروستە نەبووە.

ئەڵبەت وا بیر نەکەینەوە کە بەردی ڕاستییەکان و ناکارامەیییەکانیان وەئاگای هێناون، نا تەنانەت لەوەشدا ڕاست ناکەن، ئەمە ئاکامی گوشار و ئەو ترسەیە کە بە بێدەسەڵاتکردنی پرۆکسییەکانیان و هەست بە نزیکبوونی هێرشی نیزامی کەتووەتە لەشیانەوە. عەلی خامنەیی دوێنێ دیسان بیری هاتەوە لە مێژووی ئیسلامدا ئاشتیی ئیمامی دووەمی شیعەیانیش هەیە و دەتوانن دەستەوداوێنی ئەوە بن، ئەوەی کە بۆچی "ترامپ"ێک کە ئەو هەمووە بە هێمای شەڕ و خراپە دادەنرێ، دەکاتە "معاویە" و خۆی دەکاتە "ئیمامی حەسەن"، دەبێ هەر لەو سیاسەتە دژە سوننییەدا بۆ وڵامەکەی بگەڕێین کە دیسانیش لەم ڕۆژانەدا بە هێرشکردنە سەر پیرۆزییەکانی سوننییەکان لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە، نیشانەکانی دەرکەوت.

بەدەر لەوە لەم قسانەیدا دانی بەوەدا نا کە ئەو دوژمنەی وا ساڵانێک دەیانگوت "هیچ غەڵەتێکی پێ ناکرێ"، بەهێزە و وا دیارە زۆر شتی پێ دەکرێ! بۆیە ئەم ڕێککەوتنە وەک ئەو ئاشتییە مێژوویییە بەوتەی ئەو کاتی دەبێ، ئەمەش بەو واتایە کە گەر دوژمن دیسان بێهێز بوو، کۆماری ئیسلامی دیسان هەر ڕێی خۆی یانی هەمان سیاسەتی ئاژاوەگێڕی دەگرێتەوە بەر. ئەم قسانەی دوێنێی خامنەیی "چرا سەوز"ێک نەبوو بۆ وتوویژ و موزاکەرە، بەڵکوو هەڵێنانی ئاڵای سپیی تەسلیمبوون بوو،

**بانەمەری ٢٧٢٥**

بۆیە دەستی پێشی گرت و هەر لە قسەکانیدا هێرشی کردە سەر ئەو لایەنگرە خەستانەی خۆی و دایمرکاندن و وتی "دەمدڕاو" نەبن و "لێکدانەوەی هەڵە"یان نەبێ و "نارەزایەتیی بێجێ" دەرنەبڕن!

وا دیارە سیاسەتیان دووبارە دارشتووەتەوە و چیی تر لەگەڵ "کفار"دا بە "شددەت" رەفتار ناکەن، بەڵکوو لە بێدەسەڵاتییاندا بە ڕەحم و مێهرەبانییەوە لەگەڵیان دەجووڵێنەوە، بەڵام لە بەرامبەردا لەگەڵ شارۆمەندانی بێدیفاعدا بە توندوتیژییەوە هەڵسوکەوت دەکەن، هەر لەم ڕۆژانەشدا و لە گەرمەی هەواڵی دانوستانەکاندا بەبێدەنگی بەندییەکی سیاسیی کوردیان بەناوی "حەمید حوسێننژاد حەیدەرانلوو" خەڵکی پارێزگای ورمێ لە دار دا. هەر لەم پێوەندییەدا ئامارەکان پێمان دەڵێن لەو کاتەوە دەوڵەتی "پزشکیان" هاتووەتە سەر کار ١٠٥١ کەس لە ئێراندا ئێعدام کراون؛ کە چاو لێ دەکەین کۆماری ئیسلامی تەنیا لە بەرنامەیەکیدا پێداگر بووە و پێی وەفادار ماوەتەوە، ئەویش ئێعدام و تێرۆری کەسانی نارازیی نێوخۆیە، عەلی خامنەیی بۆ ئەوانەی پێیان ناوێرێ دەبێتە ئیمامی حەسەن، بۆ باقیی بێدیفاعانیش "موختاری سەقەفی"یە.

**٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

---

# شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە!



**عەلی بداغی**

نیزیک بە چوار دەیە حوکمڕانیی خامنەیی ئەگەر لەلایەک گەلان و کۆمەڵگەی ئێرانی دەستەویەخەی دەیان قەیران و کارەسات کردوە، بۆ خودی خامنەیی و کۆماری ئیسلامییش جگە لە دۆڕان و مایەپووچ هاتنەوە دەسکەوتێکی دیکەی نەبووە. دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبریش کە پێشبینی دەکرا بەرە بەرە سەری مارەکەش بە دەردی حەماس، حیزبوڵڵا، سووریا و حوسییەکانی یەمەن بچێت، چوونەوەی دۆنالد ترامپ بۆ کۆشکی سپی و ناوەندی بڕیاری ئەمریکاشی هاتە سەر و هیندەی دیکەی خامنەیی و ڕێژیمەکەی خستە تەنگانەوە.

ستراتیژیی ترامپ ڕوونە: کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێ بۆمبی ئەتومیی هەبێ؛ نابێ پەرە بە تێکنۆلۆژیی مووشەکیی خۆی بدات؛ و ڕێگە نادات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێکهێنان و تەیارکردنی هێزە نیابەتییەکانی چیدی ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتە مەترسییەوە و سەقامگیریی ئەو ناوچەیە بە بارمتە بگرێت. لە بەرامبەردا ڕێژیمیش دوو بژاردەی لە بەردەمدا مابوو، یان پاشەکشە و دەستبەردانەوە، یان بەربەرەکانی و بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ کە مەترسیی شەڕی

هەمەلانەیەی لێ دەکرێ.

خامنەیی ئەگەرچی لە سەرەتادا و لە بەرچاوی کامێراکان و بۆ ڕازیکردنی لایەنگرانی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات هەوڵی پاراستنی هەیمەنەی ساختەی خۆی دەدا و دانوستان لەگەڵ ئەمریکای ڕەت دەکردەوە و سازان و وتوویژ لەگەڵ ئەمریکای پێ بێشەرەفی و کارێکی بێئاکام بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لەمێژ بوو ئاڵای سپیی بۆ ترامپ هەڵدابوو. ڕاست لەو کاتەوە کە قاسم سولەیمانی، دیارترین ژێنەراڵی سپای پاسداران کە بە قەول کاروباری چوار پێتەختی عەرەبیی بۆ بەهێزکردنی هیلالی شیعیی ڕێژیم هەڵدەسووڕاند، بە بڕیاری ترامپ لە یەکێک لەو پێتەختانەدا کرایە ئامانج. بەڵام خامنەیی کە وادەی "تۆڵەی سەخت"ی دابوو، لە ترسی کاردانەوەی توندی ئەمریکا و تێوەنەگلان لە شەڕێکی قورسی ڕاستەوخۆ، لە بەناو هێرشەکەی سەر عەینولئەسەددا لە پووتیی بەتاڵی سرەواند و بەم دیزەبەدەرخۆنەکردنە قەیرانەکەی لەوکاتدا تێپەڕاند!

خامنەیی کە بەئاشکرا دەیگوت وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا ناکا و خۆ ئەگەر بیشی کا لەگەڵ دەوڵەتی ترامپی ناکا، یان کاتێک بە دڵنیاییەوە دەیگوت نە شەڕ ڕوو دەدا و نە مل بۆ دانوستانیش ڕادەکێشێ؛ بەڵام کاتێک زانی شەڕ بەر دەرکی پێ گرتوە و لەبەر زەبوونییەکەی و لە پێناو پاراستنی نیزام و ڕێژیمە سیاسییەکەی بەهەر نرخێک بووبێ، ملی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، ئەویش ترامپ ڕاکێشا. جا با کەیهان و شەریعەتمەدارییەکان و مۆرە بەناو ئەرزشییەکانی ڕێژیم پاشەکشەکانی خامنەیی بە "تەقیە" و حیکمەتی قووڵ دابنێن و سوڵحەکەی ئیمام حەسەن لەگەڵ مەعاویەش بە نموونە بێننەوە!

بەڵام ئاخۆ بەڕاستی ڕێژیم بژاردەی دیکەی جگە لە نەوێکێشان یان بە قەولی خۆی "نەرمشێکی دیکەی قارەمانانە" هەیە؟ لە کاتێکدا لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە پەلوپۆی توانا نیزامییەکانی ڕێژیم کراوە و کارتی شوێندانەریی لەسەر هاوکێشە ناوچەییەکانی لە دەست هاتووەتە دەر، لەکاتێکدا قەیرانی ئابووری لە سۆنگەی گەمارۆکان و گەندەڵیی نێوخۆیی ڕێژیمەوە هەناسەی لە ڕێژیم بڕیوە، کاتێک سێبەری شەڕێکی قوورس لەسەر خۆی هەست پێ دەکا کە لەوانەیە تەخت و بەختی ڕێژیم هەڵتەکێنێ؛ سروشتییە خامنەیی لە پێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیدا ئیمتیاز لە دوای ئیمتیاز بدا و چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی دی بۆ کەوتنەوە سەر پێ بمێنێتەوە. ئەو دۆخە نوێیەش هەم دەتوانێ ببێتە هۆی داتەبین و بێهوایی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت ئەو لایەنانەی هەموو هیوایەکیان لەسەر ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم لەسۆنگەی گوشار و هێرشی هێزی دەرەکی هەڵچنیوە، هەم دەتوانێ هەل و دەرفەتیش بۆ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دروست بکات، بێتوو خۆیان بخوازن.

شک لەوەدا نیە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و ترۆئیکای ئورووپا بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی گەورەیە، چونکی



سەرچاوە Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٥**

پشوویەکی دێتەوە بەر. ئەم ڕێککەوتنە ئەگەر بۆ کۆماری ئیسلامی ڕووخانی ئایدۆلۆژیکە، بەڵام بێتوو لەو سۆنگەیەوە پارە بلۆکەکراوەکانی ڕێژیم ئازاد بن، گوشاری گەمارۆکانی لەسەر لابچن و ئاسانتر بتوانێ نەوتەکەی بفرۆشێ و بازاڕی ئێرانیش بە ڕووی ئەورووپادا بکاتەوە؛ دەرفەتێکیشە بۆ ڕزگاربوونی ڕێژیم و بووژانەوەی. ئەگەرچی ئەم دۆخە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر دەستئاوەڵایی ڕێژیم بۆ سەرکوتی زیاتر و هەمەلایەنەتری نارەزایەتییەکانی نێوخۆ و سەپاندنی کەشێکی داخراوتر لە پێشوو بە سەر کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی مەدەنیی وڵاتدا. ئەزموونیش نیشانی داوە کۆماری ئیسلامی هەتا لە بەرەیەکی دەرەکی دۆڕاوە، لە نێوخۆ تۆڵەی توندی خەباتکارانی سیاسی و لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کردووەتەوە.

ئەم ڕێککەوتنە هاوکات ئەو پەیامەش بە خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن دەدات کە وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی پتر لەوەی لە خەمی پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی ئێران و ئەو کارەساتانەدا بن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵک و وڵاتی ئێرانی هێناوە، تەنیا سەقامگیری ناوچە بۆ دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان دەوێ. بۆیە ئۆپۆزیسیۆن نابێ چیدی هەموو هێلکەکانی تەنیا لە قەرتاڵەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر کۆماری ئیسلامی دابنێ و پێویستە هەموو توانای خۆی لەسەر دوو تەوەر دابنێ، یەکەم کۆتاییهێنان بە پرشوبڵاوی و پێکهێنانی یەکیەتییەکی بەکردەوە و سازان لەسەر لانیکەمی هاوبەشییان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی. دووهەم ڕێکخستنی خەڵک و ئامادەبوون و ئامادەکردنی خەڵک بۆ نارەزایەتییە گشتییە فرەڕەهەند و ئامانجدارەکان. ئۆپۆزیسیۆن لەبری شەڕ و ململانێ لەسەر ڕۆڵی ڕێبەریکردن بێتوو لەسەر بەرپرسایەتیی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان هەماهەنگ بن، هەروەها لەجیات دژایەتیی ڕووتی کۆماری ئیسلامی بە وێژمانسازی بڵێن کە دوورەدیمەنی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی چ دەبێ؛ دەتوانن ئاسۆی بەرخودان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی ڕوونتر بکەن.

هەروەک ئەمریکا، ترۆئیکای ئورووپا، ڕکەبەر و نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە خامنەییان سەلماندوە کە شەق دەزانێ قۆناغ لەکوێیە، بێگومان کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیش دەتوانن لە نێوخۆ کۆماری ئیسلامی بەو دەردە ببەن.

**٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# فوتباڵ وەک "زمانی دەربڕین!"




**ئەمیر باباخانی**

ئەگەرچی وەک هەموو کایەیەکی وەرزشی، فوتباڵیش سەرەتا بۆ تێپەڕاندنی کات و ڕاهێنان و چەند چرکەساتێکی تەژی لە شادی ساز بوو، بەڵام دواتر فوتباڵ بووە چەشنێ لە "زمانی دەربڕین". واتە دەبێتە دیاردەیەک کە کارتێکەری خۆی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری نیشان دەدا. بە تایبەتی کاتێ لەگەڵ جۆرێ لە ناسیۆنالیزم تێکەڵ دەبێ، دەبێتە زمانی دەربڕینی دوو هەست و بیری جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک.

ڕێک لەم پنتەڕا دوو دیوی زمانی ئەم دەربڕینە خۆ دەردەخەن. یەکەم دەربڕینی هەست و سۆزی نەتەوەیی، دووهەم بۆ درکاندنی ناسیۆنالیزمێکی دەمارگرژی هێرشبەرانە کە دواجار فاشیزمی لێ‌دەکەوێتەوە، کە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە بۆ ئەم ڕەهەندەی دوایی.

بۆ نموونە لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی مۆسۆلینی (١٩٤٣ - ١٩٢٢)، فوتباڵ دەبێتە زمانی دەربڕینی فاشیزم، تەنانەت

یاریزانەکان لە یاریگاکاندا هێماکانی فاشیزم زەق دەکەنەوە. تەنانەت یانەی تۆپی پێی ئیتالیا کە دەبێتە قارەمانی مۆندیالی ساڵی ١٩٣٤ کە هەر لەم وڵاتەدا بەڕێوە چوو، لەژێر کارتێکەری و چەتری دەسەڵاداریێتی فاشیزمدا بوو. یان لە سەردەمی نازییەکادا، هەرچەند هیتلێر خۆی لایەنگری تۆپی پێ نەبوو، بەڵام دەزگای زەبەلاحی پڕۆپاگاندای نازی بە سەرۆکایەتیی گۆبلز، ئەم کایەی وەک نمادێک لە تەکوز و دیسیپلینی نەتەوەیی و زەقکردنەوەی ڕەگەزی ئاریایی نیشان دەدا. تەنانەت لە کایەی بەناوبانگی نێوان یانەکانی نۆرویژ و ئاڵمان لە ئۆلەمپیکی ١٩٣٦ کە ئاڵمانەکان دۆڕان، بوو بە هۆی تووڕەیی لە ڕادەبەدەری ئاڵمانەکان و کاردانەوە یەکجاری ناحەزی لێ کەوتەوە.

دیارە ئەم دیاردەیە پەلهاوێژی بۆ وڵاتانی تریش کردوە، بۆ وێنە دەسەڵاتە سەربازییەکانی وڵاتانی ئەمریکای باشوور، تۆپی پێیان وەک ئامرازێک لە خزمەتی پێکهاتەی دیکتاتۆری وڵاتەکەیان بەکارهێناوە. لە مۆندیالی ١٩٧٨دا کە لە وڵاتی ئارژەنتین بەڕێوە چوو، دەسەڵاتی نیزامی ئەو وڵاتە بە ڕێبەری خۆرخێ ویدێلا، لەم ڕووداوە بۆ نیشاندانی سەقامگیری سیاسی و پێشکەوتنی وڵات کەڵکی لێوەرگرت. ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە بە هەزاران کەس لەژێر گوشاری سیاسی ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆیەدا بوون. هەروەها، لە ساڵانی ڕابردوودا، زۆر گرووپی ڕاستی پاوانخواز بە ناوی لایەنگرانی تۆپی پێ پێکهاتوون کە، لە هەوڵی پەرەسەندنی ئیدئۆلۆژییەکانی خۆیاندان. لە وڵاتانی ئورووپایی وەک ئیتالیا، ئاڵمان و ڕووسیا، گرووپی لایەنگرانی توندئاژۆ بە ناوی ئوڵتراکان ساز بوون کە بە کردەوە و دروشمی ڕەگەزخوازانە و شێوە فاشیستییانە لە یاریگەکاندا، ئامادە دەبن و خەریکی بڵاوکردنەوەی ئیدئۆلۆژی خۆیانن. بۆ وێنە ئێستاش لایەنگرانی تیمی تۆپی پێی لاتزیۆ لە ئیتالیا، لایەنگری لە مۆسۆلینی و باوەڕە فاشیستییەکانی دەکەن و تەنانەت نەوەی مۆسۆلینیش یاریزانی یانەی لاتزیۆیە!

***

ئەم ڕۆژانە یانەی تۆپی پێی تراکتۆری تەوریز، پێشەنگی ڕیزبەندی لیگی تۆپی پێی ئێرانە. یانەیەک کە لایەنگرەکانی لە فەزایەکی پۆپۆلیستیدا خاوەنی بۆچوونێکی ناسیۆنالیستیی دەمارگرژن، کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی فاشیزم دەدا. ئەوان خۆیان وەک پانتورک پێناسە دەکەن و لە یاریگاکان هەموو هێماکانی ئەم پانتورکیزمە دەخەنە بەرچاو! دیارە پانتورکیزم لە ئێران ڕێک وەک نوسخە سەرەکییەکەی بە شێوەیەکی سەقەت خۆی دەرخستووە، چون لەباری تیۆریکەوە تا ئاستی هەژاری و داماوی لاوازە و بە قەولی مینۆرسکی ساختەچێتی یەکێ لە کۆڵەکەکانی ئەم "پان"یە!

بێگومان بەشێک لە کردەوە و دژکردەوەکانی لایەنگرانی یانەی تراکتۆر دێتە خانەی فاشیستییەوە، هەرچەند ڕەنگە گەڕانەوە بۆ مێژووی سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ڕەزاشا و سەپاندنی چەمکی دەوڵەت - نەتەوە لەسەر بنەمای هۆمۆژێنسازی و پەراوێزخستنی نەتەوەکانی تر، یارمەتیدەر بێ بۆ شرۆڤەی ئەم چەشنە دژکردەوانە بە دژی نەتەوەی باڵادەست، بەڵام نابێ

**بانەمەری ٢٧٢٥**

ئەم ڕاستییە لە بیر بکرێ کە ڕادەی ئەم پەراوێز خستنە جیاواز بووە، بۆ وێنە تورکەکان بە حوکمی هاوئایینزایی (شیعە) لەگەڵ دەسەڵات و هەروەها پێشینەی دەسەڵاتدارێتیان لە ئێران، بەردەوام وەک جەمسەرێکی ئابووریش شوێنەدانەرییان هەبووە. بۆ نموونە لە تارانی پێتەختی ئێران جۆرێ لە ڕکابەرایەتی لە نێوان تورک و فارس ساز دەبێ و فارس لە ڕێگەی "زمانی زاڵ"ەوە تورک تەحقیر دەکا، بە کەمگرتنێکی مێژوویی! تەنانەت ئەم بە کەمگرتنە لە سەردەمی پاتشا تورکەکانەوە وەک قاجار و سەفەوی بە هۆی زاڵیی سیاسیترین توخمی ناسنامەیی واتە زمانی فارسی بەردەوام بوو. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا یاریگاکان و بەتایبەتی یاریگای شاری تەورێز بۆتە گۆڕەپانێک بۆ دەربڕینی زمانێکی فاشیستی بە دژی هەمووان.

پانتورکیزم بە هوی ئەو لاوازییانەی باسم کرد، هەرگیز توانایی ئەوەی نەبووە بە زمانێکی مەنتقی لەگەڵ "ئەوی ترەکان" جۆرێ لە دیالۆگ سازبکا و هەمیشە خاوەنی گوتارێکی هێرشبەرانە بووە. تەنانەت پانتورکەکان لە یاریگاکان بە دژی کوردیش دروشم دەڵێنەوە کە ئەمە دەتوانێ سیگناڵێکی مەترسیدار بێ بۆ ئەوەی ئەم دروشمە فاشیستییانە لە یاریگا بەرەو کۆمەڵگا بێتەوە! گەلەکۆمەی چەندپانتورکێک لە ورمێ بە پشتیوانی دەسەڵاتی خۆجێی ئەم شارە بە دژی نەورۆزی پڕشکۆی کوردان دەتوانێ وەک نموونە باس بکرێ!

لە لایەکی ترەوە ئەم هێمایانەی بەرامبەر بە نەتەوەی باڵادەست لە یاریگاکان بۆ پشتگیری لە تراکتۆر بەرز دەکرێنەوە بۆ داکۆکی لە زمان و تەنانەت هەڵدانی ئاڵای تورکیا و ئازەربایجان بە مەبەستی وەستان بەرامبەر بە دەسەڵاتە جێگیرە و ڕێک لێرەدایە کە تێکهەڵنگوتنێک لە نێوان لایەنگرانی تراکتۆر و یانەکانی سەر بە نەتەوەی فارس بەتایبەتی هی پێتەخت ساز دەبێ! نەتەوەی سەردەست بە حوکمی مێژووی دەسەڵاتدارێتی و شێوەڕوانینی لە سەرەوەڕا، بەرامبەر بەم توخمە ناسنامەییانە بە توندترین شێوە و نەشیاوترین وتەکان دەوەستێتەوە و جۆرێ لە نەفرەت و بێزاری وەدی دێنێ.
دیوەکەی تر شێوەڕوانینی تورکە بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر، بێگومان وەک باس کرا هیچ نەتەوەیەک بەقەرا تورک لە فارس نیزیک نەبووە لەباری هاوبەشی لە دەسەڵات و تەنانەت بوون بە داردەستی نەتەوەی سەردەست بۆ سەرکوتی "ئەوانی تر" بۆیە ئەم مەیدانە زۆر جاران دەبێتە زمانی دەربڕینی فاشیزم .

ئەگەر ئەم بۆچوونە بسەلمێنین کە سیمای ڕاستەقینەی نەتەوەکان لە یاریگاکاندا ببینە و، ئاورێکی جیددی بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشیخوازانەی نەتەوەکانی دەرودراوسێ نەدرێ، لە داهاتوویەکی نیزیکدا تووشی کێشەی چاوەڕواننەکراو دەبین!

**٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# تێڕامانێکی کورت بۆ پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات




حەسەن شێخانی

بابەتی پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بابەتێکی ڕۆژەڤە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. لەم بارەوە تێگەیشتنی حیزب لە کۆمەڵگەی مەدەنی و خوێندنەوەی ئەکتەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ حیزب و چۆنیەتیی مامەڵەی حیزب لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی دێتەئارا. هەندێ لە خوێندنەوەکان لە تێگەیشتنێکی ناڕاستەوە بۆ حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی و پێوەندیی نێوانیان سەرچاوە دەگرن و لە قازانجی بزاڤی نەتەوەیی و پلۆرالیزم و بەرفراوانکردنی ئەم بزاڤە نین و هەژار و قەتیسی دەکەن و زیان بە دەوڵەمەندی و یەکگرتوویی بزاڤی نەتەوەیی دەگەیەنن.

١- خوێندنەوەی یەکەم لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی نادروست بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆ دەنرێ. ئەم خوێندنەوەیە تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی وا لێک دەداتەوە کە حیزب تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاکەرەوە و شوناسی خۆی بدۆڕێنێ و ببێتە NGO یەکی مەدەنی و لە ئامانج و ڕێکاردا وەک ئەو بجووڵێتەوە. ئاشکرایە ئەم خوێندنەوەیە ئەوە نادیدە دەگرێ کە



سەرچاوە
Serchawe

هەرکامیان ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان هەیە. حیزب تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە حاڵەتی وەکیەکبوونی لەگەڵ ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، حیزب نامێنێ. خاڵی جیاکەرەوەی حیزب لەگەڵ NGO کان ئەوەیە کە ئامانجی حیزب گشتگیرترە و خۆی لە شێوازی مەدەنیی بەرخۆدان و خەباتدا سنووردار ناکا. هەروەها حیزب لە خانەی سیاسیشدا بە مانای تایبەتی وشە جێ دەگرێ و ئامانجی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و حکومەتە و لەم ڕێگەوە بە دروستکردنی فەزا دەتوانێ دەرەتانی بەردەم NGO کان والاتر بکا.

٢- هەندێ کەس تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی وا دەقەبڵێنن و دەقەبووڵێنن کە حیزب مەیدانی مەدەنیی خەبات بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بەجێ بێڵێ و لێی بکشێتەوە. وەک بڵێی کە حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕەهایی لێک جیان و فەزایەکی هاوبەشیان نیە؛ حیزب بیاڤی خۆی هەیە و کۆمەڵگەی مەدەنیش بیاڤی تایبەت و دیاریکراوی خۆی، کە هیچ کامیان نابێ بێتە نێو بیاڤی ئەویتر؛ چونکە تێکی دەدا و لە حاڵەتی ئاسایی و ڕەسەن و ڕاستەقینەی خۆی دەباتە دەر. خافڵ لەوە کە وەها سنووربەندییەکی ڕەها لە نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نیە. حیزب هەڵقووڵاوی کۆمەڵگە و خواستەکانیەتی و، ئەگەرچی لە گۆمەڵگەی سیاسیدا جێ دەگرێ بەڵام ئاخێزگەکەی کۆمەڵگەی مەدەنییە و قاچێکی لە کۆمەڵگەی مەدەنی دایە و ئەساسەن ناتوانرێ لێی جیا بکرێتەوە. لێکجیاکردنەوەیان ئینتزاعی و ناواقعییە. حیزب ئەکتەرێکی گرینگی کۆمەڵگەیە و وێڕای جیاوازی لە ئەرک و فۆنکسیۆندا، لەگەڵ ڕێکخراو و ئەکتەرەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە، لە چوارچێوەی دالی گەورەی نەتەوەییدا یەکدەگرنەوە و دەتوانن پشتگیریی یەکتر بکەن و لە یەکتر هێز وەربگرن. ئەوەی یەکیان پێی ناگرێ، ئەویتر بیکا و لە کارە هاوبەشەکانیشاندا هاوتەریب و هاوکار بن. وەک چۆن حیزب نابێ لە چالاکیی مەدەنیدا کورت بکرێتەوە بە هەمان شێوە پێناسەکردنی حیزب وەک ڕێکخراوێک کە تەنیا خەباتی چەکداری دەکا، هەڵەیە. حیزب لە هەر دوو شێوازی خەبات بەپێی پێویستی و قۆناغ و دەرەتان کەڵک وەردەگرێ.

٣- خوێندنەوەی سێهەم لە زێهنیەت و عەقڵیەتێکی پاوانخوازانەی نێو حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ. بەپێچەوانەی ڕوانینی یەکەم کە حیزب وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لێ دەکا ئەم ڕوانینە دەیەوێ کۆمەڵگەی مەدەنی وەک حیزب لێ بکا، بیکاتە درێژکراوە و کۆپی خۆی و هەر چەشنە جیاوازی و ناڵێکییەک لەم بوارەدا تەحەموول ناکا و ڕەتی دەکاتەوە و لە زیانی "یەکگرتوویی" وەهمی دڵخوازی خۆی لێی دەڕوانێ و شانتاژی لەدژ وەڕێ دەخا.

هەر دوو ڕوانینی یەکەم و سێهەم یەکسانسازی دەکەن و لەگەڵ ئەوەدا کە فرەچەشنی و جیاوازی دەسڕنەوە و تاسەر ئێستقان لە تێگەیشتنێکی هەڵە بۆ دامەزراوەی حیزب و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە سەرچاوە دەگرن و جیاوازییان لە چیەتی و ئامانج و ڕێکاردا نادیدە دەگرن و هەر دوو بیاڤەکە تووشی کێشە و دژەکارکرد دەکەن. لە بنەڕەتدا حیزب نابێ بە

شێوەیەکی قۆرخکارانە لەگەڵ کۆمەڵگە مامەڵە بکا. بێگومان مەیدانێکی خەباتی حیزب، مەیدانی مەدەنییە و دەتوانێ و پێویستە بە ڕێکخستنی ئەم مەیدانە و میکانیزمی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ستەم و داگیرکاری ببێتەوە. نەک ئاساییە بەڵکوو ئەرکیەتی کە خەڵک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە. بەڵام بەو مەرجە کە ڕوانینێکی داسەپێنەری بۆ ئەکتەر و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەبێ و وێڕای ئەوان و بە هاوکاریی ئەوان کار و چالاکی بکا و لەیەکتر وەربگرن و ئەگەرچی چیەتی و فۆنکسیۆنیان جیاوازە بەڵام لە بەرەیەکدا جێ بگرن. ئەمەش واتا پێناسەیەکی دروست بۆ هەر دووکیان و دیموکراتیزە کردنی پێوەندییەکانیان. ئێمە کە دروشمی دیموکراسی دەدەین ناکرێ ڕوانین و پراکتیکێکی پاوانخوازانەمان هەبێ. ڕوانین و پراکتیکێک کە هەر دوو ئەکتەر و مەیدانەکە نەزۆک و نابەرهەمدار دەکا.

حیزب دەبێ بەپێی پێویستی لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵگەدا حزووری هەبێ و ڕادەی حزووری گرێ دەدرێ بە پێویستی و پێداویستییەکانی چالاکییە جۆربەجۆرەکان؛ ڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی نێوحۆ دەکا، خەتیان پێ دەدا، بیرۆکەیان لێوەردەگرێ و لە پێرفۆرمانسدا بەپێی پێویستیی قۆناغ و بزاڤ، خۆی دەردەخا. هەروەها ئەو ئەرکانەی ئەرکی تایبەتیی ئەون (بۆ نموونە ئەرکی بەرگریی چەکداری) خەمیان لێ دەخوا و لە کاتی خۆیدا بەجێی دەگەیەنێ و لە هێزی مرۆیی کۆمەڵگە کەڵک وەردەگرێ و بۆ ئەم مەبەستە ڕێکیان دەخا.

حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی زەمینەسازی بۆ یەکتر دەکەن و ئەمەش گرێدراوە بەوەی وەک خۆیی چاو لە یەکتر بکەن. ئەگەرچی بەشێک لە ڕێکار و تەکنیک و تاکتیک و شێوازەکانیان جیاوازە، بەڵام هەردووکیان لە چوارچێوەی بزاڤی نەتەوەییدا جێ دەگرن و دەتوانن خەسڵەتێکی تەواوکەر و یەکتربەهێزکەریان هەبێ.

بەکورتی نە حیزب وەک NGO یەکی مەدەنی کار بکا و خۆی لە شۆناسی تایبەتی خۆی دامالێ، نە کۆمەڵگەی مەدەنی بە چاوی موزاحیم و تێکدەر لە حیزب بڕوانێ کە "دەست وەرنەداتە" چالاکی و پڕۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و، نە حیزبیش تەماعی قۆرخکردنی جموجۆڵ و چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێ. ئەوان دەتوانن لە پەنا یەکتر ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن و لە دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا وێڕای ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی یەکتر، بە شێوەیەکی هاوبەش و هاوئاراستە و فرەڕەهەند کار بکەن.

خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات کۆمەڵگەیەکی زیندوو و فرەچەشنە و بەم پێیەش ئەگەری ناکۆکی و نەسازان هەیە. لە حاڵەتی ناکۆکی لەسەر ستراتیژی و تاکتیکەکان، ئەگەر نەتەوەبوونی کورد بەبنەما وەربگیرێ، دەکرێ لە دیالۆگێکی کراوە و بەرپرسانەدا ناکۆکییەکان کەم بکرێنەوە و لانیکەم ناکۆکییەکان نەچنە خانەی دژایەتی و دژبەری.

**بانەمەری ٢٧٢٥**

**بەڵکوو لە خانەی هاورا و موخالفدا بمێننەوە. ئەمەش گرێدراوی ئەوەیە کە ئەکتەرەکانی چالاکی ڕۆژهەڵات، بە مێنتالیتەیەکی دموکراتیک و پلۆراڵەوە مامەڵە بکەن و دوور بن لە ڕەهابینی و دەمارگرژی. لەسەر ئەم باوەڕەم کە ڕوانین و مێنتالیتەی دێموکراتیک و پلۆراڵ خزمەتی بزاڤی نەتەوەیی و بەرینتربوونەوە و بەهێزبوونی دەکا و مەیلی پێچەوانە، لاوازی دەکا. بە وەها ڕوانینێک دەکرێ لانیکەم هەموو ئەکتەر و دامەزراوەکان لە ئاراستە و ئاسۆیەکی هاوبەشدا کار بکەن و وێڕای قبووڵی ئەکت و کردە و تاکتیکی جیاواز، یەکتر تەواو و بەهێز بکەن. ئەوەی بزاڤی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات پێویستیەتی یەکگرتووییە لە هەناوی فرەچەشنی. بۆ ئەمەش پێویستە ئەکتەرە جیاجیاکان دان بە یەکتردا بنێن و وێڕای پاراستنی تایبەتمەندیی خۆیان و کار و ئەرکی جیاواز، لە شاڕێی نەتەوەییدا هەنگاو بنێن و مەیدانە هاوبەشەکانی کاردکردنیان ببینن.**

**٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

# خاکیپۆشی دەبێتە یۆنیفۆرمی سەربازیی کورد لە ڕۆژهەڵات



**ڕێباز مەریوانی**

**نەورۆزی ئەمساڵ جیاوازیی بەرچاوی لەگەڵ نەورۆزەکانی ڕابردوودا هەبوو و وادیار دەرەنجامەکانی ئەو مانۆرە مەدەنییە ببێتە ژێرخان و بنەمای هەندێک ئەرک و ڕاسپاردە لە بزوتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.**

**خاڵە گرنگ و جێی باسەکان بریتین لە:**

- نەورۆزی خاکیپۆشان بەرهەم و پێشنیاری ڕێخستنەکانی نێوخۆ بوو کە بە هۆی درێژکردنەوەی مۆڵەتی ڕێورەسمەکان بۆ مانگێک، توانییان سەربەخۆ ئەندازیاریی هەموو ڕێورەسمەکان لە ماکۆوە هەتا لورسانات بکەن. نەورۆزی خاکیپۆشان گەرچی تەواو مەدەنی بوو بەڵام بە هۆی هەستیاریی ڕژیم بەو ڕەنگ و هێماگەلە بە داخەوە بە دەیان کەس دەستبەسەر و بە سەدان کەس بانگهێشتر ناوەندە سەرکوتکەرەکان کران. شایانی باسە هەر لە سەرەتاوە ڕژیم ڕەنگی خاکی قەدەغەن کرد و هۆشداریی دایە پارچەفرۆش و جلوبەرگدوورەکان.

بانەمەری ٢٧٢٥

- نەورۆزی خاکیپۆشان لە ڕاستییدا گشتپرسی و ڕێفراندۆمێک بوو بۆ جیاکردنەوەی دانیشتووانی هەرێمی زاگرۆس لە گەل ناوەند و نەتەوەی باڵادەست. کاتێک شوناسخوازی بیرۆکە و هێماسازی ڕەسەن و خۆماڵی لە پشت بێت بێگومان دەبێتە مایەی هیواداریی و دڵ پێخۆش کردن بۆ هەنگاوی گەورەتر واتە نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی.

- دەرکەوتنی ژنان بە ڕێژەی زیاتر لە پیاوان و لە هەمووی گرنگتر بە جلوبەرگی خاکی و هەوری و جامانەوە نیشانەی هاودەنگ بوون و هاوڕێ بوونی ژنی کوردە لە گەل بزوتنەوەی نەتەوەیی ـ دیموکراتیکی کوردستان. ژنی کورد نیشانی دا لە بزوتنەوەی ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە پێشترەوەیە و هەروەها بێجگە لە داواکاری مافی ڕەوای ئینسانی خۆیان خەمی خاک و ولاتییان لە مێشک دایە و بە کردەوە ئەو ڕاستییەیان سەلماند.

- بەشداری هەموو ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی زاگرۆس، خوراسان، تاران و،،، سەلماندی کە بزوتنەوەی کوردستان ڕۆژبەرۆژ لە گەشەدایە و هزر و بیرە دیموکراتیکەکانی کورد تیشکدانەوەی لە سەر هەموو کوردێک هەبووە و تەنانەت هەموو گەشتیارە غەیرە کوردەکان هەم جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی و هەم بە شانازییەوە بەشداری ڕێورەسمەکانی کوردستانیان دەکرد.

سەرەنجامی باس: نەورۆزی خاکیپۆشان مەترسی ڕاستەقینەی بۆ دەسەڵات درووست کرد هەر بۆیە لە ژێر ناوی هەشتسەد ڕۆشنبیری ناوەندنشیندا هەراسنامەیەک بڵاو کرایەوە. بە گشتی نەورۆزی ئیمساڵ بۆ ئێمەی کورد دەتوانێ خوێندنەوەی زیاتری بەدواوە بێت. کاتێک هۆشیاری و ڕۆشنبیری نەتەوەیی لە ئاستی جەماوەرییدا بەو ئاستە گەیشتبێ پێویستە بزوتنەوەی سیاسی و ئەلیتی کوردستان لە بیری ڕێخستن و بەسیستماتیکردنی ئەو جەماوەرە بەرینەدا بن بۆ کار و ئەکی گەورەتر لە داهاتوودا. یەکێ لە هۆکارەکانی پێشوازی جەماوەر لە نەورۆزی خاکیپۆشان ئەوە بوو کە لە ناوخۆدا ڕێخستن و ئەندازیاری چالاکییەکان دەکرا و بزوتنەوەی کوردی پێویستە لەوەبەدوا زۆربەی ئەرک و ڕاسپێراوەکان بە خەڵک بسپێرێ. لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە ڕەنگی خاکی تەنیا ڕەنگێکی ئاسایی نیە بەڵکوو پەند و فسەگەلی نەستەقی وەک "خەڵکی و خاکی " و "وەک خاک ئاسایی و پاک " نیشانەی مەزنی ئەو ڕەنگەیە، هەڵبژاردنی جلوبەرگی خاکی دەقاودەق دەگەرێتەوە بۆ ئەو خوێندنەوە مێژووییانە لە ڕەنگی خاکی هەر بۆیە جەماوەری کوردستان پێشوازییان لەو ڕەنگە کرد و بزوتنەوەی کوردیش پێویستە لەوەدوا وەکوو یۆنیفۆرمی سپای کوردستان باسەکە برووژێنێت.

٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# کوردستان ئاڵاهەڵگری یەکیەتی و هاواری بەرزی ئازادی



**کاوە سندووسی**

ڕووداوە گوماناوی و دڵتەزێنەکەی بەندەرعەباس، جارێکی دیکە برینە کۆنەکانی جوگرافیا فرەڕەنگەکەی ئێرانی کولاندەوە و سیمای ستەمکارانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی خۆیاتر لە جاران وێنا کرد. لەم نێوەدا، گەلی سەربەرزی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی، بەتایبەتی خەڵکی مرۆڤدۆستی مەریوان و شۆفێرە زەحمەتکێشەکانی ئەم ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هەڵسوکەوتێکی پڕشارستانی و مرۆڤایەتی، هاوخەمی قووڵی خۆیان لەگەڵ قوربانییانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە دەربڕی. کوردستان کە خۆی قوربانیی تیرۆر و تەقینەوە و مووشەکباران و لەسێدارەدان و سەرکوتە، وەک هەمیشە، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد؛ ستەم لە هیچ کوێیەکی ئەم خاکەدا بێ وەڵام نامێنێتەوە و ڕۆژێک دێت ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی، کە زۆربەیان بەرپرسە بێ کیفایەتانەی کۆماری ئیسلامین، لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا دەبێت بە سزای کردەوەکانیان بگەن.

کوردەکان، ئەم گەلە دێرین و ئاشنا بە ئازار و مەینەتە، بە دابونەریتی ڕەسەن و لەمێژینەی خۆیان لە مرۆڤدۆستی،

لێبووردەیی و ئەخلاقتەوەری، جارێکی تر سەلماندیان لە دژوارترین ساتەکاندا، پەناگەو پاڵپشتی ستەملێکراوان و دەنگی بەرزی کڕکراوەکان دەبن. کولتوورێک کە ئامادەیە خۆی فیدا بکات هەتا هیوا بە زیندوویی بهێڵێتەوە و لە هەر هاوارێکی مافخوازانەدا، ڕەگ و ڕیشەی قووڵی خۆی لە تێکۆشان و ئازادیدا دەدۆزێتەوە.

بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە دڵی کوردستانەوە سەری هەڵدا و ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جوگرافیای ئێراندا دەنگی داوەتەوە، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ڕۆحی ئازادەیی و شکۆمەندیی گەلی کورد. ئەم دروشمە، کە گیانێکی تازەی بەبەر بزووتنەوە ئازادیخوازەکاندا کرد، نەک تەنیا بانگەوازی مافخوازیی ژنانە، بەڵکوو هاواری مرۆڤ بوون و بە مرۆڤ مانەوەیە لە بەرانبەر ستەم. ئەمڕۆ، کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی، بە ڕاگەیاندنی هاوپشتی، پرسە و سەرەخۆشی بۆ خەڵکی بەندەرعەبباس، جارێکی دیکە سەلماندیان؛ ژن، ژیان، ئازادی، تەنیا دروشم نییە؛ بەڵکوو شێوازی ژیان و ڕێبازی شەرافەتمەندانەی مرۆڤی ئازادی کوردە.

لە کولتووری گەلی کورددا، "ئەوی دی" بەتایبەت لە کارەسات و ڕووداوە سروشتی و ناسروشتییەکاندا یان لە بەرانبەر چەوساندنەوە و سەرکوتە ستەمکارانەکانی حکومەتدا، جێی ڕێزە. لێبووردەیی و گەورەیی، نەک دروشمێکی کاتی، بەڵکوو جەوهەرێکە لە گیانی خەڵکی ئەم خاکە دێرین و بە فەرهەنگە.

حیزبی دیموکرات هاوشان لەگەڵ خەڵک و شۆفێرانی مەریوان، بە دەربڕینی هاوخەمی، نیشانیان دا کە کوردستان، نەک تەنیا لە بەرانبەر خەمەکانی خۆیدا خۆڕاگرە، بەڵکوو بۆ ئازاری هەموو مرۆڤێک دڵەکوتەیەتی و دەستی یارمەتی و دۆستایەتی درێژ دەکات. ئەمڕۆ، کوردستان بەم هاوپشتییە نەک هەر تەنیا هەوڵی سارێژ کردنەوەی برینی تەشەنای بەندەرعەباسی دا، بەڵکوو مەشخەڵێکی هیوای لە دڵەکاندا هەڵکرد و کوتکێکی لە سیاسەتی چەپەڵی "ئاژاوە بنێ و حکومەت بکە"، دا.

بە هیوای ئەوەی ڕۆژێک ئەم یەکێتی و یەکگرتوویی و هاوپشتییە، ئەم سۆزە و ئەم هاوارانە، دەست لەناو دەستی یەکتر، ڕەگوڕەچەڵەکی نادادپەروەری و زوڵم لە خاکی ئەم نیشتمانە هەڵبکێشن و ببێتە سەرەتای کۆتاییهاتنی حکومەتی گزی و درۆ و ڕیا و دووڕوویی.

بە هیوای ڕۆژێک کە؛ "ژن، ژیان، ئازادی" نەک هەر بە تەنیا دروشمێک، بەڵکوو ڕاستییەک بێت لە ژیانی ڕاستەقینە. بە هیوای داهاتوویەکی ڕووناک کە تێیدا ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی ببێتە سرودی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

جوگرافیای ئێران.

خەڵکی کوردستان بە ورە و غیرەت و شەرافەتێکی بێوێنەوە، جارێکی دیکە نیشانیان دا کە ئازادی نەک بەڵێنێکی دوور، بەڵکوو مافێکە کە دەبێت خەباتی بۆ بکرێت و بیستێنی. ئەوانەی لە تاریکیی ساڵانێکی دوورودرێژدا چرای هیوایان بە داگیرساوی هێشتووەتەوە، ئەم گەلە ئیلهام بەخشی هەموو ئەوانەن کە بۆ جیهانێکی باشتر، بۆ جیهانێکی مرۆییتر تێدەکۆشن.

کوردستان زیندووە، چونکە شەرافەت زیندووە. کوردستان خۆڕاگرە، چونکە عەشقی ئازادی لە دەمارەکانیدا دەگەڕێت و، ئەمجارە هاودەردی لەگەڵ بەندەرعەباس، بەشێکە لەو ڕێگا ڕووناکەی کە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر و مرۆییتر هەنگاو دەنێت و پێی دەگات.

ژن، ژیان، ئازادی.

١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# دڵزار عابدی: هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت



**وتوویژ: شەهرام سوبحانی**

دڵزار عابدی: هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت و لە بەراوەردکاری و دادوەری و لێکدانەوەدا ئەم هەنگاو و ئەکتە واتا پەیدا دەکات

## ئاماژە:

هونەر و مۆسیقا بەشێکە لە شوناسی هەر نەتەوەیەک کە هەڵگری دەیان پەیام و چیرۆکی لەمێژینەی گەلێکە کە بە درێژایی مێژوو لەگەڵیان ژیاوە، و تەنانەت دەتوانێ وەکوو ئاوێنەیەک یا تابلۆیەک بێت بۆ ناساندنی میللەتێک بە میللەتانی دونیا. لە درێژەی ئەم وتوویژەدا بۆ باسی زیاتر لەسەر هونەر و مۆسیقای کوردستان و کاریگەری مۆسیقای کوردی لەسەر مۆسیقای وڵاتانی دونیا و ڕۆڵی مۆسیقا و گۆرانی لە پاراستنی "شوناسی نەتەوەیی" و... داوامان لە بەڕێز

**کاک دڵزار عابدی، کارناس مۆسیقا کردووە تا پێکەوە تیشکی زیاتر بخەینە سەر ئەم بابەتە.**



**دڵزار عابدی**

**شەهرام سوبحانی**: کاک دڵزار سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە بچینە ناو باسەکەمان کە، دەڵێن: "بۆ ناسینی میللەتێک گوێ لەگۆرانییەکانیان بگرە"، ڕوانین و بۆچوونی بەڕێزتان بۆ ئەم وتەیە چییە؟ چی لە ئاواز و گۆرانییەکاندا بوونی هەیە کە دەتوانێ کارنامەیەک بێ بۆ ناسینی میللەتێک؟

**دڵزار عابدی**: ئەم بیرکردنەوەیە تا ڕادەیەک دروستە و تا ڕادەیەک نادروست، لەو ڕووەوە کە زمان، ئایین، کولتوور، دابونەریتەکان و عەقڵی سەلیم لەسەر مۆسیقا شوێندانەرن و دەتوانین تا ڕادەیک بە گوێ گرتن بۆ مۆسیقای هەر نەتەوەیەک ناسینێکی سەرەتایی لەو نەتەوەیە پەیدا بکەین. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە بە شێوەیەکی مۆتڵەق نییە. چوون مۆسیقا هەموو بەشەکانی بیرکردنەوە و ژیانی ئەو نەتەوەیە ناگوازێتەوە. بەتایبەت مۆسیقای بێ وشە کە لە جەوهەری خۆیدا هونەرێکی ئەبستراکتە و هەڵگری پەیامێکی ڕاشکاو و ڕوون نییە بەڵکوو بەپێی بیرکردنەوەی تاکەکان دەتوانێت پەیامی شاراوەی میوزیکەکە بگۆڕێت. هەروەها سیاسەت، ئابووری، ڕەوتە زاڵەکان دەتوانن ئاراستەی ڕاستەقینەی میوزیکی وڵاتێک بگۆڕن و نەهێڵن ناسینێکی ڕاستەقینە لەو نەتەوەیە پەیدا بکەین. بابەتەکە ساکار نییە، بەڵکوو هەڵگری چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆرە. بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە تاکتەوەری هەم لە ئاستی هونەرمەندان و هەم لە ئاستی خەڵکدا ڕەوتیکی زاڵە، هونەر زۆرتر گێڕانەوەیەکی ئیندیویدواڵ و تاک گەرایە تا گێڕانەوەیەکی گشتی و نەتەوەیی. ڕەنگە بکرێت بە خوێندنەوە بۆ ئۆپێراکانی واگنەر و بێرلیوز بتوانین ڕەگەکانی پێکهاتنی چینی مام ناوەند و چینی کاپیتال لە ئورووپای

سەدەی نۆزدە بدۆزینەوە، یان بە گوێ گرتن لە بەیتێکی "خلە دەرزی"کۆمەڵگەی کۆنی کوردستان باشتر بناسین بەڵام بە گوێ گرتن لە میوزیکی ئێستای کوردی ناتوانین بە ئەنجامێکی ڕوون و لۆژیکاڵ بگەین. خوێندنەوەی کۆمەڵناسانە بۆ میوزیک بە شێوەیەکی ڕێژەییە و تا ڕادەیەک دەتوانێت ڕاست بێت.

**شەهرام سوبحانی**: بە بڕوای بەڕێزتان ئەو تازە لاوانەی کە ئێستا هاتوونەتە نێو دونیای هونەر، چۆن دەتوانن هەڵگری پاشناوی "هونەرمەند" بن؟

**دڵزار عابدی**: تا ئێستا لە هیچ جێگەیەک تایتڵی "هونەرمەند"م لە خۆم نەداوە. پێم وایە ئەوە بابەتێکە خۆم نابێت دادوەری بکەم. پێم وایە کەسێک دەتوانێت دەیان ساڵ ئاوازدانەر، ژەنیار، گۆرانیبێژ، مامۆستای میوزیک و تاد بێت، بەڵام هونەرمەند نەبێت. هونەرمەند بوون بەبڕوای من ئاستێکی گەلێک بەرزترە لەوانەی ناوم لێ برد. لە باشترین حاڵەتدا پێناسەی "کانت"ی لە هونەر- "بلیمەت بوون بۆ ئافراندن و زەوق بۆ دادوەری- بووەتە بناغەیەک بۆ پێناسەکردنی هونەرمەند لە دونیای ئەمڕۆدا". هەر لەسەر ئەم بنەمایە هەر ئاوازدانەر و ژەنیار و گۆرانیبێژێک تایتڵی بۆ خۆی هەڵدەگرێت. بەڵام بە بڕوای من بیرکردنەوەی "کانت" لە پێناسەکردنی هونەردا تا ڕادەیەک کرچ و کاڵە. ئەگەرچی ئافراندنی هونەر پێویستی بە بلیمەت بوون هەیە و لە دادوەریدا ئەمە دەردەکەوێت، بەڵام دیسان لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە کە ئەم بلیمەتە دەبێت چی بخولقێنێ کە پێی بوترێت هونەرمەند؟ چی هونەرە؟ لە ڕوانگەی کانت دا هەر بابەتێک کە زۆرتر لە سروشت نزیک بێتەوە. بەڵام لێرەدا هەر بابەتێکی ناتورالیستی دەچێتە زومرەی ناهونەر. جۆرێک لە بەرتەسک کردنەوەی دونیای هونەر. بەبۆچوونی من "نێلسۆن گودمەن" تا ڕادەیک پێناسەیەکی باشتری هەیە و دەڵێت: "هونەر ئەوەیە ڕاستەوخۆ لە ئافراندنی دونیادا ڕۆڵی هەبێت و لە ئاکامدا دونیایەکی نوێ بخولقێنێ". ناتەواوی بۆچوونەکەی گودمەن لەوە دایە کە بەدڵنیایی هەر دونیایەکی نوێ غایەت و ویستی مرۆڤانەی مرۆڤ نییە. بەڵکوو خولقاندنی دونیایەکی ئیدەئاڵە. کە ئەمە تا ڕادەیەک ئەوەیە کە "هێگل" باسی دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی ڕوانگەی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟

**دڵزار عابدی**: ڕوانگەی خۆم تێکەڵێکە لە هێگل، گودمەن، ئارتوور دانتۆ و شیلێر؛ من پێم وایە هونەر ئەو ئەکتەیە کە ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی جیهانێکی ئیدەئاڵ بۆ هەرمانکردنی خۆی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێت و لە بەراوەردکاری و دادوەری و لێکدانەوەدا ئەم هەنگاو و ئەکتە واتا پەیدا دەکات. وەک خۆم بەپێی ئەو پێناسەیە چەند سەرکەتوو بوومبێتم دەبێت کەسانی دیکە دادوەری بکەن.

**شەهرام سوبحانی**: کاریگەری مۆسیقای کوردی لەسەر مۆسیقای وڵاتانی دونیا چۆن دەبینن؟

**دڵزار عابدی**: بەگشتی مۆسیقای کوردی لە قۆناغی لاوازی خۆیدایە. بە هۆی بێدەوڵەتی کورد و نەبوونی ستراتیژی کولتووری دروست، ئێمە نەمانتوانیوە ڕۆڵێکی باش لە میوزیکی جیهاندا بگێڕین. لە ئێستادا لە قۆناغێکین دەبێت بۆ مانەوە بجەنگین. واتا لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی داین. مۆسیقای کوردی بووەتە پاشکۆی مۆسیقای تورکی و فارسی، بە گەورە و بچووکەوە کاریگەری تورکی و فارسی لەسەرە. لە بەرامبەری ئەم هێژمۆنەدا تا ڕادەیەک بێ هەڵوێستین. پێم وایە ئێستا خاڵێکی مەترسیداری میوزیکی کوردییە و ڕوو لە هەڵدێری نەمان دەچێت. میوزیکی کوردی هەزاران ساڵە توانیویەتی خۆی بپارێزێ و بەردەوام گەشەیەکی سروشتی بکات. ئەم توانستە بووەتە هۆی بێخەمبوونی ئێمە بە نیسبەت ئەم میوزیکە. چوون پێمان وایە مادام هەزاران ساڵ خۆی پاراستووە، ئێستاش دەتوانێت. ئەوە لەبەرچاو ناگرین کە هەزار ساڵ پێش ئێستا تەوژمی کولتووری بە شێوەی ئەمڕۆ نەبوو. بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک پرۆژەگەلی ئاسیمیلاسیۆن و تەوژمی کولتووری لە ئارادا نەبوو. میوزیکی کوردی لە بەرامبەر ئەم مەترسییانە پارێزراو نەکراوە.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە کە ڕێگە چارە چییە لە بەرانبەر ئەم مەترسییانەی کە ئەمڕۆ بەرەو ڕووی مۆسیقای کوردی بوونەتەوە؟

**دڵزار عابدی**: پێموایە پێویستی بە پاراستنە، ئەم پارێزراو کردنەش پێش هەموو شتێک پێویستی بە خەمخۆرییەکی گشتی لە ئاستی بەرزی دەسەڵات تا تاکی بە تاکی کورد و هونەرمەندان و میدیاکاران هەیە. کە بتوانین پرۆژەیی و ئامانجدار سیستەمی بەرگری و پارێزمەندی ئەم میوزیکە دابین بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: پێتان وایە هونەرمەندانی کورد توانیویانە هونەر وەک چەکێک بۆ بەرگری لە شوناسخوازی و هەروەها وەک ئامرازێک بۆ گەشەی بیری نەتەوەیی بەکار بێنن؟

**دڵزار عابدی**: لە هەندێک قۆناغدا و بە شێوەیەکی پەرتەوازە (نەک گشتگیر) ئەم بابەتە تا ڕادەیەک ڕووی داوە. بەڵام نە بە مەدرەسە کراوە، نەک لەلایەن خودی ئەو هونەرمەندانەوە درێژە دراوە، نە بناغەیەکی تیۆریکی هەبووە. زۆرتر پەرچەکردارێک بووە بە دۆخێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی کە هونەرمەند تێیدا ژیاوە و بە گۆڕینی ئەم دۆخە جۆر و شێوازی کاری ئەویش گۆڕدراوە. دیارە ئەمە بابەتێکی چاوەڕوان کراوە، بەڵام هونەرمەندی خاوەن بیر پێویستە هەنگاوێک یان چەند هەنگاو لە پێش کۆمەڵگەی خۆی بێت، نەک پاشکۆ بێت. ئەمە بەو واتایە نییە کە پێویستە ئاوانگارد یان پۆست مۆدێرن



سەرچاوە
Serchawe

بێت. بەداخەوە چوون ئێمەی کورد بنەمای فەلسەفیمان زۆرتر چەپییە، زۆربەی کات پێشڕەوبوون بە ئاوانگاردبوون و پۆست مۆدێڕن بوون لێک دەدەینەوە. لە حاڵێکدا من پێموایە لە ئێستادا هونەرمەندی پێشڕەو لە کوردستان ئەو کەسەیە کە بتوانێت لە داڕشتنی بنەمای تیۆریک و پراکتیک بۆ ساماندانی ڕەوتی سەرەکی مۆسیقای کوردی بە شێوەیەکی نەتەوەیی، هەنگاو بنێت. ئەمە کارێکە کە دەبێت بکرێت بەڵام ناکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: مۆسیقا و گۆرانی چەندە توانیویەتی لە پاراستنی "شوناسی نەتەوەیی" ڕۆڵ بگێڕێت؟

**دڵزار عابدی**: پێوەندی بە ئەوەوە هەیە کە ئێمە شوناس بەچی پێناسە دەکەین. ئەگەر وەک ئێتنیکێک شوناسێکی کولتووری هەڵبگرێت بە دڵنیاییی مۆسیقای کوردی لە پاراستنی ئەو شوناسەدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە. بەڵام ئەگەر کورد وەک نەتەوەیەکی خاک داگیرکراو پێناسە بکەین کە شوناسی ئەو بە خاکەوە گرێدراوە، مۆسیقای کوردی نەیتوانیوە لە دروستکردنی مرۆڤی خاکتەوەر و نەتەوەیی بە ڕادەی پێویست ڕۆڵ بگێڕێت. ڕەنگە ئەمە تۆزێک ڕادیکاڵ بنوێنێت و خوێنەر بە پێچەوانەی ئەمە دەیان سروودی نیشتمانی بیر بێتەوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی و لە دیدێکی دوورتر و مەزنتردا سەیری لانیکەم سەد ساڵی ڕابردووی کورد بکەین دەبینین لایەنی میوزیکی "نەتەوەیی" کەمترین پشکی بەردەکەوێت و میوزیکی بازاڕی زۆرترین بەشی ئەم کەیکەی داگیرکردووە. جا بۆیە پێموایە میوزیکی کوردی بە شێوەی مێژوویی بەتایبەت لە سەردەمی کەونار تا پێش لە داگیرکرانی کوردستان لە پاراستنی زمان و چیرۆک و دابونەریت و تاد ڕۆڵێکی مەزن و بەرچاوی گێڕاوە، بەڵام پاش داگیرکرانی کوردستان تووشی هەڵدێرێکی جیددی بووەتەوە. هەوڵی تاک و ترا و پەرتەوازە بۆ ساخکردنەوەی میوزیکی کوردی بە ئاراستەیەکی دروست دا دراوە، بەڵام بە هەزار هۆکار ئامانجەکەیان نەپێکاوە.

**شەهرام سوبحانی**: یەکێک لەو مەترسییانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی مۆسیقای کوردستان بووەتەوە، بە تاڵانبردن و دزینی مێلۆدییە کوردییەکانە لەلایەن داگیرکەرانەوە، وەکوو ئاوازی "ای ایران"، "حەریرحەریرە" و تەواوی ئەو مەقامانەی کە لەلایەن تورکەکانەوە دزراون و دەیان ئاوازی دیکە کە لە ئەسڵدا مێلۆدییەکانی کوردییە، پێتان وایە چۆن دەتوانین بەگژی ئەم تاڵانکارییانەدا بچینەوە و بیانهێنینەوە باوەشی مۆسیقای کوردستان؟

**دڵزار عابدی**: گرنگە بابەتەکە قووڵتر سەیر بکەین، داگیرکەران خەزێنەی کولتووری ئێمە بە سەرمایەی خۆیان دەزانن. لێرەدا کوردستان تەنیا لە بواری سەرمایە مادییەکان بە کۆلۆنی نەکراوە، بەڵکوو لە بواری کولتووریش کۆلۆنایز کراوە. نە تەنیا میلۆدییەکان بگرە ئامێرەکان، ڕیتمەکان، مەقامەکانیشمان لەلایەن داگیرکەرانی ئێرانی، تورکی و عەرەبی بە تاڵان براون. هەرچەند سەد مەخابن کوردگەلی بێگانەپەرەست و نەیارشەیدا لەم تاڵانکارییەدا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. بۆ



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٥**

نموونە: "کامکارەکان" بوون کە ڕیتمە خانقاییەکانیان و ئامێری دەفیان پێشکەشی داگیرکەری ئێرانی کرد. "ڕیتم" بنیادی میلۆدییە. لەسەر هەر ڕیتمێک بە دەیان و هەزاران میلۆدی تازە دادەنرێت. ئەوان نەتەنیا میلۆدی بەڵکوو ڕیتمە کوردییەکانیان برد بۆ ئێرانییەکان. کامکارەکان خوێنێکی تازەبوون بۆ میوزیکی فارسی. ئەمە تەنیا کامکارەکان ناگرێتەوە بەڵکوو "ئیبراهیم تاتلیسیش" لە تورکیادا ڕۆڵی بەتاڵانبردنی میلۆدییەکان و فۆرمە ئاوازییەکانی لەئەستۆ بوو. ئەم تاڵانکارییە تا بەرزنەبوونەوەی ئاگایی گشتی و پێکنەهێنانی دەوڵەتی کوردی و بنیادنەنانی ئەکادیمیای کوردستانی، درێژەی دەبێت. بەڵام هەوڵە تاکەکەسییەکان و پرۆژەگەلی بەسود بۆ میوزیکی کوردی دەتوانێ خێرایی ئەم تاڵانکارییە خاو بکاتەوە یان ئەوەی ببنە بەربەستی جیددی. گەڕاندنەوەی میراسی کولتووری پێویستی بە کاری ئەکادمیک و بنخانی هەیە. لەگەڵیدا بەرزکردنەوەی ئاگایی گشتی و پێشکەش کردنەوەی ئەم فۆڕم و میلۆدی و ئامێر و ڕیتمانە بە شیوازیکی ئاستبەرزتر و ناوەڕۆکێکی کوردانە. هەموو ئەمانەش پێویستی بە خەمخۆری گشتی و بە ئاگابوونی ڕێبەرایەتی سیاسی و میدیاکان و هەوڵ و ماندووبوونی جیددی هونەرمەندان و کۆک بوونی هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک دڵزار سپاس بۆ ئەوەیکە هەتا ئێستا لەگەڵمان بووی و ماندووش نەبیت

**دڵزار عابدی**: زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە و جەنابیشتان ماندوو نەبنەوە.

**١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار




بۆ ڕێزگرتن لە کار و ماندووبوونەکانی کرێکاران لە دنیادا و هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی زیاتری مافەکانیان، ڕۆژی یەکی مەی وەکوو ڕۆژی جیهانیی کرێکار دیاری کراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ڕۆژەدا وێڕای پیرۆزبایی و ماندوونەبوونی لە کرێکارانی ئێران و کوردستان، هیواداره و لەو بوارەدا کار بۆ ئەوە دەکا تا کرێکارانی کوردستان بە پێی ستاندارده جیهانییەکان هەرچی زووتر و زۆرتر بە مافە سینفییەکانی خۆیان بگەن.

بەداخەوە چینی کرێکار وەکوو زۆربەی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران، لە سایەی دەسەڵاتی نابەرپرسانە و نەزانانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە زۆربەی مافەکانی خۆیان بێبەشن و لەو دۆخە خراپە ئابوورییەی ئێران کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی ئێرانیان سەپاندوە لە هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە خەساری زیاتری ماددی و گیانییان وەبەر دەکەوێ.

هەڵاوسانی ئابووری لە لایەک و ئەو بڕە حەقدەستەی کە ساڵانە لە لایەن وەزارەتی کار و دەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم بۆ کرێکارانی ئێران دیاری دەکرێ هیچکات یەک ناگرنەوە و بەداخەوە زۆرینەی کرێکارانی ئێران و بنەماڵەکانیان لە ژێر هێڵی

هەژاریدا ژیان بەڕێ دەکەن.

بەداخەوە لە کوردستان لەچاو شوێنەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەتی ناوچەکانی ناوەندی ئێران دۆخەکە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان زۆر لەوە خراپترە کە ڕۆژانە لە ڕاپۆرت و هەواڵەکاندا گوێمان لێ دەبێ. لە کوردستان بە هۆی نەبوونی کارخانە و کارگەی پێویست، کرێکاران یان ڕوو دەکەنە شارەکانی دیکەی ئێران یان بەناچاری لە ناوچە سنوورییەکان ڕوو دەکەنە کاری پڕمەترسیی وەکوو کۆڵبەری. بەپێی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی ناوەندە هەواڵدەرییەکان بڵاوی دەکەنەوە بەداخەوە ساڵانە سەدان کەس لەو کۆڵبەرانە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەدرێنە بەر دەسڕێژ و دەکوژرێن یان بریندار دەبن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە هەتا کاتێک ئەم ڕێژیمە لە سەر کار بێ و ئەو هەموو سەروەت و سامانەی وڵات لە جیاتی ئاوەدانی و دروستکردنی کارگە و کارخانە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە ڕێگای سیاسەتە شەڕەنگێزانەکانی خۆی بە فیڕۆ بدا، نەکهەر کرێکاران بەڵکوو زۆربەی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی ئەم وڵاتە بەداخەوە ڕۆژبەڕۆژ ژیان و گوزران و گیانیان لە مەترسیدایە و ئاکامی زەحمەت و ماندووبوونەکانی ئەوان دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتبەدەستان و مافیاکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی دووبارەی ڕۆژی کرێکار، چاوەڕوانیی ئەوەی لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و کوردستان هەیە کە لە بەرانبەر ئەو زوڵم و زۆرەی دەرحەق بەوان دەکرێ زیاتر لە جاران دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز بکەنەوە و حیزبی دێموکراتیش وەکوو یەکێک لە پاڵپشتە هەمیشەییەکەی خۆیان بزانن.

**سڵاو لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و ئێران.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

١ی مەی ٢٠٢٥ (١١ی بانەمەڕی ١٤٠٤)

١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد




**خوێندکارانی کورد پێویستە بە دژی عەقڵییەتی ناوەندگەرای دوژمنانی کورد لە ئێران بوەستنەوە**

**خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد!**
**قوتابییان، مامۆستایان و خوێندەڤانانی دەروەستی کوردستان!**

ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ، بەبیرهێنەوەی خەبات و خۆنەویستیی ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەکانی نەتەوەی کوردە کە سەنگەری شوناسخوازی و مافخوازییان لە زانکۆوە بۆ چیا و شاخ گوازتەوە.

٥٧ ساڵ پێش لە وەها ڕۆژێکدا کە لە ڕۆژژمێری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان بە ڕۆژی "خوێندکاری کورد" ناودێر کراوە، سمایل شەریفزادە، یەکێک لە بەئەمەگترین ڕۆڵەکانی کورد و پۆلێک لە هاوڕێیانی لەپێناو ئازادی، دادپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکانیاندا گیانی خۆیان بەخت کرد. ئەگەرچی مێژووی ئەم خەباتە پڕ لە هەراز و نشێوە پڕە لە

قارەمانەتی و گیانفیدایی بەڵام ئەوەی کە ئەم قۆناغەی مێژوومان لەگەڵ لە قۆناغەکانی دیکە تا ڕادەیەک جیاوازتر دەردەخات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێشەنگی ئەم بزاڤە لاوێکی خوێندکار بوو کە بە خۆخستنە نێو مەترسی و هەڕەشەی دوژمنەوە مەشغەڵی خەباتی شوناسخوازیی کوردی گرتە دەست و بە گیانبازیی خۆی و هاوڕێیانی گۆمی مەندی سیستەمی پاشایەتی شڵەژاند کە ئیددعای دەکرد ژاندارمی ناوچەکەیە و هیچ دەنگێکی ناڕەزایەتی لەژێر سێبەری دەسەڵات و حاکمییەتی ئەودا بەرز ناکرێتەوە.

## ڕووناکبیران و ئەویندارانی قەڵەم و زانست!

وەک دەزانن خەباتی کورد، خەباتێکی فرەڕەهەندە کە لەسەر هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگری بنیات نراوە، کەچی ئەم هەقیقەتە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە بەردەوام حاشای لێ دەکرێ و بە ناو و ناتۆرەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی مەحکوومکردنی دەدرێ. نەیارانی ناوەندگەرای کورد لە بانگەشەکانیاندا ئەم خەباتە ڕەوایەیان بەدوور لە شارستانییەت و عەقڵانییەت پێناسە کردوە کە گوایە خەباتی کورد تەنیا ڕەهەندی چەکداری هەیە و ئەم ڕەهەندەش هیچ لێکدانەوەیەکی سەردەمیانە و لۆژیکی لە پشت نەبووە و نیە. بەڵام هەبوونی توێژی خوێندکاران و قەڵەمبەدەستان لە ڕیزەکانی خەبات، بەتایبەت لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا سەلمێنەری ئەوەیە کە خەباتی کورد هەڵگری ناونیشانێکی مرۆڤتەوەرانەیە و جیا لە بنەما بەهێز و پتەوەکەی خوێندنەوەی ئاکادمیک و زانستییانەشی لە پشتە و درەوشانەوەی ناوی کەسایەتییە ئاکادیمییەکانی وەکوو شەهید سمایل شەریفزادە، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی لە ئاستی شەهیدانی ڕێبەر و دەیان و سەدان شەهیدی خوێندکاری دیکە بەرسڤی ئەم ناڕاستییەی دوژمن دەدەنەوە و دەسەلمێنن کە خەباتی کورد لە جێگا و شوێنی دروست و ڕاستەقینەی خۆیدایە و هەتا وەدیهاتنی ئامانجە و ویستە ڕەواکانی کورد بەردەوامە.

بەشداریی بەردەوامی خوێندکارانی کورد لە خەباتی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کورد، بووەتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ هێمای عەقڵانییەت و ڕەسەنبوونی ئەم خەباتە و ئەم تایبەتمەندییە وای کردوە کە هەنووکە و بەتایبەت لە کاتی بزووتنەوەی ژینادا سەنگەری زانکۆ و زانستگەکانی کوردستان لە پێشتر ئاوەدانتر و بەهەستتر بەرەوڕووی دوژمن و سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و قەڵاچۆکردنی کورد ببنەوە و وەک هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوە ئەو ڕاستییە بە گوێی دوژمندا بچرپێنن کە کورد زیندووە و نامرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بەرزنرخاندنی ئەم ڕۆژە و ناردنی سڵاو بۆ یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، لە سەرووی هەمووان شەهید سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی، داوا لە سەرجەم خوێندکارانی کورد دەکا وەکوو

هەمیشە بە دژی عەقڵییەتی ناوەندگەرای دوژمنانی کورد لە ئێران بوەستنەوە و بە وریایی و وشیاریی خۆیان ڕێگا بە جێبەجێکردنی پیلانەکانی ئەم عەقڵیەتە دواکەوتوو نەدەن. هەروەها بە یەکگرتوویی و کاری هاوبەش لەگەڵ خوێندکارانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران تا گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن.


سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کورد!
بڕووخێت سیستەمی ستەم و بێدادی و ناوەندگەرایی!

دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٢ی بانەمەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# هێمای ئیدئۆلۆژیک




**ئاسۆ مینبەری**

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لەلایەن دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهەوە بە تاڵان بران و کۆماری ئیسلامی، وەک دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک هاتە سەر کار. کۆماری ئیسلامی بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە دەسەڵاتەکەی دڵخوازی خەڵک نیە و پێویستە بۆ بەردەوامبوونی خۆی هەوڵی سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی بدات، هەوڵی دا لە ڕێگەی پیرۆزکردنی هەندێ بابەت و یەک لەوان پیرۆزکردنی کەسایەتیی خودی خومەینی وەک ڕێبەری ئەوکاتی ڕێژیم، بچێتە نێواخنی کۆمەڵگەوە و لەم ڕێگەیەوە قەبووڵکردنی ئەم دەسەڵاتە نوێیە وەکوو ئەرکێکی ئایینی و نەتەوەیی بخاتە سەر شانی خەڵکانی ئێرانەوە. لەم ڕاستایەدا زۆر شت بۆ خەڵک پیرۆز کران، لە ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژی تایبەتیان بۆ تەرخان کرا و کران بە پشووی فەرمی و هەتا ئەمڕۆ بە سەدان میلیارد پارەشیان بۆ خەرج کراوە تاکوو کۆماری ئیسلامی لەسەر پێ بهێڵنەوە.

تێگەیشتن لەم جۆرە بۆنە و ڕووداوانە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پیرۆز کراون بابەتێکی گرینگە، چونکە ئەم بۆنانە

پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیی هەیە و ناودێرکردنی هەرکامەیان لە پلەی یەکەمدا، بۆ پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی زاڵ و دواتریش زۆرکردنەوەی حەشیمەتی بەردەنگی خۆیەتی کە هاوکات دەبێتە هۆی شاردنەوەی داخوازییە ڕەواکانی کۆمەڵگە.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە ٤٦ ساڵ دەسەڵاتداریتی ڕێژیمدا و بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا کە بەکارهێنانی سۆسیاڵ میدیا پەرەی سەندووە، ئەم پرسە زیاتر زەق بووەتەوە و پێویستە زیاتریش لەسەری ڕاوەستە بکرێت. بۆ نموونە هەموو ساڵێک ڕۆژانێک وەک ڕۆژی مامۆستا، باوک، دایک و کچ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زەق دەکرێنەوە و بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش سواری شەپۆلەکانی سۆشیاڵ میدیا دەبن و پیرۆزبایی ئەم ڕۆژانە دەکەن. لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵە کەسێکی دیکە بە ڕەخنەگرتن و ڕوونکردنەوە باس لەوە دەکەن کە ئەم ڕۆژانە پێوەندییان بە ئێمەوە نیە و تەنیا لە خزمەتی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیدان.

لە ڕۆژانی رابردوودا جارێکی دیکە ڕۆژی کچ لە ئێران بوو بە بابەتی سۆشیاڵ میدیا و خەڵک بە دانانی وێنەی کچەکانیان پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لێ کردن، لە ڕاستیدا نووسینی ئەم وتارە لە ڕاستای ورووژاندنی ئەم بابەتەدایە کە ئەمە تا چەند هەڵەیە و بۆچی نابێ ئەم ڕۆژانە لای ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد بەتایبەتی بەرز بنرخێندرێت؟ بۆ ئەم مەبەستە بەراوردکارییەک لە نێوان ڕۆژی جیهانیی کچ و ڕۆژی کچ لە ئێراندا دەکەین؛

لە ڕۆژژمێری جیهانیدا، ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی کچان دیاری کراوە، ئەم ڕۆژە لە ساڵی ٢٠١٢دا و لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناودێر کراوە و هۆکاری ناودێرکردنەکەشی، بۆ پشتیوانی لە دەرفەتی زیاتر بۆ گەشەی کچان و بردنەسەرەوەی ئاگایی کچان لە پێوەندی لەگەڵ نایەکسانی ڕەگەزییە کە کچان لە ئاستی جیهانیدا لەگەڵی بەرەوڕوون.

کەوایە ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژێکی جیهانی، نەک بۆ خزمەت بە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت بەڵکوو بە مەبەستی دروستکردنی فەرهەنگێکی گشتی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەڵاواردن دژی کچان لە هەموو بوارەکانی ژیان و هەروەها ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەی ئەم بەشە لە کۆمەڵگەیە.

لە ڕۆژمێری کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژی کچ بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مەعسوومە ناودێر کراوە. هۆکاری ناودێرکرانەکەشی ئەوەیە کە حەزرەتی مەعسوومە قەتی شوو نەکردوە و ڕێژیم بەم ناودێرکردنە هەوڵ دەدات ئەو وەکوو

## بانەمەری ٢٧٢٥

هێمایەکی دیار بۆ کچان دیاری بکات. دیاریکردنی ئەم ڕۆژەش لای کۆماری ئیسلامی، دوو ئامانجی لە پشتە: لەو ڕووەوە کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵ بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی جیهان دەدات، بە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە و تەبلیغاتی بەرینی تلویزیۆنی خەریکی جێگیرکردنیەتی تاکوو بتوانێ جێگای بۆنە جیهانییەکان بگرێتەوە. لەلایەکی تریشەوە بە پیرۆزکردنی کەسایەتییە ئایینییەکان هەوڵ دەدات، بەتایبەت لە کوردستان ڕۆڵ و پێگەی کەسایەتییە نەتەوەییەکان بشارێتەوە و دەرفەتی بیرکردنەوە بەتایبەت لە توێژی ژنان و کچان بستێنێتەوە.

سەرنجدانێکی ئەم دوو بۆنەیە و ناودێرکردنی ئەم دوو ڕۆژە، کۆمەڵێک ڕاستیمان بۆ دەردەخات. یەکەم ئەوەی کە پێوەرەکانی ڕێزگرتن لە کچان لای وڵاتانی دیکە و لای کۆماری ئیسلامی چەندە جیاوازییان هەیە، لە وڵاتانی دیکەدا کچان ڕۆژێکیان بۆ دیاری کراوە تاکوو زیاتر گرینگی بە پێگە و کەسایەتی، گەشە و داهاتووی ژیانیان بدرێت و هەوڵەکان بخرێنە گەڕ تاکوو ژیانێکی ئاسوودە بژین. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە نەک بە قازانجی کچان بەڵکوو، بۆ سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمە تاکوو بە هێماسازیی زیاتر هەوڵ بۆ چەوساندنەوەی ژنان بدات. سەیر ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا پرسی باکرەبوونی حەزرەتی مەعسوومە بەرز دەنرخێنێ، کە بەپێی یاساکانی خۆی کچی باکرە پێش لە سێدارەدان دەبێ کچێنییەکەی لێ بستێندرێ و لەوسۆنگەیەوە چەندەها بەندیی سیاسیی ژن بەر لە ئیعدامکرانیان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا دەستدرێژییان کرایە سەر. ڕێژیم هەروەها لە شۆڕشی ژینادا بە سەدان کچی دەسبەسەر کرد و ئازار و ئەشکەنجەی دان، سزای سێدارەی بەسەردا سەپاندن، شەهیدی کردن و پەڕیوەی هەندەرانی کردن، تاکوو ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی بسەپێنێ.

بەم پێیە ڕێزگرتن لەم ڕۆژە و پیرۆزبایی لەو کچانەی کە خۆیان قوربانیی دەستی ئەو ئیدئۆلۆژییەن قەت ناتوانێ لەگەڵ ڕاستییەکان یەک بگرێت و تەنیا بۆنەیەکە بۆ بەلارێدابردنی هەموو ئەو هەڵاواردن و ستەمانەی ڕۆژانە لەلایەن خودی ئەو دەسەڵاتەوە بەرەوڕووی کچان دەبێتەوە و دەرفەتی گەشە و سەرکەوتن و ژیانیان لێ دەستێنێ.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# خۆپەسەندیی ترامپ و لاساریی خامنەیی



ئورشەلیم پۆست – داڤید م. واینبرگ

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

ئەو سێهەمین بەشەی وتارەکەم لە بارەی ئێراندا لە نزمترین ئاستدا لە ڕێککەوتنی ناوکی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆماری ئیسلامی و بژاردەکانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ دەکۆڵێتەوە.

لە حەوتووی ڕابردوودا، ئێمە مێژووی فرتوفێڵاوییەکەی ئێرانمان (ئامانجە بەرزەفڕانە شۆڕشگێڕییەکەی بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا، شەڕە بە وەکالەت و بەرنامەکانی هاژەکی و ناوکییەکەی) وەرد دایەوە و هەروەها باسی جیهانبینییە ستراتیژیکییەکەی سەرۆککۆمار ترامپمان کرد. من باسی ئەوەم کرد کە ترامپ بەتەمای بردنەوەی کێبڕکێی جیهانیی لەگەڵ چینە و خولیایەکەی لەمەڕ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیە بۆ دۆخی پێشوو بەوە بەندە کە لە بەرڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا، بوێری نیشان بدات.

بێجگە لەوە من باسی ئەوەم کرد هەڕەشەکانی ترامپ دژی ئێران هیچ شتێکیان لە ڕێککەوتنێکی شل بە شێوەی ئۆباما کەم نیە کە بەرنامەی ئێران لە ماوەی دانووستانەکاندا درێژەی دەبێ و ئەوسا کاتی سەرۆککۆماریی کۆتایی دێ، لانی کەم لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ کاروباری نێونەتەوەییدا. ئەو قەت ناتوانێ ببێتە سەرکۆماری "وەرچەرخێنەر" بە دەستکەوتی "مێژوویی" کە ناوبراو وەها بە ئاشکرا دەیهەوێ خۆی بنوێنێ.

مەرجی سەرەکی گەیشتن بە "ڕێککەتونێکی باش" لەگەڵ ئێران، دانانی جیاوازیی لە نێوان سنووردارکردنی چەکوچۆڵ و داماڵینی ناوکییە.

سەرۆککۆمار ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٥ بە سنووردارکردنی چەکوچۆڵ ڕازی بوو، بەرنامەی ناوکیی ئێرانی سنووردار کرد بەڵام لێی گەڕا درێژە بە چالاکیی خۆی بدا، ڕەوایی هەبێ و ئیزنی پێدا لەگەڵ کۆتایی هاتنی سنووردراکردنە کاتییەکان، خێراتر بەردەوام بێ. ناوبراو دەیان میلیارد دۆلار لە دراوی سڕکراوی ئێرانی ئازاد کرد تا سووتەمەنیی گەشەی سەربازیی ئێران بەرەو پێشەوە دابین بکات. ئۆباما بە کەم ڕازی بوو و لە کۆتاییدا ڕێگەی بە ئێران دا تا ببێتە وڵاتێکی سەر لێواری بوون بە خاوەن چەکی ناوکی.

## داماڵینی ناوکی

بە پێچەوانە، ئەفریقای باشوور پرۆسەی داماڵینی ناوکی لە نەوەدەکانی زایینی دەست پێ کرد، هەر وەکوو لیبی دوای داگیرکرانی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣.

ئەو ڕێچکەیە هیچ ژێرخانی پیتاندن و بەچەککردن بۆ ڕێژیم ناهێڵێتەوە تا لە ئەگەری پەژیوان بوونەوە کەڵکی لێ وەرگرێ. ئەوە دەقاودەق ئەو شتەیە کە سەرۆکوەزیران نەتانیاهوو ئەو حەوتوویە بە ترامپی گوت: لیبی نموونەیە. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان مایک واڵتز ڕوونی کردەوە کە ئێران دەبێ "سەرجەم بەشەکانی بەرنامەی ناوکی خۆی، لە ناویاندا هاژەکان، بەچەککردن و پیتاندنی ئورانیۆم ڕادەست بکات و دەستبەرداریان بێ".

کورتکراوەکەی لە لای ترامپ: "چاودێریی بکە، کۆنترۆڵی بکە، بیپشکنە و، پاشان بیتەقێنەوە یان دڵنیا بە کە چیدیکە دامەزراوەی ناوکی لێ نین." حەوتووی ڕابردوو گوتی ئەو بە دوای ڕێککەوتنێکەوەیە "کە هێندە باش بێ وەک ئەوە بچێ بە هێزی سەربازیی وەدەستهاتوە".

سێ پسپۆڕی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان (FDD) ئەم حەوتوویە لە واشینگتۆن وردەکاریی بردنەوەیەکی ئەوتۆیان پێشکەش کرد؛ واتە دامالێنی تەواو دەبێ چی لە خۆ بگرێ. ئەو بە مانای "لێکهەڵوەشاندنی تەواو، یەکجارەکی و هەڵسەنگێندراو، هەناردەکردن یان لەجێدا لەنێو بردنی" سەرجەم سامانەکانی پیتاندنی ئورانیۆم و پلوتۆنیۆم، پشکنینی "لە هەرکات و هەر شوێنێک" و کۆتاییهێنان بە توێژینەوە و گەشە پێدانی چەکی ناوکی بگرێتە خۆ.

ئەو هەروەها بە مانای کۆتاییهێنان بە هاژەکی بالیستیکی ئێران، هاژەکی دەریایی، جبەخانەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و کۆتاییهێنان بە هاوردە و هەناردەکردنی نایاسایی ناوکی و بە تایبەتی ڕێککەوتنەکانی ناوکی، هاژەکی و چەکوچۆڵ لەگەڵ ڕوسیە، چین و کۆرەی باکووریش بگرێتەوە. بەڵێ، هەڵبەت ئەوەشی تێدایە کە دەبێ پشتگیریی لەمێژینەی تاران لە حەماس، حیزبوڵڵا، حوسییەکان و هێزە بەکرێگیراوەکانی دیکە کۆتایی پێ بهێندرێ.

هەموو ئەوانە پێویستی بە چاودێریی فرە دەستدرێژیکارانە و چڕی ئەمریکا و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە هەژمارەکانی بانکیی ئێران، کانگاکانی ئورانیۆم، دامەزراوەکانی کارکردن لەسەر کانزاکان، بنکەکانی سەربازیی و هاژەکی، بەندەر و فڕۆکەخانەکان، لەگەڵ لەنێو بردنی تەواوەتی بنکە ژێرزەمینییەکان بۆ چالاکیی ناوکی و کۆگای چەکوچۆڵە.

لە ڕوانگەی منەوە، هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کە تۆزقاڵێک وەک ئەو دامالێنەی هێزی ئێرانی، ئەو بنکۆڵ کردنەی سەربەخۆیی ئێران بچێ، ئەگەری پەسەندکرانی لە لایەن ئایەتوڵڵا خامنەییەوە، نزیکەی سفرە. پێموابێ ئەگەری دەنگدانی دادئەستێنی گشتیی ئیسرائیل، گالی باهاراڤ-میارا و بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی ڕۆنەن بار لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئیسرائیل بە نەتانیاهوو زۆرترە تا عەلی خامنەیی بە خۆشیی خۆی سوجدە بۆ ترامپ بەرێ و چاودێریی لێکهەڵوەشاندنی شۆڕشی ئیسلامی بکات.

لەبیرمان بێ: تاران چوار دەیە و سەدان میلیارد دۆلاری لە گەشەپێدانی هێزە سەربازییەکەی و بالادەستیی ناوچەیی خەرج کردوە کە هاوکات بووە لەگەڵ بەشمەینەتیی بەرچاو ("قوربانیدان") لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە. هەموو ئەوانە، لەبەر بڕوامەندییەکی قووڵی ئایدیۆلۆژیکی و ئایینی، کە پشت ئەستوورە بە خولیایەکی ڕەش کە کۆمەڵکوژیی دژی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا و لەنێوبردنی شارستانییەتی دوژمن دەگرێتەوە. کە وا بوو، زۆر وێدەچێ لە دانووستانەکەی کۆتایی ئەم حەوتوویەدا، ئێران ئەو کارە بکات کە زۆر باش لێی شارەزایە: دواخستن، پێشکەشکردنی سازشی ئەوتۆ کە بتوانێ لێی پاشگەز بێتەوە و پووچەڵکردنی هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڕێوەبەرایەتی پێشووی ئەمریکا تەنانەت بۆ مانەوەی ئێران لە سەر مێزی دانووستان، ئەو وڵاتەیان خەڵات کردوە! وەک سەرۆکی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان، مارک دوبۆویتز

ئاماژەی پێ کردووە، ئێران مامۆستای هەڵخەڵەتاندنی سەرۆک کۆمارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانە.

جیاوازییەکەی بۆ ترامپ، نەتانیاهو یان ڕۆژئاوا، ئەمجارە، ئەوەیە کە کات نیە. ئێران چەند خولەک یان چەند مانگ لە ئاشکراکردنی یەکەم بۆمبە ناوکییەکەی دوورە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێک بە ناوی کتێبی سوور، کە دوو ساڵ جارێک لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بڵاو دەبێتەوە و ئەم سێ شەممەی بڵاو بووەوە، یەدەگی ئورانیۆمی پیتێندراوی ئێران گەلێک لەوەی گریمانە دەکرا زیاترە و وێدەچی ئەمساڵ ڕێژەی بەرهەمهێنانی کانزای ئورانیۆم لە ٢١ تۆن بۆ ٧١ تۆن بەرز بێتەوە. هیچ وڵاتێک ئۆرانیۆمی تا پلەی ٪٦٠ نەپیتاندوە، کارێک کە ئێران کردوویەتی، بێ ئەوەی بۆمبی ناوکی بەرهەم نەهێنابێ، کەوابوو ئامانجی ئێران ڕوونە.

ئەو پلەیە، بەڕیوەبەرایەتی ترامپ بەرەوڕووی سێ بژاردە دەکاتەوە: یەکەمیان تەسلیم بوونە، گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی لاواز، ڕێککەوتنێکی بچووک کراوە لەگەڵ ئێران کە وا دەنوێندرێ کە بەرنامەی ناوکی و هێزەکانی دیکەی ئێران لەژێر کۆنترۆڵدان  و ئیدیعا دەکرێ کە ئەوە سەرکەوتنێکی "زەبەلاح" بۆ واشینگتۆنە.

**پرسیارەکە ئەوەیە کە کامیان سەر دەکەوێ: خۆپەسەندیی ترامپ یان لاساریی خامنەیی**

پێمخۆشە وا بیر بکەمەوە کە ترامپ لە وەها داوێک ناکەوێ، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پێشبینی نەکراو، ئەو ڕاستییە کە خۆی وەک مەزنترین مامەڵە کەری جیهان سەیر دەکات و ئەو ئاواتەی کە زۆر جار باسی کردوە، واتە وەک ئاشتیخولقێنی پلە یەکەمی جیهان بناسرێ، ناتوانین بڵێین ئەوە ڕوو نادا.

ئیسرائیل دەبێ هەموو هێزی خۆی لەکار بکات تا پێش بە هەرەسهێنانێکی ئەوتۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بگرێ. خۆ بەدەستەوەدان بە ئێران گەلێک لە داهاتنەوە بۆ ڕووسیە (لە پەیوەندیی لەگەڵ ئوکراین) مەترسیدارترە و بۆ ئاسایشی ئیسرائیل فرە ماڵوێرانکەرتریشە.

دووهەم بژاردەی ترامپ بۆمباران کردن و خاپوورکردنی ئێرانە، نەتەنیا دامەزراوە سەربازیی و نەوتییەکان بەڵکوو ناوەندەکانی دەسەڵاتیش. ئەوە دەبێتە هەوڵێک بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی تاران بۆ ماوەی دەیان ساڵ، داماڵینی توانایی ئابووری بۆ دروستکردنەوەی خێرای توانا سەربازییەکەی و نەهێشتنی بەشی هەرە زۆری ڕێبەریی هەنووکەیی بەو هیوایە کە ئاڵوگۆڕی ڕێژیمی بەدواوە بێ.

بانەمەری ٢٧٢٥

سێهەم بژاردەی ترامپ ئەوەیە ڕێگا بە ئیسرائیل بدا تا کارەکە بکات یان لانی کەم دەست بە لە نێوبردنی بەرەی پێشەوەی بنکە ناوکی و هاژەکییەکانی بکات، بە هێرشی زیادی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و پشتیوانی لە ئیسرائیل و سەلماندنی بە ئێران کە هەوڵەکانی بۆ وەدەستهێنانی هێژەمۆنی کۆتایی هاتووە .

بێتوو ئێران هێندە گەمژە بێ کە هەڕەشەکەی لە بارەی تۆڵە ئەستاندنەوە بە هێرشی هاژەکی بۆ ئیسرائیل، بۆ سەر هێز و بنکەی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداو و، بۆ سەر هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا وەڕاست گەڕێنێ، ترامپ بێجگە لە ئاراستە کردنی توانایی سەربازیی ئەمریکا دژی ئێران هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی نامێنێ.

لە سێناریۆیەکی ئەوتۆدا، بێگومان هەوڵی ناشیرین بۆ تاوانبارکردنی ئیسرائیل بە "ڕاکێشانی" وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نێو جەنگ دەدرێن، بەڵام با بیکەن. لە ئەگەری ڕوونەدانی تەسلیم بوونی ناوکی ئێران بەرانبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان، هیچ ڕێگا چارەیەکی دیکە نامێنێ. من پێموایە ئەو سێناریۆیە ئەرکدارانەترینە و ئەگەری لە ئەوانی دیکە زۆرترە.

هەر چۆنێک بێ، لە ساڵی ڕابردوودا ئێران دوو جار بە هاژەکی بالیستیک هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و، هەروەها بەرپرسیاریی قووڵی بەرانبەر بە هێرشەکانی حەماس لە ٢٠٢٣ و حیزبوڵڵا لە ٢٠٢٤ بۆ سەر ئیسرائیل هەبووە. ئیسرائیل بەکردەوە فێر بووە هەڕەشە کۆمەڵکوژییەکانی ئێران بە جیددی وەرگرێ.

بە گوێرەی نووسراوەی ئایینی کە لە کۆتایی ئەو حەوتوویەدا لە کاتی جەژنی پاک لە ماڵی جوولەکان دا دەخوێنرێتەوە، "لە هەموو نەوەیەکدا دوژمنان هەوڵی لەنێو بردنی جوولەکان دەدەن، بەڵام خودا هیز دەبەخشێتە نەتەوەی ئیسرائیل تا بە سەر هەڕەشەکەدا سەرکەوێ، بمێنێتەوە و گەشە بکات." بێگومان لە بەرەبەری بەرەوڕووبوونەوەی مەزن لەگەڵ ئێرانیشدا بە هەمان شێوە دەبێ.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# کۆماری ئیسلامی؛ سیستەمێک کە لەسەر خۆڵەمێشی ژیانی خەڵک ماوەتەوە




**(لە سینەما ڕێکسەوە تا تەقینەوە لە بەندەری ڕەجایی)**

ئەفشین مەعرووفیان

## پێشەکی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا مانەوەی خۆی نەک لەسەر شەرعییەتی جەماوەری یان پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لەسەر سەرکوتکردن، قەیران دروستکردن و کوشتوبڕی خەڵک درێژ کردووەتەوە. لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا هەر کاتێک بناغەکانی حکوومەت لەرزۆک بووە، کارەساتێکی "گوماناوی" و شەپۆلێکی ترس و گێڕانەوەی ئەمنییەتی جێگەی داواکارییەکانی کۆمەڵگەیان گرتووەتەوە. ئەم ڕێژیمە بۆ پاراستنی هەژموونیی خۆی، چەندین جار دەستی بۆ زۆر تاوانی گەورە درێژ کردوە، کە نەک هەر لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات و تەنانەت لە دڵی ئووروپادا خوڵقاندوونی.

**چەندین نموونەی مێژوویی ئەم کارەساتانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەرامی سیاسی خوڵقاندوویەتی:**

- کارەساتی سینەما ڕێکس ئابادان (١٣٥٦)
- تیرۆرکردنی سەدان لیدێر و تێکۆشەری سیاسیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات
- خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئۆکرانی (١٣٩٨)
- دارمانی کانەکانی کرێکاری و ڕووداوەکانی وەک پلاسکۆ
- بارمتەگیریی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی
- و ئێستاش، تەقینەوەی نهێنی لە بەندەری ستراتیژی بەندەر عەباس (١٤٠٤)

هەرکام لەو ڕووداوانە هەڵگری یەک پەیامن: "کۆماری ئیسلامی لە پێناو مانەوەدا ئامادەیە ژیانی هەزاران کەس تێدا ببات."

**بەندەر عەباس؛ بەندەرێک لە ئاگردا، ڕاستییەک لە سێبەردا**

تەقینەوەی بەرفراوان لە کۆگایەکی پیشەسازی لە بەندەری ڕەجایی لە بەندەر عەباس، هەرچەندە لە لایەن میدیاکانی فەرمیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە بە "ڕووداوێکی سادەی هەڵەی مرۆڤی" ناو بردرا، بەڵام جارێکی دیکە چەندین نیشانەی پێکهاتەی تاوانکاریی ڕێژیمی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد.

**ئەم تەقینەوەیە لەو ساتەدا ڕووی داوە کە:**

- گوشاری ئابووری و ناڕازیبوونی جەماوەری لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو ببۆوە.
- هەڵبژاردنەکان بۆ ڕێژیم سەخت، چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەن.
- ناڕەزایەتیی کرێکاری و نەتەوەیی لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای وڵاتدا بڵاو ببۆوە.
- گرژییە ناوچەییەکان لەگەڵ ئیسرائیل و ئورووپا و هەروەها ئەمریکا لە لوتکەدا بوون.

**ئەندازیارانی سیاسی سێ سیناریۆ بۆ ئەم ڕووداوە دەخەنە ڕوو:**

١- تەقینەوەیەکی ئەندازیاریکراوی حکوومەتی بۆ گۆڕینی ڕای گشتی و دروستکردنی کەشێکی نائاسایی بەتایبەتی لە

پەراوێزی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکادا.
٢- خراپ بەڕێوەبردنی کارەساتباری کۆگا سەربازی یان شیمیاییەکان بەهۆی گەندەڵیی پێکهاتەیی و ئەمنییەتی.
٣- ئۆپەراسیۆنی تێکدانی دەرەکی یان نێوخۆیی کە کۆماری ئیسلامی بۆ مەبەستی تەبلیغی کەڵکی لێ وەرگرتوە.

**لە هەر حاڵەتێکدا دەرئەنجامەکەی ڕوونە: ژیانی خەڵک بووەتە ئامرازێکی پڕوپاگەندەیی، ئەمنییەتی، یان سیاسیی حکوومەت.**

**مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە؛ لە ئاگرەوە بۆ مووشەک، لە کانگاوە بۆ تیرۆر**

**سینەما ڕێکس (١٣٥٦)**

ئاگرتێبەردانی سینەما ڕێکس کە زیاتر لە ٤٠٠ قوربانیی لێ کەوتەوە، کارەساتێک بوو کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێستا بۆ وروژاندنی سۆزی خەڵک بۆ بەرەوپێشبردنی پڕۆسەی حوکمڕانیی دینیی شیعە خولقاندیان.

**بەردانەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی (١٣٩٨)**

تەقەی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران لە فڕۆکەی PS752 بووە هۆی گیانلەدەستدانی ١٧٦ کەسی بێتاوان. ئەم کارە لە چوارچێوەی قەیرانەکانی دوای تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی ئەنجام درا و تاوانەکەش دوای سێ ڕۆژ و گوشاری نێودەوڵەتی ئاشکرا کرا.

**کانگای تەبەس و کانەکانی تر**

ساڵانە دەیان کرێکار بەهۆی دارمانی تونێلەکان یان تەقینەوەی ژێر زەوی گیانیان لەدەست دەدەن. بۆ کۆماری ئیسلامی ژیانی کرێکارێک لە ئاڵوگۆڕی بەرهەمە ئەمنییەکان بەنرختره.

**تیرۆرکردنی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنەکان بەتایبەت سەرکردە کوردەکان لەدەرەوەی وڵات**

دکتۆر قاسملو (ڤیەنا)، شەرەفکەندی (بەرلین) و چەندین کەسایەتیی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی دیکە لە لیستی تیرۆرە

ڕێکخراوەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتدا بوون. ئامانج: لەنێوبردنی فیزیکی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە و چالاککردنی سیاسەتی "تیرۆر لە دەربەدەریدا."

**بارمتەگرتنی دیپلۆماسی و ئەمنییەتی**

بارمتەگرتن ئەو کەسانەی لە وڵاتانی دیکە نیشتەجێن، چالاکوانانی مافی مرۆڤ، یان هاووڵاتیانی ئورووپایی و ئەمریکی بووەتە بەشێک لە دیپلۆماسیی بارمتەی ڕژیم. ئەم بارمتانە زۆرجار لە مامەڵە سیاسییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

**بەشە هاوبەشەکەی هەموو ئەم کارەساتانە:**

کۆماری ئیسلامی قەیران دروست دەکات و دەیکاتە قوربانی و خۆی بە "ڕزگارکەر" دەناسێنێت. بەڵام ئایا ڕێگایەک هەیە بۆ دەربازبوون؟ بەڵێ: یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن و نیڵدانی کوورەی خەبات.

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی نیگەران بەرەو لێواری نەمان دەبات، تەنیا ناڕازیبوونی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکوو دروستبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕێکخراو و دێموکراتیک و گشتگیرە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەوە.

**بەڵام بۆ دروست نەبوونەوەی ڕێژیمێکی دیکە لە چەشنی ڕێژیمە ناوەندگەراکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی پێویستە ئەم ئالترناتیڤە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا ڕوون بکرێتەوە:**

- دیموکرات بێت: سیستەمێک کە یەک حاکم (چ پاشا بێت یان شێخ) تێدەپەڕێنێت و لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانیی نەتەوە و ئایینەکان و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا بیچم دەگرێت.

- کۆتایی بە سیستەمی ناوەندگەرایی بێنێ: پێکهاتەیەک کە دان بە ماف و ئۆتۆنۆمیی ناوچە و نەتەوەکاندا بنێت؛ بۆ نموونە حکوومەتە هەرێمایەتییە فیدراڵیەکان بە ئیدارەی ڕەسەنی (کوردستان، بەلوچستان، ئەهواز، ئازەربایجان و....) کە لەسەر بنەمای یەکیەتییەکی دڵخوازانە لە ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک مسۆگەر دەکەن.

هەروەها هاوپشتیی ڕاستەقینەی نێوان هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لەگەڵ نوێنەرایەتی

بانەمەری ٢٧٢٥

نەتەوە چەوساوەکانی وەک کورد، دەبێ بەجۆرێک پێک بێت کە ئەڵتەرناتیڤ تەنیا پرۆژەیەکی ناوەندی نەبێت، بەڵکو پلانێک بێت بۆ تەواوی ئێرانی فرەنەتەوەیی.

**ئەنجام**

تەقینەوەکە لە بەندەر عەباس تەنیا ئەڵقەیەکی دیکەی لە زنجیرەی تاوانەکانە کە کۆماری ئیسلامی وەک ئامرازی مانەوە بەکاری هێناوە. لە ڕێگادا ژیانی خەڵک و ئاسایشی نەتەوەیی و ئیعتباری نێودەوڵەتی و سەرچاوەکانی وڵات هەمووی بوونەتە قوربانی. درێژەدان بەم ڕەوتە بە واتای بەردەوام بوون لە مردن و سانسۆر و تیرۆر و دواکەوتوویی. بەڵام ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کات پێویستیی دروستکردنی ئالتەرناتیڤێکی دێموکراتیک و لامەرکەزی کە ڕەگ و ڕیشەی لە داخوازییە ڕاستەقینەکانی گەلی ئێراندا هەیە، زۆر گرنگە. ئەگەر دەنگی قوربانییەکان و دەنگی گەلانی چەوساوە و دەنگی ئازادیخوازان یەک بگرن، نەک هەر دەتوانین لەم دۆزەخە تێپەڕین، بەڵکوو دەتوانین ئێرانێکی نوێش بنیات بنێین: ئێرانێک کە لەسەر بنەمای دیموکراسی بۆ هەمووان بنیات بنرێت، نەک تەنها بۆ چینێکی سەربازی و مەزهەبیی دەسەڵاتدار.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# لە خۆیابوونەوە تا ئاوابوون



سەربەست نورمیە

## سەرەتا

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک هەر ڕووداوێکی مێژوویی، بەڵکوو قۆناغێکی فەلسەفی و ئەخلاقیـاە لە مێـژووی خەبـاتی کـورددا. ئەم بـزووتنەوەیە بە لێکدانەوەی دروسـتی خـۆی لە پرسی ئـازادی و ڕابوونی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خەبات، بەستێنی بۆ خەبـات و پێشهاتەکانی دواتـر لە کوردستان خۆش کرد. شەهیدانی وەکوو سولێمان موعینی، ئیسماعیل شەریفزادە، نحۆ پاشایی (باپیر شکاک)، مەلا ئاوارە و ... هتد، وەکوو کەسایەتییە هەرە دیارەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بە پشتبەستن بە فەلسەفەی ئازادی و ئایدیاڵە مرۆییەکان، کاریگەرییەکی قووڵیان نەتەنیا هەر لەسەر سەردەمی خۆیان بەڵکوو لەسەر مێژووی خەباتی کورد بەجێهێشت.

### پاشخانی مێژوویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧

## بانەمەری ٢٧٢٥

بە ڕووخانی کۆماری کوردستان لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٥ قۆناغێکی نوێی سەرکوتکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێ دەکاتەوە کە کاریگەری و کارتێکەریی تا چەندین ساڵی دواتریش لەسەر بزووتنەوە نەتەوەیی و ئازادیخوازەکانی ئەم بەشەی کوردستان دەبیندرێت. حکوومەتی پەهلەوی لە ڕێگەی سیاسەتی یەکسانسازیی کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمەکانی دیکە و بە تایبەتی لە کوردستاندا دەدات. بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا پشت بە هێزی لەشکری نابەستێت، بەڵکوو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بنیاتنانی کولتوورێکی نوێ بە مێحوەرییەتی کولتوور و زمانی فارسی، ناسنامەیەکی نوێیان بۆ سەقامگیریی حکوومەتی ناوەندیی پێ ببەخشێت.

لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو و لەگەڵ دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکانی ئەو کاتدا کە گرینگترینیان بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و سەرکەوتنی شۆڕش لە وڵاتی کوبا بوو، دەلاقەیەکی نوێ بە ڕووی خەباتی ڕزگاریخوازیدا کرایەوە. هاوکات بەشێکی زۆر لە لاوان و خوێندکارانی کوردیش لەژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانەدا و لە پێناو پاراستن و مانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیاندا بەرەنگاری حکوومەتی ناوەندی بوون. ئەم بەستێنە مێژووییە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زوور لە تێکۆشەران و ڕۆشنبیرانی کورد، هاوکات لەگەڵ تێکۆشەرانی ناوچەکانی دیکەی ئێران، بە بیر و هزرێکی چەپ و ناسیۆنالیستی بکەونە خۆڕێکخستنەوە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەوکاتدا، کەشی نیزامی و ئەمنییەتیی هەمەلایەنە بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵ بوو. دەسەڵاتی بێ سنوور و ملهوریی ساواک و کەڵکوەرگرتن لە ئامێرە جۆراوجۆرەکانی سەرکوت و بە تایبەت سەرکوتی، نەتەوەیی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی، دۆخێکی دژواری بە سەر بزووتنەوە سیاسی و ئازادیخوازەکاندا سەپاندبوو. بەڵام دوا جار هەر ئەم کەشە نالەبارە بوو بە هاندەر و پاڵنەری خەباتی هێزی سیاسیی کورد لە دژی داگیرکەر.

### سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧

ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە شۆڕشی چەکداری لە دژی دەسەڵاتی شای پەهلەوی ناسراوە، لەسەر بنەمای هزری نەتەوەخوازی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە پشتیوانیی جەماوەری بەهرەمەند بوو. ئازادیخوازانی کورد کە هەوڵی داکۆکیکردن لە ناسنامەی کورد و بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی شاهەنشاهیان دەدا، بە شێوەیەکی ڕێکخراو بە سەرکردایەتی کەسایەتییەکانی وەکوو شەهیدان سلێمان موعینی، ئیسماعیل شەریفزادە، نحۆ (باپیر شکاک)، مەلا ئاوارە و... دیکە خەباتیان دەستی پێکرد.

هەرچەندە ئەم شۆڕشە لە گەڵ سەرکوتی توندی حکومەتی داگیرکەر بەرەوڕوو بوو، بەڵام پێگەیەکی دیاری لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو کاتدا هەبوو. هەر ئەم بزووتنەوەیەش بوو کە ڕێگای بۆ درێژەدان  بە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆش کرد. کاریگەری لە سەر گوتاری ئازادیخوازی لە کوردستان دانا و واتایەکی نوێی بە چەمکی خەباتی چەکداری بۆ نەوەکانی دواتر بەخشی.

## چەمکی ئەخلاق لە سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧دا

بە گشتی شۆڕش دەرفەتێکە بۆ بەرزبوونەوەی چەمکی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا. کاتێک کە خەڵک لە دژی نادادپەروەری و توندوتیژیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و... ڕادەپەڕن، لە ڕاستیدا ئامادەن کە لە پێناو ئازادی و دادپەروەریدا گیان ببەخشن. هەر بۆیە شۆڕشگێڕان بەهۆی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕەوتی سەرکوتکار و گیانفیداییان لە پێناو ئازادیدا، لە مەیدانی خەباتی  نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبنە سەرچاوەی ئەخلاق.

## ئەخلاق لە خەبات و قوربانیداندا

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو زۆرێک لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی هاوکاتی خۆی، لە هەلومەرجێکی سەختی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا پێکهات. تێکۆشەرانی کورد لەگەڵ ئەوەی بە هۆی سەرکوتی توندی ڕێژیمی شا، لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتدا بەرەوڕوو بوون، بەبێ هیچ پشتیوانییەکی دەرەکی و کەرەستەی پێشکەوتووی شەڕی چەکداری، خەباتیان دەست پێ کرد. لە کەشێکی ئەوتۆدا، پرسی خەبات و قوربانیدان لە پێناو ئازادیدا، وەکوو کۆڵەکەی ئەخلاقیی شۆڕش دەژمێردرێت.

ئامانجی خەبات تەنیا سەرکەوتنی سەربازی نەبوو، بەڵکوو گێڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو. بۆ تێکۆشەرانی ئەم قۆناغە لە مێژوودا، قوربانیدان جگە لە پرەنسیپێکی ئەخلاقی، ڕێکار و ستراتیژیی شۆڕشگێڕانەش بوو. بۆ بەرەنگاری و هەڵماڵینی نایەکسانی و چەوساندنەوەی هەمەلایەنە، فەداکاری و قوربانیدانی تاک و کۆمەڵ پێویستە کە ئەمیش لە کردار و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانی ئەو شۆڕشە دا بەدی دەکرێت.

## سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە

### - پرسی ئازادی و خۆدئاگایی

لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە, لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧ دا ئازادی یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ئەم بزووتنەوەیە. ئازادی لە ڕوانگە و بیر و هزری تێکۆشەرانی ئەم قۆناغەدا، وەکوو مافێکی تاکەکەسی پێناسە نەکراوە، بەڵکوو پێداویستییەکی گشتی و کۆمەڵایەتی و چەمکی سەرەکی بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی شرۆڤە کراوە. لەم بزووتنەوەیەدا، ئازادی وەکوو ئامانجێکی فەلسەفی و پراکتیکی بەتایبەتی لە مەیدانی خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەیی کوردستان دا و بۆ وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکان لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، پێناسە کراوە.

### - شەهیدبوون و واتای لە فەلسەفە و مێژووی ئەم بزووتنەوەیەدا

لە فەلسەفەی مێژوویی هێگڵدا، ئەوانە دەبنە بابەتی مێژوویی کە لە ڕێگای ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە ئاگاییەوە هەوڵی گۆڕینەوەی واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەدەن. لەژێر ڕۆشنایی ئەم چەمکە فەلسەفییەدا، دەکرێ شەهیدبوون وەکوو کردارێکی ئاگایانە و دیالێکتیکی لێکبدرێتەوە کە نە تەنیا گۆڕانکاریی تاکەکەسی، بەڵکو گۆڕانکاری مێژوویی لێ دەکەوێتەوە. شەهیدبوونی ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی کورد، لەم چوارچێوەیەدا، نەک هەر گۆڕانێکی تاکەکەسییە، بەڵکو خاڵێکی وەرچەرخانە لە گۆڕانکارییە مێژووییەکانی بەرخۆدانی کوردستان و نەتەوەسازییدا.

### - شەهیدبوون وەکوو کردەوەیەکی دیالێکتیکی

شەهیدبوونی ڕێبەران و تێکۆشەرانی شۆڕشی چەکداریی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەرئەنجامی ڕەوتی هۆشیاریی ڕەخنەگرانە و ڕوانگەی مێژوویی ئەوان بوو. ئەم شۆڕشگێڕانە بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، مەرگی ئاگایانەیان هەڵبژارد. مەرگێگ کە ئەوانی لە سنووری کەسی دەرباز کرد و کردنی بە هێمای بەرخودانی نەتەوەیی. تا ئاستێک کە ڕۆڵ و پێگەی ئەوان لە پێواژووی دووبارە پێناسەکردنەوەی شوناسی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی گەلی کورددا هەتا هەتاییە.

### - مەرگی ئاگایانە، مردن لەپێناو ژیاندا

شەهیدبوونی ئەو ڕێبەر و تێکۆشەرانە دەکرێ بە هەڵبژاردنی ئاگایانەی مەرگ لەپێناو وەدیهاتنی "ژیان" لە بەرامبەر


سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٥**

زۆرداریدا شرۆڤە بکرێت. لەو بوارەدا هایدگەر، مردن بە واتای کۆتاییهاتنی ژیانی بایۆلۆژیک نابینێت. بەلکوو لە ڕوانگەی ئەودا، مردنی لەم چەشنە ساتێکە کە تاک لە "واتای ڕەسەنی هەبوونی خۆی تێدەگات. لەو ڕوانگەیەوە شەهیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، بە قبوڵکردنی ئاگایانەی مەرگ وەکوو بەشێکی دانەبڕاوی بوونیان، بوونە ڕەوتێک لە مێژوو دا کە بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان بە دروستی بە جێ گەیاند و بوون بە هێمای نەتەوەیی.

## - هێز و خۆڕاگری

شەهیدبوونی تێکۆشەرانی کوردی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧ی کوردستانی ئێران نموونەی دیالێکتیکی هێز و خۆڕاگری بوو. ئەوان بە شەهیدبوونیان هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە پێناسەیەکی دیکەیان لە بەرخۆدان پێشکەش کرد، زلهێزە بالادەستەکانی سەردەمیان ڕاکێشایە مەیدانی ململانێ و بەرەڕووی چالێشێکی ڕاستەوخۆ کرد. بە بڕوای میشێل فۆکۆ، هێز هەمیشە لە خۆڕاگری دایە و بەرخۆدان و شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرانەش نموونەی ئەم گوتارەیە کە بۆ مانەوە و بەهێزکردنی شوناسی گەلی کورد پێویست بوو.

## - کرداری سیاسی، مانەوە و دووبارە نووسینەوەی مێژوو

بەو جۆرە کە هانا ئارێنت، جەخت لەسەر گرنگیی کرداری سیاسی لە داڕشتنی مێژوودا دەکات، شەهیدبوونی تێکۆشەرانی ئەم قۆناغە لە مێژووی کوردستاندا دەکرێت لە ڕوانگەی کرداری سیاسییەوە شرۆڤە بکرێت کە لە بیاڤی گشتیدا لە دژی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی خەباتیان کرد.

ژاک دێریدا لە تیۆریی مانەوەی بەکۆمەڵ و چەمکی "دۆگماتیک"دا جەخت لەوە دەکات کە ڕووداوە مێژووییەکان بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنن، پێویستیان بە دووبارە نووسین و شرۆڤەکردنە. لە ململانێی نێوان دوو گوتاری سەرکوت و بەرخۆدان دا، شەهیدبوونی ئەم شۆڕشگێڕانە بە بنچینەیەکی دیکە لە پێواژۆی داڕشتنەوە و دووبارە نووسینەوەی مێژوو و ناساندنی شوناسی نەتەوەیی گەلی کورددا دەژمێردرێت. لەم ڕووەوە شەهیدبوون واتای کۆتایی ژیانی ئەو سەرکردانە نادات، بەڵکوو دەبێتە سەرەتایەکی دیکە لە مێژووی نوێی بزووتنەوە شوناسخواز و ڕزگاریخوازەکانی کوردستان و داهاتووی خەباتی ئەم نەتەوەیەدا.

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

# لە کۆتاییدا کۆماری ئیسلامی هەر دەتکوژێ



**ئەلبورز ڕووییندن**

یەکێکی دیکە لە ڕۆژەڤی میدیای دووبارەی ژیانی ژێر حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی تەقینەوەو و ڕووداوی جۆربەجۆرە کە هەر جارە و گیانی سەدان کەس دەستێنێ و سەدان کەسی دیکە ماڵوێران دەکات. تەنانەت ئەو ڕووداوانە بوونەتە تەوەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵەری میدیایی و سیاسی لە دەرەوەی ئێران کە بە گوێرەی کات و شێوازی ڕووداوەکان دەیانهەوێ لە ڕاستییەکان بکۆڵنەوە و لایەنە شاراوە و ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕووداوانە دەر بخەن.

ئەو ڕووداوانە بەشێکیان هۆکاری دەرەکییان هەیە، واتە وڵاتەکانی دیکە بە گوێرەی پێویست و ویستی سیاسەتەکانی خۆیان هەر جورە کردەوەیەک بە دژی ئێران لە نێوخۆی ئێراندا ئەنجام بدەن. لە ئێستا نەیارە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت دەتوانن نهێنیترین و گرینگترین ئامانجەکانیش بپێکن، کە لێرەدا ئەوە نیشان دەدات ئێران نەک توانای بەرگری لە خۆی نیە، بەڵکوو هەر وڵاتێک بە تایبەتی وەک ئیسرائیل دەتوانێ لە ئێراندا هەرچی بیهەوێ بیکات. لە حاڵەتێکی وەها ئەو پرسیارە دەبێ بکرێ ئەو هەموو تێچوویە بۆ بەرگری لەشکری خەرج دەکرێ کوا ئاکامەکەی؟ باشە ئەگەر ناتوانن

**بانەمەری ٢٧٢٥**

بەرگری لە خۆتان بکەن چۆن پڕوپاگەندەی لە نێوبردنی وڵاتانی دیکە دەکەن و تەنانەت هەڕەشە دەکەن؟ هەروەها تاکەی بە پڕوپاگەندەی پووشاڵیی خۆتان خەڵک دەکەنە قوربانی کە ناتوانن نەک هێرش تەنانەت بەرگری لە ژووری نوستنی خۆشتان بکەن.

لە لایەکی دیکە ئەو ڕووداوانە ئەگەر بەرهەمی هۆکارە نێوخۆییەکان بن، ئەوا خاڵە لاواز و کارەساتبارەکانی سیستمی نادروستی کارگێڕی ئەو وڵاتە نیشان دەدات کە لە بەر گەندەڵی ناتوانێ پێش بە هیچ ڕووداوێک بگرێت و بەردەوام ژیانی مرۆڤەکان لە مەترسیدایە. ئەو سیستەمە ناتوانێ پێشی بە ڕووداوەکان بگرێ، ناتوانێ لە کاتی ڕووداوەکان خزمەتگوزاری تەندرووستی و دەرمانی پێویست پێشکێش بکات و، دوای ڕووداوەکانیش قوربانیی سەرەکی هەر خەڵکە کە بەرەو فەرامۆشی دەچن و تەنانەت ڕووداوەکان ئەوەندە زۆر بوون کە تا یەکێکی نوێ دێت ئەوی دیکە لە بیر دەچێت.

زۆر جارانیش دەستی بەئانقەستی کۆماری ئیسلامی لەو ڕووداوانەدا دەبیندرێ بۆ ئەوەی خەڵک بکاتە قوربانیی سیاسەتێکی دیکە و وەک قەڵغان بە کاریان بهێنێ، هەر وەکو ئەوەی لە خستنە خوارەوەی فڕۆکەی ئوکراینیدا دیتمان.

هەمووی ئەو لایەنانەی ڕووداوەکان نیشان دەدات کە کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕووداوانەی ستاندنی گیانی خەڵکە، هەر بۆیەش تا ئەوکاتەی لە سەر حوکم بێت بەردەوام ئەو کارەساتانە دووبارە دەبێتەوەو تەنانەت کارەساتەکان هەر دووبارەو و گەورەتر دەبن. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە و خەڵک دەبێ بزانە کۆماری ئیسلامی هەر چالاکی سیاسی و خۆپێشاندەران و دژبەرەکەی ناکوژێت، بەڵکوو کرێکاری مەعدەنیش بی، پەرەستار و دوکتوریش بی، شۆفێری تریلی بی و ئەو کات لە بەندەر بی ، یان لەگەڵ بنەماڵەکەت سەردانی خێزانەکەت لە شارێکی دیکە بکەی و لە ڕێگەدا بی، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە هۆی گەندڵی و نابەڕێوەبەری و تەنانەت کوژرانی بەعەمدی کۆماری ئیسلامی گیانت لە مەترسیدایە.

**واتە لە کۆتاییدا کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە شێوازەکان هەر دەتکوژێ.**

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# ناوەندگەرایی و ڕۆڵی پەراوێز لە پێناسەکردنەوەی ئێراندا



**ڕەحیم نزهەتزادە**

ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵێک هێزی سیاسی کە بەدوای گۆڕانکاری لە ئێراندا دەگەڕێن، لە ناوەندەوە چاویان لە ڕاپەڕینێکە. ئەوان هیواکانیان لەسەر نوخبەی تاران و چینی نێوەڕاستی شارەکان بنیات ناوە، بەو بیرۆکەیەی کە ڕۆژێک بە هاوکاریی دەسەڵاتێکی دەرەکی یان یاخیبوونێکی نێوخۆیی، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا ڕوو دەدات. بەڵام ئەم چاوەڕوانییە، زیاتر لەوەی واقیعی بێت، لە خەونێک دەچێت کە لە ئاوێنەی ستەمکاریدا ڕەنگ دەداتەوە: خەونێکی ئازادییە کە بڕیارە هەر لەو ڕێکخستنەوە لەدایک بێت کە خۆی هۆکاری چەوساندنەوە و جیاکاری بووە.

## ناوەند وەک هاوبەش، نەک قوربانی

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا - لە پەیمانی دەستوورییەوە تا شۆڕشی ١٣٥٧ و پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی - ئەوانەی هەمیشە ڕۆڵی کاریگەر و چارەنووسسازیان هەبووە، هێزگەلێک بوون کە لە ناوەندەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم هێزانە بەبێ

گوێدانە ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن بن یان هاوتەریبی حکوومەتن، هەرگیز لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ناوەند دەرنەچوون. تەنانەت کاتێک لەگەڵ حکوومەتدا ململانێیان هەبووە، هێشتا ناوەندیان بە شوێنی شەرعیەت و دەسەڵات زانیوە.

لە چوارچێوەیەکی وەهادا چاوەڕوانیی ئەوەی ئەم چینە سەرکردایەتی گۆڕانکاری بکات، شتێکی ناواقیعییە. چینی نێوەڕاستی شارەکان کە سوود لە ئیمتیازاتی پێکهاتەیەکی ناوەندگەرایی وەردەگرێت، زیاتر مەیلی پاراستنی دۆخی ئێستای هەیە بە ڕووخسارێکی "میانڕەو" و "دیموکراسی ڕێگەپێدراو" نەک گۆڕانکاری لە بنەڕەتدا. ئەم چینە لەبری ئەوەی پەیوەندی بە ڕاپەڕینەکانی دەوروبەرەوە بکات، لە ساتەوەختە گرنگەکاندا پاشەکشە دەکات، یان تەنانەت ڕۆڵی ڕێگریش دەگێڕێت.

## دەوروبەر؛ بەردی بناغەی ڕاستەقینەی ئازار و بەرخۆدان

لە بەرامبەر ئەم بەربەستەدا، پەراوێزی ئێران - کوردستان، بەلوچستان، خوزستان، تورکمەنسەحرا و... ناوچە پەراوێزییەکانی دیکە - هەمیشە قوربانیی یەکەمی پێکهاتەی هەڵاواردن و ناوەندگەرایی بوون. خەڵکی ئەو ناوچانە دەیان ساڵە خەباتیان کردوە بۆ سەرەتاییترین مافەکانیان، هەر لە زمانی زگماکی و خوێندنەوە تا گەشەپێدانی ئابووری و بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا و زۆرترین باجیان داوە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٤٠١دا جارێکی تر خوێن لە پەراوێزەوە کوڵاوە، بەڵام وێنەی میدیایی ئەو لە چوارچێوەی تاران و چەند شارێکی نێوەڕاستدا نوێنەرایەتی دەکرا. ئەم وەدەرنانی گێڕانەوەی دەوروبەر تەنیا نیشانەی هەڵاواردنی میدیایی نیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەمان پێکهاتەی ناوەندگەراییە کە تەنانەت لە گێڕانەوەی ئۆپۆزسیۆنیشدا بەرهەم دەهێنرێتەوە.

## ناوەندگەرایی؛ پێکهاتەیەک لە دەرەوەی جوگرافیا

مەرکەزییەت تەنیا بە مانای چڕبوونەوەی جوگرافیای دەسەڵات نیە، بەڵکو ئەو پێکهاتەشە کە گێڕانەوە و شەرعییەت و سامان و شوناس لێیەوە بەرهەم دێت. ئەم ناوەندە بە سەپاندنی زمان و کولتوور و ڕوانگەی خۆی، یان ناسنامەکانی دیکەی لەنێو بردوە یان پەراوێزی خستووە. لە ئەنجامدا ناوەند تەنها شوێنێک نییە، بەڵکوو دۆخێکی بناغەیی کە دەبێت بگۆڕدرێت.



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

**جووڵە لە خوارەوە؛ دەنگی دەوروبەر، نەک دەنگدانەوەی ناوەند**

گۆڕانکـاری کاتێـک دەکرێـت و ڕوو دەدات کە پەراوێـز نەک تەنهـا بیسـترێت و گرینگـی پـێ بـدرێت، بەڵـکوو وەک هێزێکـی بـزوێنەر و سـەرکردەی گۆڕانکـارییش بناسـرێت. شـوناس و بـزووتنەوە کولتوورییەکـان کە لە پەراوێـزدا گەشـەیان کـردوە، هەڵگری وشیاریی ڕزگاریخوازن، نەک چینێک کە مانەوەی خۆی لە درێژەی نەزمی ئێستادا ببینێت. ڕزگـاری بە پشتبەسـتن بە ژینگە مومکینە؛ بە دەنگێکی سەربەخۆ، بە هاوپەیمانییەکی دادپەروەرانە و بە گێڕانەوەیەکی جیـاواز لەوەی کە سـاڵانێکە لە ناوەندەوە دەرچووە.

**پێناسەکردنەوەی ئێران؛ لە فیدرالیزمەوە بۆ دادپەروەریی ناسنامە**

بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، دووبارە پێناسەکردنەوەی پێکهاتەی سیاسی و ناسنامەی ئێران، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. ئەم دووبارە پێناسەکردنەوە ئەم پێکهاتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

- گواستنەوە لە ناوەندگەراییەوە بۆ فیدرالیزمی ڕاستەقینە
- دانـان بە هەموو گەلان و زمانەکانیان
- دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی سەرچاوە ئابووری و سیاسییەکان
- ڕێزگرتن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو گەلان
-کۆتاییهێنان بە قۆرخکاریی کولتووری و زمانەوانیی ناوەند

**وشەی کۆتایی؛ با چاومان لەسەر پەراوێز بێت نەک ناوەند**

تا نیگاکە لەسەر ناوەند جێگیر بێت، هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕوو نادات. مێژوو چەنـدین جـار نیشـانی داوە کە ناوەنـد هاوبەشی دەسەڵات بووە نەک قوربانییەکەی. ئەمڕۆش ئایندەیەکی ئازاد و بەردەوام تەنیا بە قبـووڵکردنی سـەرکردایەتی لە پەراوێـزەوە و یەکخسـتنی نەتەوە پەراوێزخراوەکـان و پێناسـەکردنەوەی چەمکـی ئێـران مـومکین دەبێت. نەک لە چوارچێـوەی ناوەندا، بەڵکوو لە دڵی پەراوێزەوە.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

## چرا یاسین: ئایین یەکێک بووە لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی بەردەم لاوازیی ناسیۆنالیزمی کورد




**چرا یاسین: ئایین یەکێک بووە لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی بەردەم لاوازیی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**ناسیۆنالیزم یان هەستی نەتەوایەتی وەک چەمکێکی گرینگ کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاو لە بەرەوپێشبردن و یەکگرتوویی هەر نەتەوەیەکدا دەگێڕێ کە بە کارکردن و تەکز خستنەسەر ئەم چەمکە گرینگە میللەتانی بێ دەوڵەت ئامانجە گەورەکانیان دەستەبەر دەکەن کە دەربازبوون لە دیلی و ژێردەستییە. "کوردستان" لە وتووێژێکی تێروتەسەلدا و بۆ باسی زیاتر لەسەر ناسیۆنالیزم و لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزم و کاریگەری ناسیۆنالیزمی داگیرکەران لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ خاتوو چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو تیشکی زیاتری خستوەتە سەر ئەم بابەتە. لە**

**بەشی یەکەم و دووهەمی ئەو وتووێژەدا باس لە مێژووی ناسیۆنالیزم لە کوردستان و کاریگەریی ناسیۆنالیزمی "فارس" و "عەرەب" و "تورک" لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان کرا و تیشکمان خستەسەر ئەوەی کە چۆن دەتوانێت بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی دژبەران و نەیارانی بداتەوە. هەروەها باس لە مەوداکانی نێوان هەستی نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی کرا ئەرکەکانی ناسۆنالیزم هەڵوێستەیان لەسەر کرا. لە بەشی کۆتایی دیمانەکە ئاکامگیرییەکی چڕ لەو باسە دەکەین.**

**شەهرام سوبحانی**: بەلای ئێوە ناسیۆنالیزم تەنیا دەرهاوێشتەی ئەرێنی هەیە، یاخوود لایەنی نەرێنیشی هەیە؟ لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ناسیۆنالیزم لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟

**چرا یاسین**: بێگومان ناسیۆنالیزم وەک هەر بابەتێکیتر هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێت، ئەگەر باس لە لایەنە ئەرێنییەکانی ناسیۆنالیزم بکەین دەتوانین بە چوار خاڵ گوزارشتی لێ بکەین ئەوانیش:

**یەکەم**: ناسیۆنالیزم پرەنسیپێکی ڕەواییەتی پێشکەش دەکات کە بنەمای سیستەمی دەوڵەتی، مۆدێرن پێک دەهێنێت، ئەم بەڵگەیەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئەرکی دەوڵەتە کە نوێنەرایەتیی گەلەکەی بکات، بەمەش دەوڵەت ڕەوایەت بە دەست دەهێنێت لە ڕێگەی ڕەزامەندیی گەلەکەیەوە.

**دووهەم**: ناسیۆنالیزم بەدیهێنەری پرەنسیپەکانی دیموکراسییە، بەپێی ئەوەی ناسیۆنالیزم بریتییە لەو ئامرازەی لە ڕێگەیەوە پرەنسیپەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری تایبەت بە حکوومەت لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا جێبەجێ دەکرێت.

**سێهەم**: ناسیۆنالیزم خزمەتی پیادەکردنی ئەرکێکی دەروونی گرنگ دەکات، چونکە هەستی ئینتیمابوون دابین دەکات و ڕەگی بنەڕەتی تاک و مێژوو و داهاتووی دیاری دەکات، هەروەها شێوازی دەربڕینی کلتووریش دیاری دەکات. ئەم پێداویستیانەش بریتین لە پێداویستییە سەرەکییەکانی تاک و بەبێ دیاریکردنیان بێهیوایی و پشێوی دروست دەبێت، کەواتە لێرەدا گرنگی ناسیۆنالیزم بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییە دەروونییە نەتەوەییەکانی ئەم سەردەمە.

**چوارەم**: ناسیۆنالیزم یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی داهێنان و فرەیی مرۆڤایەتی، تەقینەوەی هەستی نەتەوایەتی چەندین هەنگاوی گەورەی لە بوارەکانی (هونەر، ئەدەبیات، موزیک، وەرزش، زمان، کلتوور)بەدوای خۆیدا هێنا، لەم بوارانەدا ناسیۆنالیزم تەنیا سوودی بەو گەلانە نەگەیاندووە کە کاریگەر بووە لەسەریان، بەڵکوو سوودی بە تەواوی



سەرچاوە
Serchawe

مرۆڤایەتی گەیاندوە.



چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی لایەنە نەرێنییەکانی؟

**چرا یاسین**: لایەنە نەرێنییەکانیش بە هەمان شێوە دەتوانین پۆلینیان بکەین:

**یەکەم**: ناسیۆنالیزم سەرچاوەی ململانێ و جەنگەکانە، بەتایبەت هەڵگیرسانی جەنگە جیهانییەکان و پاکتاوکی ڕەگەز و ژێنۆسایدی بەکۆمەڵ و قەیرانی بیسنوور لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەموو ئەوانەش بەهۆی پێداگریی ناسیۆنالیزم و دەستگرتن بەسەر خاکدا بووە.

**دووهەم**: هەر چەندە ناسیۆنالیزم هەوڵی ئەوەش بدات خۆی لە پێکدادانی سەربازی دوور بخاتەوە، بەڵام هێشتا بە ڕێگرێک لەبەردەم هاوکاری و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان، لە بوارە جیا جیاکانی بازرگانی و کۆچکردن و ژینگە و...هتد دادەنرێت. هەمیشە جیهان پێویستیی بە هاوکاریی نێودەوڵەتیی فراوانتر و کارکردن بە پرەنسیپی بەرژەوەندییە جیهانییەکان هەیە، لە بەرامبەر دەستگرتن بە تایبەتمەندییە نەتەوەییە جیاکەرەوە و دژ یەکەکان.

**سێهەم**: ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتان و وێرانکردنی چەندان قەوارەی سیاسی و ئابووری لە جیهاندا و دواجار ئەوە کە ناسیۆنالیزم لە دیدێکی لۆکاڵییەوە بابەتێکی خوازراو نیە، چونکە بۆچوونەکان زۆرن لەسەر

ئەوەی ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی دروستکردنی کەشێکی بارگاوی بە دیکتاتۆرییەت لە نێوخۆی وڵاتدا.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بێینەوە لەسەر باسی ناسیۆنالیزمی کوردی. جەنابت پێت وایە لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی چین؟

**چرا یاسین**: ئەم پرسیارە وەڵامێکی فرە لایەن لەخۆ دەگرێت بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەم. یەکەم؛ جێگیرنەبوونی بیری نەیەوایەتی، کە پێشتر بە تێر و تەسەلی قسەمان لێکرد. دووەم؛ ئاگادارنەبوونمان لە مێژووی خۆمان و پەند لێوەرنەگرتنمان.

مێژوو مانایەکە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستامان، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو لە گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە یارمەتیمان دەدات بە باشی لە ئێستامان تێبگەین و پێشبینیمان و کارکردنمان بۆ داهاتوو بە باشی ڕێکبخەین. مێژوو هەروەها یارمەتیمان دەدات لە ناساندنی ناسنامەی تاکی و نەتەوەیمان، بێگومان ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە هانمان دەدات بە گرنگییەوە لە خوێندنی مێژوو بڕوانین، لە ڕێگەی مێژووەوە دەتوانین لە گۆڕانکارییەکان تێبگەین و بکۆڵینەوە کە چۆن کۆمەڵگە و نەتەوە و جیهان گەشتوە بەم حاڵەی ئێستا و یارمەتیمان دەدات لە بنەڕەتی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین. مێژوونووسی ئینگلیزی (جۆرج سێڵ) دەڵێت: (سیاسەتمەدارێک ناتوانێت گرفتێک چارەسەر بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، ئەگەر هاتوو لە مێژوو هەڵوێستی گونجاو وەربگرێت، هەروەها دەرکردنی بڕیارێکی گونجاو و پەسەند پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، چونکە مێژوو هەر وەکوو کۆگا وایە لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ کەمەو ناتوانێت هەموو شتێک تاقی بکاتەوە لەبەر ئەوە پێویستی بەکەسانی تر دەبێت). یەکێکیتر لە سوودەکانی بایەخدانی ئێمە بە مێژوو بریتییە لە پێناساندنی شوناسمان، لە ڕێی مێژووە و دەزانین چین و کێین و دۆستمان کێیە؟ دوژمنمان کێیە؟ هیچ نەتەوەیەک بەبێ بوونی مێژوویەکی نەتەوەیی بوونی نیە، تا بیرەوەریی هاوبەشی ئازار و سەرفرازییەکانی، قارەمانان و خراپەکارانی، دوژمن و جەنگەکانی و شکست و سەرکەوتنەکانی لە هزر و بیری خەڵکەکەی نەچەسپا بێت، سەرکەوتوو نابێت. ئەو هەنگاوە لە داهاتوودا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەهێزبوونی یەکگرتوویی ڕیزەکانی نەتەوە و لە کۆتاییدا ئاسایشی نەتەوەیش بەهێز دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئەدی ڕۆڵی ئایین لەو هاوکێشەیەدا چیە، ئەمیش وەک لەمپەر دەبینن؟

**چرا یاسین**: ئایین یەکێکە لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی بەردەم لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە لەسەر دوو ئاستی نێوخۆیی



سەرچاوە
Serchawe

و دەرەکی بووەتە لەمپەر و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. لە ئاستی دەرەکیدا ئەگەر سەیر بکەین عەرەبە ئیسلامییەکان خاوەن ٢٢ دەوڵەتن کەچی دژی نەتەوەکانی وەک کورد و ئاشووری و ...هتدکانن، کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەبێت، و ئایین دەکەنە بیانوو، هەروەها ئێران چەندین نەتەوەی تێدا دەژی و لەژێر سێبەری فارسەکاندان و دەوڵەتی نەتەوەیی بە داهێنراو دەزانێت چونکە ئایینی ئیسلام وایگوتوە بە هەمان شێوە وڵاتی تورکیەی تۆرانی لە دوای نەتەوە پەرستی خۆیان، ئایین وەکوو ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی گەل و نەتەوەکان دیکە بەکار دەهێنن و زمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکە قەدەغە دەکەن، لەسەر ئاستی ناوخۆیش لەمێژوودا تاکی کورد لەدێر زەمانەوە خاوەن هەست و سۆزێکی لە ڕادەبەدەر بووە، بە تایبەت کە باسەکە دەکەوێتە سەر ئایین، هەمیشە ئایین وەک ئامرازێکی بەستنەوەی کورد بەکارهاتوە لەلایەن دوژمنانیەوە، لە هەمان کاتدا بوونی هەستێکی ئایینی ڕەها و نەکردنی هاوسەنگی لە نێوان هەستی ئایینی و هەستی نەتەوایەتی. لەلایەکیتر زۆربەی تاکی کورد بە جۆرێک لە ناسیۆنالیزم تێگەیشتووە، کە ناسیۆنالیزم ڕەتی ئایین و ئایینداری دەکاتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵەیەکی گەورەیە و لە ناسیۆنالیزمدا دژایەتیکردنی ئایین هێندە ڕەنگدانەوەی نییە، بەڵکوو ئایین لە بەرژەوەندی نەتەوەیی بەکار دەهێنێت، هەروەک ئەوەیکە دەوڵەتانی دیکەی موسڵمانانی هاوشێوەی (تورک، عەرەب، فارس) بەکاریان هێناوە و توانیویانە لەو ڕێگەیەوە سوودێکی زۆر کە بەرژەوەندی نەتەوەکەیان بەدەست بهێنن و زۆر جار وەک کارتێکی فشاریش بەرامبەر کورد بە کاریان هێناوە و کوردیان تێکەڵ ئەم ستراتیژییەتە کردوە. بۆ نموونە لە کاتی ململانێی (عوسمانی-سەفەوی) دوژمنان زۆربەی کات جیاوازی مەزهەبییان کردوە بە بیانوو و هانی کوردەکانیان داوە بۆ دژایەتیکردن یان پاڵپشتیکردن، نموونەیەکیتر لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی ناوچەکانی کوردستان کە ببووە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەکانی عوسمانی و وڵاتانی خۆرئاوا عوسمانییەکان هەستی کوردەکانیان بەکار دەهێنا بۆ بەشداری پێکردنیان لە بەرەی خۆیان بە بیانووی شەڕی کافران.

**شەهرام سوبحانی**: نەبوونی ئینتیما بۆ خاک و سەرەوەریی نەتەوەیی چ کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر ناسیۆنالیزم هەیە؟

**چرا یاسین**: وەک خۆتان ئێستا باستان کرد یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی، نەبوونی ئینتیمایە بۆ خاک، نیشتیمان، ئاڵا، کە بۆ ئەمەش چەندین هۆکار هەن، وەک خراپی دۆخی سیاسی وڵات، خراپی باری گوزەران و ئابووری هاوڵاتیان، وا دەکات خەڵکی ڕقیان لەکۆپرسە نەتەوەییەکانیان بێتەوە و زۆر گرنگە پرسی ئاڵا، نەتەوە، خاک، نیشتیمان، کە بابەتی گشتی و پەیوەست بە کۆمەڵگەن بە تەواوی دایماڵێنین لەو جۆرە خاوەندارەتیکردنە، دەبێت تێبگەین لەوەی کە بوونی خۆشەویستی و ئینتیما بۆ ئاڵا، یەکسان نیە بە بەرگریکردن لەو سیستەمەی لەژێر ئەم ئاڵایە کار دەکات، و دژایەتی کردنیشی بە هەمان شێوە، چونکە دەسەڵات هی بەشێک لە خەڵکییە، بەڵام (ئاڵا، خاک، نیشتیمان) هی هەمووانن و شتانێکن کە ئەگەر دەسەڵات و سیستەمی فەرمانڕەواش بگۆڕێن ئەوانە هەر وەک خۆیان دەمێننەوە

و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک بێت بە یاسای فەرمی نێودەوڵەتی دان بە کوردستان دابنرێت و و ئاڵای کوردستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبکرێت، ئەو ئاڵایەی لە UN هەڵدەکرێت، گوزارشت لە وڵاتی کوردان دەکات، نەک دەستە و تاقمێکی دیاریکراو.

**شەهرام سوبحانی**: بارودۆخی سیاسیی کوردستان چەندە بۆ گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی یارمەتیدەرە؟

**چرا یاسین**: بارودۆخی ڕابردوو و ئێستای کوردستان لەو هاوکێشەیەدا زۆر گرینگە. دابەشبوونی حزبایەتی لەسەر بنەمای لایەنی و، بوونی شۆڕشی جیاواز، لە بنەمادا گەورەترین زیانیان لە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی داوە، هاوکات دروستبوونی شەڕی نێوخۆ، کە هەموو بنەماکانی ناسیۆنالیزمی شێواند و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە نەگریسە هەر لە هەڵگیرسانییەوە گەلی کوردی کرد بە دوو بەرەی دژ بە یەک و تا وەکوو ئێستاش کاریگەری نەرێنی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا جێ هێشتووە. لە ئێستاشدا نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی تۆکمە و دابەشبوونی کارگێڕی هەرێمی کوردستانی، بە یەکێک لە کۆسپەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قەڵەم دەدرێت تا دەسەڵاتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت مانایەک بۆ ناسیۆنالیزم نابێت. خراپی بارودۆخی سیاسیی کوردستان کە لەسەر هەموو لایەنەکانیتری ژیان ڕەنگی داوەتەوە، خراپی گوزەران و هەستنەکردن بە یەکسانی لە کۆمەڵگەدا جۆرێک لە تووڕەیی و بێ هیوایی لەلای خەڵکی دروستکردووە، بە جۆرێک پشت بکاتە ئامانجە گەورەکەی خۆی کە دەوڵەتی کوردییە، و یان ئەوەتا بڕیاری کۆچکردن بدات، یانیش حاشا کە نیشتیمان و هەموو کۆڕپرسە نەتەوەییەکان بکات. هەر لە بازنەی سیاسییەوە نەبوونی سەرکردەی کاریزما هۆکارێکی دیکەیە بۆ پاشەکشێکردنی بژاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی، بە مانایەکیتر تێڕوانینی خەڵکی بەرامبەر بە سەرکردەکان ئەو جۆرە تێڕوانینە نییە کە وەک سەرکردەی کارێزما لە سەرکردە کوردەکانمان بڕوانن. سەرکردەی کاریزما ئەو کەسەیە کە بەدیهێنەر و خوڵقێنەری ژیانێکی شایستە بێت بۆ گەلەکەی، و دیدێکی درێژخایەنیان هەیە و هەموو یەکەکانی لایەنەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو دیدە گەورەیە کۆ دەکەنەوە. هەروەها توانایییەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ گۆڕینی دیدگای لایەن یا خوود حیزب بۆ ئامانجی گەورە و پاڵنەر، تا ئەو ڕادەیە کە هەموو ئەندامانی ژیانی خۆیان ببەخشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. مرۆڤێکی چالاکن و بەردەوامن لە کارکردن و دەبنە هاندەر بۆ ئەوانیتر، بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکەیان.

**شەهرام سوبحانی**: عەقڵییەتی کوردی یان بڵێین عەقڵییەتی نەتەوەیی کورد بەو ئاستە گەیشتوە خاوەندارەتی لەو پرۆسەی نەتەوەسازی بکات؟

**چرا یاسین**: بیری نەتەوایەتی کوردی لەڕوویی زانیارییەوە زۆر لاوازە، ئەویش لەبەر سادەکردنەوەی نەتەوایەتی تەنها بۆ

بانەمەری ٢٧٢٥

(خۆشویستنی وڵات، هەستکردنی بە خود، و پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی و...هتد.) ئەمانە تەنیا بەشی وشیاری پێکدەهێنن کە هەزاران ساڵە بە شێوەی جیاواز بوونی هەیە، بەڵام ئایا بیرۆکەی نەتەوەیی کوردی گەیشتوە بەو ئاستەی کە دەبێت بگات؟ نەخێر، ئەم جۆرە لە نەتەوایەتییە بووەتە هۆی لاوازکردنی وشیاری نەتەوەیی، بیرکردنەوە کلۆڵی بۆ ڕێبازی ناسیۆنالیزمی دەهێنێت و لاوازتری دەکات. هەتا وەکوو نەتەوایەتی بە ڕێبازێکی دیاریکراو نەڕوات بەڕێوە و کەسانی شارەزای بۆ دانەنرێت هەرگیز ناتوانێت ببێتە ڕێبازێک لەناو کورددا. خودی نەتەوەییەکان بەرپرسیارن لە ئاست لاوازکردنی نەتەوایەتی، لە زۆربەی چەمک و بیر و باوەڕەکان تێ ناگەن، بۆیە کاتێک بانگەشە بۆ نەتەوایەتی دەکەن، زیان بە نەتەوایەتی دەگەیەنن. گروپ و دەستە نەتەوەییەکان زۆرن بە ڕێژە، بەڵام خاوەنی پەیڕەوێکی دیاریکراو و ڕوون نین. نەتەوەخوازەکانی ئەمڕۆی کورد هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ڕێبازێک بۆ نەتەوایەتی دیاری بکەن، هەمیشە دەیلکێنن بە بیر و هزرێکی دیکە، هیچ نەتەوەییەک لەنێو کورددا، دەرکی بەوە نەکردوە کە مەسەلەی نەتەوەیی، دژی هەر دوو باڵی ڕاست و چەپی سیاسییە، هەتا لەوانەیە نەشزانێت ڕاست و چەپی سیاسی چیە؟ لە کاتێکدا نەتەوەپەروەرەکانی تورک و فارس بە شێوەیەکی زۆر تۆکمانە خاوەن ڕێباز و پەیڕەوێکی دیاریکراون، بەڵام نەتەوەییەکانی کورد، لەم مافە خۆیان بێ بەشکردووە و سەر بە هیچ قوتابخانەیەکی فیکری نین. لە ناو نەتەوایەتیشدا چەندان قوتابخانەی گرینگ هەیە، نموونە (ڕۆمانتیک/ئەڵمانی) یان (فەڕەنسی)کە هەر یەکێکیان بیر و ئایدیای خۆی لەسەر چەند بنەمایەک دارشتووە، بەڵام ئایا نەتەوایەتی کوردی لە ئێستادا توانیویەتی ئەمە بکات بەبێ تێکەڵکردنی لەگەڵ مارکسیزم یان دیموکراسی؟ بێگومان نەخێر، بیری نەتەوایەتی کوردی بە تەواوی نەیتوانیوە ببێتە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ کە تەنیا لەسەر بنەمای نەتەوایەتی دامەزرابێت، بەڵکوو زۆربەی جار تێکەڵ کراوە لەگەڵ بیری مارکسیزم یان بیری لیبرالیزم و دیموکراسی، یان بیری ئیسلامی، کە بۆ هەر یەکێکیشیان نموونەی بەرجەستەمان هەیە، هۆی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی ڕێگری بووە لەوەی کە قوتابخانەیەکی تەواو سەربەخۆی نەتەوایەتی کوردی بێتە کایەوە، کە تەنیا لەسەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، کلتووری و مێژووییەکانی کورد بونیاد نرابێت.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو چرا سپاس بۆ ئەم دەرفەتە و ماندووش نەبن

**چرا یاسین**: ڕێز و سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند کە لە خزمەتتاندا بم.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# سەری کەڵافی دانوستانان لەنێو جامی ژەهردا ون بووە




**دارسمە**

هەواڵی گەرموگوڕی ناوچە و جیهان کەس نازانێت چ پەند و گوڵمەزیەکی سەیر و سەمەرەی بەسەر هاتوە. ئەمە هەواڵێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە. هەواڵی خولی چوارەمی دانوستانی نێوان ئێران و ئەمریکا بڕیار بوو چارەنووسی زۆر شت ڕوون بکاتەوە، بەڵام خۆی چووەتە ڕیزی شتە ناڕوون و بزربووەکان.

دۆخەکە بە چەشنێک گۆڕاوە، نە چا و خورمای عومانی و نە پاستا و ئیسپرێسۆی ڕۆمی لەگۆڕیدا نین. کەس نازانێت ئەم دانوستانە زمانبەستراوە لەکوێی گۆی ئەم زەوییەوە کەوتووەتە گۆڕ و گۆڕەشاری دەدەن. لەوانەیە واش نەبێت و چۆن ترامپ حەوتووی جارێک دەچێتە گۆیێن (گۆڵف)، ئەویش چووبێتە پشوودان یان ڕەنگە بۆ هەمیشە تۆرابێت.

لەنێو باسوخواسی بوون و نەبوونی بەردەوامبوون و وەستانی دانوستانان، قەڵەمە زێڕەکەی سەر مێزی یەکەم کۆبوونەوەی دانوستانیش هەر بە یەکجاری بووەتە نیشانەی نەخۆشیی لەبیرچوونەوەی مێدیا و ڕاگەیاندنکاران و لە بنی کوولەکەی

سەراوییشدا ناوی ناهێنن. هۆی ئەمەش تەنیا بۆ ونبوونی شتێکی گەورەتر دەگەڕێتەوە و ئەویش ونبوونی مێزی دانوستانانە. کەس نازانێت لە باشووری کەنداوی هەمیشە فارسە و دەکەوێتە خوارووی بەندەری "ڕەجایی" یان لە ئورووپا، ئەمریکا و ئەفریقادا بێسەروشوێنە.

لە گەرمەی بێسەروشوێن بوونی مێزی دانوستانان، ڕۆژنامەیەکی ئێرانی کە لەلای خۆرهەسانەوە دەردەچێت ئەمڕۆ یانی ڕۆژی ١٣ی بانەمەڕ، ئەم ونبوونە گەورەیەی بە ڕووی خۆیدا نەهێناوە و بە متمانەبەخۆبوونەوە نووسیویەتی: ئەمە دواکەوتنی دانوستان نیە و "تاکتیکێکی ئاڵۆز و ژیرانە"ی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. وا دیارە ئێران بە سنووردارکردنی باسەکە بۆ بابەتی ناوکی و لەوانەیە ویستی دڵخوازی تیمی وتووێژکار، وەها گۆڵێکی لە ئەمریکا داوە، لایەنی ئەمریکایی هەروا بە دوای تۆپەکەدا دەگەڕێن. ئەوەی ڕۆژنامەکە دەڵێت، ئەمەیە ئێران بەم کارە ڕێگای هەر جۆرە "زیادەخوازییەک"ی داخستوە. وەک ئەوەی تەنیا دوێنێ کێشەکە زیادەخوازی بووبێت و هەتا ئەوکات وتووێژەکە وەک ئاوی ڕەوان بەڕێوە چووبێت!

لەلای دیکەوە لەو بەر دەریاکانەوە، لە واشنگتۆن دی.سی، تیمی دۆناڵد ترامپ، تومەز تازە لە خەوی زستانە هەستابن، بە سەرکردایەتیی مارکۆ ڕووبیۆ، ئەو ڕۆبیۆیەی هەڵوێستی هەندێک جار لە هی ترامپیش توندترن، لیستێکی درێژی مەرجانی بۆ ئێران داناوە. ئەم لیستەش دەڵێی لیستی کڕینی پێداویستیی ژەمی میوانداریی کەیبانوو خانمە بۆ هاوسەری ماڵوێرانی ڕێکی خستوە. مێردی ماڵوێران بە دەم لێکدانەوەی داهاتی مانگانەیەوە، لە ڕیگەدا بەرەو بازاڕ داواکارییەکانی کەیبانووی ماڵ جارێک بە دۆلار جارێکیش بە تومەن هەڵدەسەنگێنێت، هیواخوازە لەم تێکەولێکەیەدا میوانداررییەکەی وەک دانوستانی ئێران و ئەمریکا بە قووندا بکەوێت.

هاوکات، ئەمریکا و هاوڕێ ئورووپاییەکانیشی ئاڵقەی سزاکانیان تەنگتر کردوە. پشتێنەی گەمارۆیان ئەوەندە توند کراوە، هەموو جۆرە پشوویەکی سوار کردوە. لەنێو ئەم هەمووە پشووسوارییەدا، پشووی ئابووریی وڵات بە چەشنێک سوار بووە لە پاش و لە پێش دەکۆخێت. بەڵام تاران هەروا قەوەتان دەکات و بە نەرمەبزەی زۆرەملێوە دەڵێت: "ئێمە بەم شتانەوە ڕاهاتووین و ساڵانێکە لەگەڵ ئەم دۆخەدا دەژین و هێشتا لەسەر پێین."

ئێمەی کوردیش لە هەمووان سەیر و سەمەرەترین و وەک ئەوەی بلیتی بەلاشی سینەمامان دەست کەوتبێت، لە ڕیزی دواوەی سینەما دەستمان بە سکمان گرتوە و ئەوەندە بە فیلمی دیپلۆماسی پێکەنیوین وەک چەوندەر سوور هەڵگەڕاوین و چاوی سەیرکردنمان ئەوەندی دیکە زەق بوونە. ئێمە نە لە وتووێژاندا بنی پیوازین و نە دەستمان لە گەمارۆ و مەمارۆیاندایە. ئەوەی نەختێک ئازارمان دەدات، دووکەڵێکی تیژە دەچێتە چاومان و جاروباریش تووشی نەرمەکۆخەیەکی

بانەمەری ٢٧٢٥

سووکمان دەکات. ئێمە لە سینەماکەدا هەر بەو بلیتەی بەلاش دەستمان کەوتوە، دانیشتووین و سەیری ددانی گڕی لایەنانی دانوستانان دەکەین و لەم نێوەدا نازانین ئەوان بە یەکتری پێدەکەنن یان وک هەڕەشە ددانان لەیەک دەسوون.

ئێمە بە مەبەستێکی دیکەش لە مەیدانەکەدا لە کورسییەکانی دواوەی سینەماکە دانیشتووین و زۆر وردبینانە بە چاوان بەدوای سەری ئەو کەڵافەدا دەڕوانین و لەنێودا جامی ژهری ڕێبەری سەرلێشێواودا لە ئێمە و ئەمریکا و ئورووپا و کۆماری ئیسلامی و تەنانەت کابرای نێوەندگیری مەسقەتی و وەزیری دەرەوەی ئیتالیا و کۆماری ئیسلامییش ونبووە و بە هەموومان بۆمان نادۆزرێتەوەوە.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# بەرزە قەڵای وڵاتی خۆر و گڕ (شەهید شاڕوخ مرادی)




**برایم چووکەڵی**

خەباتگێڕانی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد ساڵانێکی زۆرە، شێلگیرانە و ماندوویی‌نەناسانە بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکەیان لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک تەنەخییان نەکردوە و نایکەن و هەر لەم پێناوەشدا، بە دەیان هەزار تێکۆشەر گیانی پاکی خۆیان فیدای ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەیان کردوە. ئەم گەلە نەسرەوتوو و ئازادیویستە لەپێناو دەستەبەربوونی ئامانجە ڕەواکانیدا خوێنێکی زۆری داوە، باغ و موچە و مەزرای سووتاوە، دەربەدەر بووە، ماڵی کاول بووە، گوندەکانی تەخت و خاپوور کراون و تەنانەت ژینۆساید کراوە و بگرە نیشتمانەکەیان لێ لەتوپەت کردوە. بەڵام هیچکام لەم کارەساتانە نەیتوانیوە بە چۆکی دابێنێ و بەردەوام وەک نەتەوەیەکی زیندوو، نەبەز، کۆڵنەدەر و ڕوو لە گەشە لە جموجۆڵ و خەبات و تێکۆشاندا بووە.

ئەمجارە و لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"دا بەرەو مەڵبەندی خەبات و خوێن، مەڵبەندی خۆڕاگر ی‌و قارەمانەتی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە خوارووی کوردستان شۆڕ دەبینەوە و یادی هەلۆیەکی چیاکانی زاگرۆس دەکەینەوە. فەرماندەیەک کە ١٣ ساڵ لە

تەمەنی زێڕین و لاوەتیی خۆی ماندوویینەناسانە لە خزمەت بە ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەی دابوو و لەو پێناوەدا لە هیچ هەوڵ و گیانفیداییەک تەنەخیی نەکرد و سەرەنجام هەر لەم پێناوەشدا گیانی خۆی بەخت کرد.

شاڕوخ مرادی سالی ١٣٣٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری شاری سنەی خۆڕاگر چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. شاڕوخ هێشتا دەوروبەری خۆی نەناسیبوو کە لە تەمەنێکی کەمدا باوکی لەدەست دا و لە تەمەنی منداڵییەوە لەشی شلکی بەر کار و کوێرەوەری دا، تا بە بنەماڵەوە بتوانن ژیانێکی نەمر نەژی تێپەر بکەن. ئەو ماندووبوونە و تاڵیی ژیان وای کرد لەتەمەنی لاوییەوە هەست بەوە بکا چەوساوان دەبێ لەچنگ ناعەداڵەتییەکانی کۆمەڵ ڕزگاریان بێ.

شاڕوخ لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا بەشداریی چالاکانەی کرد و دوابەدوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێرشی هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان و ڕوودانی نەوروزی خوێناویی شاری سنەی قارەمان نەیتوانی لە ئاست ئەو هێرشەدا بێدەنگ بێ و بەمجۆرە ڕێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٩ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید شەریفزادەدا سازمان درا. شاڕوخ دوای ئەوەی چەکی شەرەفی لەشان کرد و ڕێگای شۆڕشگێڕانی گرتە پێش، قۆڵی خەبات و تێکۆشانی بۆ خەبات دژی کۆنەپەرستان و هەموو ئەو کەسانەی دژی ئازادی نەتەوەی کوردن هەڵماڵی. ئەو لە مەیدانی کردەوەدا نیشانی دا کە کوڕێکی دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە، خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجەکانی نەتەوەی کوردە. هەربۆیە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە.

شەهید شاڕوخ مرادی کوڕێکی هێدی، لەسەرەخۆ، بەنەزم و دیسپلین و لەگەڵ ئەوەشدا ئازا، نەترس و بێباک بوو. دڵگەرمییەکی لە ڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو و هەموو ئەو تایبەتمەندییانە و ئازایەتیی شاروخ لە چەندین شەڕی ناوچەی سنە و چالاکی و هەڵسووڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا، وەک قەڵایەکی پۆڵایین لەبەرامبەر دژیگەلییەکاندا ئەوی کردە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی وخەڵکی ناوچەی سنە.

ساڵی ١٣٦٢ لە سەر داوای حیزب بۆ خزمەتکردن چووە ناوچەی دیواندەرە و لەوێ وەک سەرپەل دیاری کرا. شاڕوخی خۆڕاگر و چاونەترس شانی بەر ئەو مەسئولیییەتە دا و زۆر ئازایانە و دڵگەرمتر لە پێشوو ئەرکەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد و لەو ماوەیەدا توانا نیزامییەکانی شەهید شاڕوخ بۆ کومیتەی شارستان و هیزی شەهیدانی دیواندەرە ڕوون دەبێتەوە. بۆیە ساڵی ١٣٦٣ بە فەرماندەری لک دیاری کرا و دوای سازماندەیی نوێی حیزب لە ساڵی ١٣٦٥ فەرماندەری لک لە هێزی دووی ڕێبەندانی پێ سپێردرا و پاشان ساڵی ١٣٦٦ وەک فەرماندەری هێز دەستی بەکار کرد و ساڵی ١٣٧٢ لە کاتی شەهیدبوونیدا

فەرماندەری هێزی زاگرۆس بوو.

شاڕوخ مرادی زۆر زوو پێشانی دا کە فەرماندەرێکی باش و خاوەن تەرح و گەڵاڵەی سەرکەوتووانەیە و شەڕەکانی ناوچەی سەقز، دیواندەرە و سنە شاهیدی بۆ ئازایەتیی ئەو دەدەن. شەڕەکانی شاخەرەشی جەوشەن، دەرەزیارەت، کاکە سیا، مازوار، دەرەقوڵە، وەنەوشە، جادەی سەقز- بانە، سەقز- سنە، شیرین سوار و کورەی مریەم چەند نموونەیەکی دیکەن لە فەرماندەیی ئەو هەڵۆ چاونەترسەی دێموکرات کە حەماسەیان تێدا خوڵقێندرا.

هێزە دڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هیچ کات لە بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شەهید شاڕوخدا نەیانتوانی بە ئامانج بگەن و زەبری خۆیان بوەشێنن، بەردەوام هەوڵیان دەدا بیخەنە کەمینەوە. ئەم پیلانەشیان ئاخری سەری گرت و ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٢ لە کاتێکدا شەهید شاڕوخ لەگەڵ چەند هاوڕێی دیکەی لە شاری دەربەندیخان بەرەو بنکەکانیان بۆ ناوتاق دەگەڕانەوە، بە ماشێنەوە کەوتنە سەرمین و بەداخەوە شاڕوخ مرادی لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی ئەنوەر ئیبراهیمی، سەلاح مرادیان، ڕەشید ڕۆستەمی و تاهیر مەنووچێهری شەهید بوون. بەمجۆرە شاڕوخ مرادی ڕەشەبای مەرگ نەمامی تەمەنی بە لادا خست و گوڵی هیوا و ئاواتەکانی پەرپەڕ بوو. یادی هەرمان و سەنگەری خەباتی ئاوەدان.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# کەلکوەرگرتن لە "بلاگەر"ەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری لە کوردستان



**بێهزاد قادری**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هەروەها لە هەرێمەکانی دیکەی وەک بەلووچستان) بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی داگیرکاری (کۆلۆنیالیزم)، چەندین شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت. یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەکاری هێناوە، بلاگەرە بەڕواڵەت سەربەخۆکانە. "بلاگەر" واتە ئەو کەسانەی بەگشتی ڤیدیۆ بەرهەم دەهێنن و لە سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە، دیارە پێشتر بلاگرەکان بەو کەسانە دەگوتران کە وێبلاگیان هەبوو و بابەتیان دەنووسی.

لەم وتارەدا دەپەرژێینە سەر شێوەی کاری ئەم بلاگەرانە، نموونەی ڕاستەقینە و مۆدێلە دیاریکراوەکانی ئاساییکردنەوەی داگیرکاری لە ڕێگەی بلاگەرەکانەوە لە کوردستان و هەروەها تۆڕەکانی دروستکردنی بلاگەرە حکوومەتییەکان لە کوردستان.

## شێوەی کاری "بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆمەڵێک لەم بلاگەرانە بەڕواڵەت سەرنجیان لەسەر بابەتگەلی وەک "خواردن"، "گەشتیاری"، "کولتوور" یان "مێژوو"ە، بەڵام لە پراکتیکدا گێڕانەوەی فەرمیی دەسەڵات بەبێ ڕەخنەگرتن، بەرهەم دەهێننەوە. بۆ نموونە وێنەی کوردستان جۆرێک دەخەنە ڕوو کە هیچ نیشانەیەکی چەوساندنەوە و هەژاریی پێکهاتەیی یان هەڵاواردنی پێوە دیار نیە؛ بەڵکوو ژیانێکی ئاسایی و ڕەنگاوڕەنگ و بێ گرژی نیشان دەدەن.

- بەشێک لەو بلاگەرانە لەلایەن ناوەندە ئیتلاعاتی و فەرهەنگییەکانەوە (وەک سپای پاسداران، ئیرشاد یان وەزارەتی ئیتلاعات) ڕێنمایی و تەنانەت پاڵپشتیی دارایی دەکرێن، ئەویش بە مەبەستی دروستکردنی نێوەڕۆک و بەرهەمگەلێک کە گێڕانەوەی داگیرکاری بشارێتەوە. ڕەنگە ئەم هاوکارییە ئاشکرا و دیار نەبێت؛ دەکرێت لە شێوەی هەقدەست، یارمەتیی سەفەر، مۆڵەتی تایبەت یان تەنانەت "پاراستن لە لێپێچینەوە" بێت.

- هەر ئەو بلاگەرانە لەبری پەرژانە سەر بابەتگەلی وەک "سەرکوتی سیاسی"، "هەڵاواردنی زمانی"، هەژاریی ئابووری" یان "میلیتاریزەکردنی بەربڵاو لە کوردستان"، تیشک دەخەنە سەر پرسە لاوەکی یان ناگرنگەکان، وەک ناساندنی چێشتخانەیەکی نوێ یان فێستیڤاڵێکی خۆماڵی، وەک ئەوەی کوردستان لە خۆشگوزەرانییەکی تەواودا بێت.

- هەندێکی دیکە لە بلاگەرەکان بە پشتگوێخستن یان بچووکنیشاندانی خەباتی گەلی کورد بۆ مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی، وا لە بینەری نێوخۆیی و تەنانەت بیانی دەکەن هەست بەوە بکەن کوردستان هیچ کێشەیەکی تایبەتی نیە و کێشەکانی "خۆجێی" و "بچووکن". ئەوان لە ڕاستیدا وەک دەڵالی ڕەواییدان کار دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەوان بە زمانی کوردی قسە دەکەن و جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن و وا دەردەکەون کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە دەکەن، بینەر وا گریمانە دەکات کە ئەم گێڕانەوەیانە خۆڕسک و جەماوەری بن نەک دەستکاریکراو.

## نموونەی ڕاستەقینە و مۆدێلە دیاریکراوەکانی ئاساییکردنەوەی داگیرکاری لە ڕێگەی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکانەوە لە کوردستان

- دوای "شۆڕشی ژینا" و چڕبوونەوەی سەرکوتکردن، ڕێژیم پرۆژەیەکی بە ناوی "بوژانەوەی گەشتیاری لە کوردستان" دەست پێ کرد. ئەو بلاگەرانەی پێشتر تەنها وێنەی سروشت یان خواردنیان بڵاو دەکردەوە، لەژێر ناوی "ئاسایشی تەواو لە کوردستان"، "میوانداریی بێهاوتا" و "خەڵکی میهرەبانی کورد" دەستیان کرد بە بانگەشەکردنی گەشتە نێوخۆییەکان بۆ کوردستان. ئامانج لێی ئەوە بوو کە وێنەی توندوتیژانە و ڕاستەقینەی سەرکوت، هەژاری و بوونی قورسی هێزی سەربازی

کاڵ بێتەوە یان نەمێنێت. بۆ نموونە، گەشتی بلاگەرە بەناوبانگەکانی تاران بۆ کوردستان بە شێوەیەکی تەواو نائاسایی و پلانبۆدارێژراو دەستی پێ کرد و لە گرتە ڤیدیۆییەکانیاندا بەردەوام باسیان لەوە دەکرد کە هیچ نیشانەیەک لە خاڵەکانی پشکنینی هێزەکانی حکوومەت و هیچ خەبەرێک لە هەژاریی بەرفراوان نی؛ واتە کوردستان ئەمن و دوور لە هەر دیاردەیەکی وەک هەژاری و پەرەنەسەندنە.

- لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە بلاگەرە کوردەکان - هەندێک لەوانەی کە کار لەسەر پرسە فەرهەنگییەکان دەکەن- دەستیان کردوە بە سانسۆری چالاکانەی قەیران و هەڵاواردنەکان و بە ئاشکرا خۆیان لە باسکردنی قەدەغەکردنی وانەگوتنەوە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، دەرکردنی مامۆستایانی کورد، یان سەرکوتکردنی ئاهەنگەکانی نەورۆز و دەستبەسەرکرانی سەدان کەس لە مانگدا بەدوور دەگرن. بۆ نموونە پۆستیان لەسەر ئاهەنگی نەورۆز دەکرد، بەڵام لای ئەوان هیچ باسێک لە دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی بەشداربووانی نەورۆز لەئارادا نەبوو.

- لەلایەکی دیکەوە ڕێژیم بە پشتیوانیکردنی هەندێک کەس هەوڵ دەدات ڕووخسارگەلێک دروست بکات کە بڵێن: "سەیرکەن! کوردێک دەتوانێت لە ئێرانیشدا سەرکەوتوو بێت". ئەم ڕووخسارانە بە کردەوە نکۆڵی لە هەڵاواردنی پێکهاتەیی دەکەن. بۆ نموونە: ئەو بلاگەرانەی کە چیرۆکی بازرگانێکی سەرکەوتووی شاری بانە یان خاوەن چێشتخانەیەک لە سنە گەورە دەکەنەوە و ئەم سەرکەوتنە تاکەکەسییانە دەخەنە جێی داواکارییە بەکۆمەڵەکانی وەک "دادپەروەریی ئابووری."

- یەکێکی تر لە هەوڵەکانی بلاگەرە ئاڕاستەکراوەکان، بەبراندکردنی ئێتنیکییە بە دوور لە سیاسەت. ئەوان جلوبەرگی کوردی، مۆسیقای کوردی و خواردنی کوردی و هتد، وەک "بەرهەمی فەرهەنگیی سەرنجڕاکێش" بەبێ کۆنتێکستی سیاسی پێشکەش دەکەن. لە کاتێکدا ناسنامەی کولتووریی کورد ساڵانێکە سەرکوت کراوە و سیاسییە. ئەم بلاگەرانە وای لێ دەکەن کە بێ مەترسی و وەک "دیکۆرات" بۆ گەشتیاران دەربکەوێت.

- هەروەها هەندێک لە بلاگەرە کوردەکان، بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کە "کورد بەشێکی ڕەسەنی شارستانییەتی ئێرانە و پێویستە بە یەکیەتیی نەتەوەیی و سەرزەمینیی ئێران وەفادار بمێنێتەوە". ئەم زمانە بەئەنقەست بۆ سڕینەوەی "مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد" بەکار دێت.

## تەکنیکە وردەکانی ئەم پرۆژەیە


سەرچاوە
Serchawe

**– ئاڕاستەکردنی هاشتاگەکان:** بۆ نموونە لە کاتی نارەزایەتییەکاندا، لەبری هاشتاگی وەک؛ "ژن - ژیان - ئازادی"، هاشتاگی وەک؛ "کوردستانی - جوان یان کوردستانی - میواندار"یان ترێند دەکرد.

**– هەڕەشەکردن یان ڕاکێشانی بلاگەرەکان:** ئەگەر بلاگەرێک لەبارەی سەرکوتکردنەوە قسە بکات، ئەوا هەڕەشەی لێ دەکرێت یان لاپەڕەکەی دادەخرێت. لە بەرامبەریشدا ئەگەر هاوکاری بکات، پشتیوانیی دارایی و ڕیکلام وەردەگرێت.

**– هاوکاریی ئۆرگانیک لەگەڵ میدیای دەوڵەتی:** زۆرێک لەو بلاگەرانەی کە بەڕواڵەت سەربەخۆن، ناوەڕۆکەکانیان لەلایەن دەزگا دەوڵەتییەکانی وەک "فارس، تەسنیم، یان ئیرنا" بڵاو دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕەواییی زیاتر بەدەست بهێنن.

## ڕۆڵگێڕە سەرەکییەکانی تۆڕی "بلاگەرسازیی حکوومەتی" لە کوردستان

لە پشت پەردەی ئاڕاستەکردنی بلاگەرە بەڕواڵەت سەربەخۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تۆڕێکی ڕێکخراو و فرەچین هەیە کە گرێدراوی ناوەندە ئەمنییەتی، تەبلیغی و فەرهەنگییەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانە. وەک:

- سازمانی ئیتلاعاتی سپا (ساس) کە ناوەندی سەرەکیی ناسین، ڕاکێشان و ئاڕاستەکردنی بلاگەرەکانە. ئەوان بلاگەرە کوردەکان کە پۆتانسییەلیان هەیە، هەڕەشەیان لێ دەکات یان ڕایاندەکێشێت. هەڕەشەکان بریتین لە: "بەندکران، داخستنی پەیج و قەدەغەکردنی دەرچوون لە وڵات". ڕاکێشانیشیان بەم شێوەیەیە: "مۆڵەتی فەرمی بۆ چالاکی، بودجەی ڕیکلام و ئاسایشی کار". هەندێک جاریش "ڕێنماییی ناوەڕۆک" بە بلاگەرەکان دەدرێت (بۆ نموونە دەبێ پۆستێک لەسەر ئاسایش یان یەکێتیی نیشتمانی بکەن).

- یەکێکی تر لە ناوەندەکانی ئاڕاستەکردنی بلاگرەکان لە کوردستان، "ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی کوردستان"ە. ئەم ناوەندە ڕۆڵی فەرمی و ڕواڵەتیی هەیە لە پشتیوانیکردن لە "چالاکانی فەرهەنگی و میدیا خۆجێیییەکان". ئەم ناوەندە کۆمەڵێک ڕێکخراوی بەناو خەڵکی و ساختەی دروست کردووە تا بلاگەرەکان بخەنە ژێر پەروباڵی خۆیانەوە. هەروەها یەکێکی تر لە کارەکانی ئەم ناوەندە بریتییە لە پێدانی قەرز و مۆڵەتدان بە چالاکییە میدیاییەکان و ڕێکخستنی فێستیڤاڵی جۆراوجۆر، ئەمەش دەبێتە هۆی نزیککردنەوەی بلاگەرەکان لە ڕێژیم.

- ناوەندێکی دیکەی دەسەڵات لە کوردستان کە کار لەسەر بلاگەرەکان دەکات، "دەنگ و ڕەنگ"ی ڕێژیمە لە کوردستان. ئەوان



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

بە بانگهێشتکردنی بلاگەرە کوردەکان بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، دەیانەوێت دەریانخەن و نیشانیان بدەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەکۆیەک بۆ وێناکردنی "ژیانێکی ئاسایی و بەختەوەر" لە کوردستان دەرەخسێنن.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ لە کوردستان کۆمەڵێک بلاگری دیکەش چالاکن و ئامانجیان تەنیا خزمەتکردنی کورد و کوردستانە و بەتەواوەتی سەربەخۆن. بەپێی ئەو شتانەی کە لێرەدا باس کران، جیاکردنەوەی بلاگری سەربەخۆ و ناڕاستەکراو، زۆر ئەستەم نین و پێویستە خەڵکی کوردستان بە پشتیوانیکردنی بلاگرە سەربەخۆکان و پشتگوێخستنی بلاگەرە ناڕاستەکراوەکان، پیلانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی لە کوردستان پووچەڵ بکەنەوە.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# كۆتاییهاتنی سەردەمی تەقیە بۆ كۆماری ئیسلامی



حەسەن قارەمانی

پاشەكشەكانی ئەم دواییەی خامنەیی ناخ و نێوەرۆكی ڕێژیمێک ئاشكرا دەكات كە چیتر ناتوانێت بۆ مانەوەی پشت بە ستراتیژیی تەقلیدیی خۆی "تەقیە"، واتە بێدەنگی و خۆماتكردنی ستراتیژیی و خۆدزینەوەی تاكتیكی ببەستێت. دەیان ساڵە ڕێژیم بۆ لادان لە هەردوو فشاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بە لێهاتوویی لە ناڕوونی و ئیمتیازاتی كاتی كەڵک وەردەگرێت، بەڵام وێدەچێ ئەمە كۆتایی هاتبێ و ئەمڕۆ واقیع قەیرانێكی قووڵتر ئاشكرا دەكات.

دۆخەكە گەیشتووەتە ئاستێک كە چیتر بێدەنگیی ستراتیژی ناتوانێت دارمانی نێوخۆیی سیستەمەكە داپۆشێ. داخوازییەكانی خەڵک بۆ ئازادی و دادپەروەری و كەرامەت لەدژی ڕێژیم بەهێزتر دەبن. هەر هەوڵێک بۆ خۆدزینەوە چیتر وەک هێز یان دیپلۆماسی ژیرانە لێكنادرێتەوە، بەڵكوو وەک نیشانەی لاوازی و ترس خۆیا دەبن. لەو شوێنەی كە پێشتر خامنەیی توانی لە ڕێگەی بێدەنگی و دووفاقەی سیاسەت و جووڵانەوە كات بكڕێت، ئێستا واقیع داوای وەڵام و كردەیەكی ڕوون و ئاشكرای لێ دەكا و ڕێژیم چیتر ناتوانێت بیگەیەنێت.

## بانەمەری ٢٧٢٥

خامنەیی لەدوای گرتنەدەستی جڵەوی کۆماری ئیسلامی (١٣٦٨) ڕێژیم ئێران تووشی زنجیرەیەک قەیران و شکستی پەیتاپەیتا بۆوە. لە ماوەی چوار دەیە حوکمڕانیدا، سیاسەتەکانی خامنەیی هیچ گەشە و سەقامگیرییەکی درێژخایەنی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو بەردەوام بەرەو داکشانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە. ڕووداوە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئەم دواییە، بەتایبەتی دوای ٧ی ئۆکتۆبر و گەڕانەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپی، لاوازییە ستراتیژییەکانی ڕێژیمی زیاتر ئاشکرا کردوە. بناغە ئایدیۆلۆژییەکانی نیزامی ئیسلامی بە تێپەڕبوونی کات دەسەڵات و شەرعییەتی خۆیان لەلایەن خەڵکی ئەم وڵاتەوە لە دەست داوە و زیاتر پێگەی ئەو ڕێژیمەی دارماندوە. شیکردنەوەی دۆخی ئێستای ڕێژیم و پاشەکشە پراگماتیکەکانی خامنەیی و ئەو دەرفەت و ئاڵنگارییانەی کە ئەم واقیعە نوێیە دروستی دەکات، دەتوانین لەم چەند خاڵە بنەڕەتییەدا باسیان بکەین.

### نارِوونی لە ستراتیژیی خامنەییدا

دوای دەیان ساڵ لە دەستێوەردانەکانی ناوچەیی، کە تێیدا ئێران بە سەرکردایەتیی خامنەیی چالاکانە پشتیوانیی لە گرووپەکانی وەک حەماس، حیزبوڵڵا و حوسییەکان کردووە، ڕێژیم ڕووبەڕووی جۆرێکی نوێی ئاڵنگاری بۆتەوە، ئەویش ستراتیژییەکی بەهێز و یەکلاکەرەوەی ئەمریکییە کە بە ئاشکرا ئامانجەکەی سنووردارکردنی توانای ئەتۆمیی ئێران و مووشەکەکانی ئەم وڵاتەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

کاتێک دۆناڵد ترامپ وەک سەرۆک کۆمار دەست بەکار بوو، گوشارەکان لەسەر ئێران زۆر توندتر بوون. ئیدارەی ترامپ هەڵبژاردەیەکی دووانەیی خستە بەردەم ڕێژیمی ئێران، یان تەسلیمبوون و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستان لەسەر مەرجەکانی ئەمریکا، یان مەترسی پەرەسەندنی بەرەو ململانێیەکی سەربازی کە بۆ ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم وێرانکەر بێت. لەسەرەتادا خامنەیی هەوڵی دا ڕیتۆریکی هێز و نەگۆڕیی خۆی بە ئامانجی پاراستنی شکۆی ڕێژیم و ڕاگرتنی گوشاری زیاتر بپارێزێت، بەڵام واقیعە سیاسیەکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتوە لەو کاتەوە کە ئەمریکا قاسم سولەیمانی ، یەکێک لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی ڕێژیمی کوشت.

خامنەیی دوای ئەم شۆکە ناچار بوو بە شێوەیەکی نادیارتر بە ستراتیژیی خۆیدا بچێتەوە. سەرەڕای لێدوانە گشتییە بەردەوامەکان سەبارەت بە هەرگیز خۆنەدان بە داواکارییەکانی ئەمریکا، ڕێژیم بە کردەوە قبوڵ کردوە و وتوویژی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆش لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بکات. بێگومان ئەم گۆڕانکارییە پراگماتیکییە لە ژێر ڕووبەری "تەقیە"دا ڕووی داوە، بنەمایەک کە ڕێگە بە بێدەنگیی ستراتیژی یان بەلاڕێدابردن بۆ پاراستنی

بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم لە ژینگەیەکی دوژمنکارانەدا دەدات. بۆیە ستراتیژی خامنەیی بە دووانەیەک دەناسرێتەوە، لە هەڵوێستێکی گشتیی سەرپێچیکردن، لە کاتێکدا هێڵێکی نەرمتر و گونجاوتر لە ڕووی تاکتیکییەوە لە پشت پەردەوە پەیڕەو دەکرێت. ئەم ستراتیژییە، چ بە مەبەست و چ پێویست، بووەتە بەردی بناغەی ستراتیژی مانەوەی ڕێژیم لە سەردەمی زیادبوونی گوشارە نێودەوڵەتییەکان.

## هەڵوەرینی ئایدیۆلۆژی و داڕمانی ئابووری

کۆماری ئیسلامی لە نێوەڕاستی قەیرانێکی قووڵدایە. بەدرێژایی دەیان ساڵ، بناغە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕێژیم وردە وردە لاواز بوون و گرینگتر لەوەش ئابووریی وڵات کەوتۆتە دۆخی چەقبەستوو و داڕمانەوە. سزا نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە، ئابووریی ئێرانی بە تەواوی پەک خستوە و کێشەکانی پێشوەختە و بنگەییش وەک گەندەڵیی بەربڵاو، ناکارامەیی و خراپ بەڕێوەبردنی سیاسیی دۆخەکەی قەیراناویتر کردوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە واقعی ڕۆژانە بۆ خەڵکی وڵات بریتی بێت لە هەڵاوسانی بەربڵاو، بێکاریی بەکۆمەڵ و قەیرانی دراو و دنیایەک لێکەوتە لەسەر ژیان و بەڕێوەچوونیان.

لەم دۆخە مەترسیدارەدا، ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ ئەمریکا و زلهێزەکانی ئورووپا دەتوانێت هەناسەیەکی کاتی بە ڕێژێمەکە بدات. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە هیوادارە دەستی بگات بە سەروەت و سامان، سووککردنی سزا ئابوورییەکان و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت، هەموو ئەمانەش هۆکاری چارەنووسسازن بۆ ئەوەی پشوویەکی بێتەوەبەر.

لە بنەڕەتدا و بەپێی پاشخانی مێژوویی ئەم ڕیژیمە هەڵوەرینی ئایدیۆلۆژی و داڕمانی سیستماتیکی ئابووری هەر دەمێننەوە و پەرەش دەستێنن. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەر ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ ئەمریکا و زلهێزەکانی ئووروپا تەنیا پشوویەکی تاکتیکیە بۆ ئەو ڕێژێمە.

## ئاڵنگاری و دەرفەتەکانی بەردەم ئۆپۆزسیۆن

گۆڕانی واقیعی جیهانی بە ڕوونی نیشانی داوە کە سەرەڕای دووبارەبوونەوەی ڕیتۆریکەکانی جیهان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، ئۆپۆزسیۆنی ڕێژێمی ئێران چیتر ناتوانن پشت بە دەستێوەردانی دەرەکی ببەستن. ئەمەش هەم ئاڵنگاری و هەم

دەرفەتی نوێ بۆ بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان لە وڵاتدا دەخوڵقێنێت. تێڕوانینێکی چارەنووسساز ئەوەیە کە ئایندەی گۆڕانی دێموکراتیک لە ئێراندا دەبێ بە پلەی یەکەم لە ناوەوە، لە ڕێگەی هێز و کاری ستراتژیی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی ڕێژیم لە نێوخۆی چەغماغەکەی لێ بدرێت.

**بۆیە ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە پەیڕەوکردنی دوو ستراتیژیی هەماهەنگ هەیە:**

**یەکەم؛** یەکگرتوویی نێوخۆیی پێویستە. توانای پرد هەڵبەستن لە نێوان جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان و ڕێگری لە دابەشبوونە ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییەکان و بنیاتنانی بەرەیەکی گشتگیر و فراوان کە بتوانێت گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە ژێر دیدێکی هاوبەشدا یەک بخات. تەنها بە تێپەڕاندنی دابەشکارییە مێژووییەکان دەتوانرێت بزووتنەوەکە وەک هێزێکی کاریگەر و باوەڕپێکراو بۆ گۆڕانکاری سەرهەڵبدات.

**دووەم؛** ئۆپۆزسیۆن دەبێت سەرنجی لەسەر ڕێکخستنی جەماوەریی درێژخایەن بێت. ئەمەش بە واتای وەبەرهێنان لە پێکهاتە بەهێزەکانی بنەڕەتی و پەرەپێدانی فۆڕمی نەرم و نیان و فرەڕەهەندی ناڕەزایەتی و بەرخۆدان کە تەنانەت لە ژێر زیادبوونی سەرکوتکردنیشدا بتوانن خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن و گەشە بکەن. ستراتیژییەک کە ڕێکخستنی نێوخۆیی و چالاکیی دیجیتاڵی و بەرخۆدانی مەدەنی تێکەڵ بە یەکتر بکات و بتوانێت خۆڕاگری و تێکۆشانەکە بەهێز بکات.

جگە لەمەش، ئۆپۆزسیۆن دەبێ دیدگایەکی ڕوون و جێگیری بۆ داهاتووی ئێران و گەلانی ئەم وڵاتە بخاتەڕوو، نەزمێکی دیموکراسی کە هەم هیوا بە خەڵک ببەخشێ و هەم بۆ بەدیهێنانی ئەو داهاتووە تێبکۆشن و بەشیان پێوەی هەبێت. دیدگایەکی لەو جۆرە دەتوانێت وەک هێزێکی موگناتیسی وزەی خەباتگێڕیی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە یەکبخات و ڕێژیم ناچار بە پاشەکشە و کۆڵدان بکات. بە کورتی ئۆپۆزسیۆن لەبەردەم دەرفەتێکی مێژوویی‌دایە، ئەویش دانانی بناغەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک لە ڕێگەی هێزی نێوخۆیی و خەباتی هەمەلایەنەوە و پێکەوەیی و بەردەوام.

## ئەنجام

پاشەکشەکانی خامنەیی و ستراتیژییەکانی مانەوەی کاتیی ڕێژیم، دەربڕی قەیرانی قووڵی پێکهاتەییە لە کۆماری ئیسلامیدا. بێهیوایی و بێمتمانیی خەڵک لە دەسەڵات، قەیرانی ئابووریی هەوسارنەکراو، پەرەسەندنی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی و هەڵوەرینی ئایدیۆلۆژی، بەردەوامیی درێژماوەی ڕێژیمیان خستووەتە مەترسییەوە لەم قۆناغەدا خەبات و

بانەمەری ٢٧٢٥

ئـازادیخوازیی گەلانی ئێران لە دۆخ و گۆڕەپـانێکی چارەنووسسـازدایە. ئۆپۆزیسیۆن دەرفەتێکی مێژوویی لە بەردەمدایە بـۆ ئەوەی دەسکەوتە تـاکتیکییە کاتیەکـانی ڕێـژیم بکـاتە خەسـارێکی سـتراتیژیی یەکـلاکەرەوە. بـزووتنەوەی بەرخـۆدان بە گرنگیدان بە یەکیەتیی نێوخۆیی و دروستکردنی هاوپەیمـانیی فراوان و بەرفراوانکردنی بـزووتنەوەی جەمـاوەری، دەتوانێت گوشارەکان لەسەر دەسەڵات کە لە ئێستادا لاواز بووە، چڕتر بکاتەوە.

لە کاتێکـدا ڕێـژیم لە ڕێـگەی ئیمتیـازاتی دیپلۆماسـی و پاشەکشـەی تـاکتیکییەوە هەوڵـی کڕینـی کـات دەدات، پێویسـتە بزووتنەوە مەدەنی و ناڕەزایەتییە گشتییەکان گەشەیان پێ بدرێ و ڕێژیمی پێ بخرێتە تەنگـانەوە. بەتـایبەت کە قەیرانی دۆخی نێوخۆی ڕێژیم گەیشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت چاکسـازیی بەڕواڵەت یـان ئیمتیـازە کاتییەکـانیش نـاتوانن قـووڵایی ڕاستەقینەی قەیرانەکان بشارنەوە.

بـۆیە بـزووتنەوەی ئـازادیخوازی لە ئێـران لە قۆنـاغێکی مێژووییـدا وەسـتاوە و ئەو سـەردەمە کۆتـایی هـاتوە لە "تەقییە" دەیتوانی وەک ستراتیژی مانەوە کار بکات. ئێستا شکان و لاوازییەکـانی دەسەڵات پتـر لە هەر کاتێـک ئاشکرا بـووە و ئەوە جیهان دەیبینێت، بۆیە کاتی ڕابوون و یەکخستنی هێزە بۆ تێکەوەپێچانی تۆماری ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرکوتگەرە.

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# دژایەتیی وەک یەک لەگەڵ مافی گەلانی غەیرە فارس




**(دەسەڵاتی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیه و دژایەتیی هاوبەشیان لەگەڵ مافی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا)**

**ڕەحیم نوزهەتزادە**

## پێشەکی

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دوو پێکهاتەی سیاسیی گەورە حوکمڕانی ئەم خاکەیان کردوە: دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی. ئەو دوو دەسەڵاتە هەرچەندە ڕواڵەتێکی جیاوازیان هەیە -یەکێکیان بە تاج و ئەوی دیکەیان بە عەمامە- بەڵام لە بناغە و جەوهەری سیاسی خۆیاندا، هەردووکیان لە یەک ڕەگ و کانی هزرییەوە سەرچاوەیان گرتوە: چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، نەهێشتنی مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و سەپاندنی کولتوور و ئایینێکی فەرمی بەسەر هەموو فەرهەنگ و نەتەوە جیاوازەکاندا. پرسیار ئەوەیە بۆچی هەردوو ئەم سیستەمە دژایەتیی بنەڕەتی و وەک یەکیان لەگەڵ مافە نەتەوەییەکانی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا هەیە.

### ١- شانشینی پەهلەوی؛ نەتەوەسازی لە ڕێگەی هێزەوە

سیستەمی پاشایەتی بە تایبەت لە سەردەمی پەهلەویدا، بە ئامانجی بنیاتنانی "نەتەوەیەکی یەکگرتووی ئێران"، شوناسە نەتەوەییە هەمەچەشنەکانی هەموو پێکهاتەکانی غەیرە فارسی سەرکوت کرد. زمانی فارسی وەک تاکە زمانی فەرمی سەپێندرا، ناوە جوگرافییەکان گۆڕدران و هەر پەروەردەیەک یان میدیایەک بە زمانی زگماکی نەتەوەکانی دیکە قەدەغە کرا. شا لە پێگەی خۆیدا وەک "باوکی میللەت" مافی هەر جۆرە هەڵبژاردنێکی لە گەلانی غەیرە فارسی بەربەست کرد. ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای ئینکاری واقیعی مێژوویی فرەنەتەوەیی لە ئێران بوو.

### ٢- کۆماری ئیسلامی؛ درێژەدان بە هەمان ناوەندگەرایی بە ڕووخسارێکی ئایینی

شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی هەرچەندە بەڵێنی ئازادی و دادپەروەریی دا، بەڵام هەر زوو کەوتە چنگی سیستەمێکەوە کە تاکە جیاوازی لەگەڵ دەسەڵاتی پاشایەتی، گۆڕینی تاج بوو بە مێزەر. دەسەڵاتی وەلیی فەقیهـ، پێکهاتەیەکی پاوانخوازانە و میراتییە بە شێوەیەکی ئایینی. کەسێک لە لوتکەدایە، لە دەرەوەی هەر لێپرسینەوەیەک و ئەوانی دیکە و کۆمەڵگەکان لە پەراوێزدان. لەم سیستەمەشدا گەلانی غەیرە فارس سەرکوت کران - ئەمجارەیان نەک تەنها لەبەر هۆکاری نەتەوەیی، زمانی و کولتووری، بەڵکوو لە چوارچێوەی "دژە ئیسلام"، "جیاییخوازی" و "دژە ویلایەتی فەقیهـ" سەرکوت کران.

### ٣- بنەچەی هاوبەش: تایبەتمەندی و ئینکاری فرەیی

ئەوەی هەردوو سیستەمەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ڕواڵەتیان نیە، بەڵکوو جەوهەری کارکردنیانە: چڕبوونەوەی دەسەڵات لە یەک ناوەندا، نەهێشتنی سەروەری جەماوەری، و نکۆڵیکردن لە مافی گەلان. هەردووکیان بنەمای مافی مرۆڤ و پرەنسیپی "مافی چارەنووسی گەلان"یان پێشێل کردوە. دەسەڵاتی پاشایەتی بە ناوی یەکخستنی ناسیۆنالیزم و کۆماری ئیسلامی بە ناوی نەتەوەسازیی ئیسلامیەوە هەوڵیان دا، هەمان تاکە واقیع نەهێڵن:، واتە فرەیی و هەمەجۆریی گەلان لە ئێراندا.

### ٤- هەردوو سیستەمەکە ئامرازی بەکویلەکردنی نێوخۆیین

کورد، بەلووچ، ئازەر، عەرەب، تورکمان و نەتەوەکانی دیکە، نەک هەر لە مافی پەروەردە و ڕاگەیاندن و بەشداری سیاسی

و بەڕێوەبردنی خۆیان بێبەش کراون، بەڵکو سامانە سروشتییەکانیشیان تاڵان کراوە. دەسەڵاتی پاشایەتیی نەوتەکەی بردبوو؛ کۆماری ئیسلامییش هەم نەوت وهەم ئاوی گەلانی ئێرانی بەتاڵان بردوە و هەم ژیان لە خەڵکەکە زەوت کردوە. لە هەردووکیاندا بێبەشی پێکهاتەیی بەردەوامە - تەنیا ئەوە نەبێت کە زمانی چەوساندنەوە لە کۆماری ئیسلامیدا زیاتر ئایینی و ئاڵۆزتر بووە.

## ٥- نە پاشایەتی و نە ویلایەتی فەقیه

ڕێگای دەربازبوون نە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردووی شاهانە و نە مانەوە بە بەستراوەتەوە بە سیستەمی ئایینی. ئالترناتیڤ بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک و فرەیی، سیستەمێک کە لەسەر بنەمای مافی چارەنووسی سیاسی و خاکی بونیاد نرابێت. سیستەمێک کە ڕێگە بە نەتەوەکان دەدات بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و بە زمانی زگماکی خۆیان پەروەردە بکرێن و سوود لە سەرچاوەکانی خۆیان وەربگرن. هەردوو ڕژێمی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیه دژی ئەم بنەمایانە وەستاونەتەوە؛ وە دەبێت هەردووکیان لە ڕوانگەی دادپەروەری و مافی گەلانەوە ڕەت بکرێنەوە.

## کۆتا وتە:

نیزامەکانی ناوەندگەرا بە هەر نێوەرۆک و فۆڕمێکەوە دوو دیوی یەک دراون: دراوی نکۆڵیکردن، سەرکوتکردن و ناوەندگەرایی. گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا بۆ چەندین سەدە باجی ئەم دوو هەژموونییەیان داوە. داهاتوو تەنیا کاتێک دەتوانێت ڕوون و دادپەروەر بێت، کە هەردوو سیستەمەکە بە ئاگادارییەوە تێپەڕێنرێن- و پێکهاتەیەکی دیموکراسی و فرەنەتەوەیی و ئازاد جێگەیان بگرێتەوە؛ سیستەمێک کە تیایدا هەر نەتەوەیەک خاوەنی زمان و مێژوو و خاک و سامان و مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و خاکی خۆی بێت.

٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# دین ئامرازێک بۆ حوکمڕانی




**ڕەزا دانشجوو**

کۆماری ئیسلامی لە دونیای سیاسەتی هاوچەرخدا دەبێ بە دیاردەیەکی ناوازە دابندرێت. سیستەمێک کە نەک لەسەر بنەمای نەریتە سیاسییە مۆدێرنەکان، بەڵکوو لەسەر بناغەیەکی ئایینی - ئایدیۆلۆژی دامەزراوە. ڕێژیمێک کە بە بەڵێنی "بەخشینی هەم دین و هەم دونیا" بە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران، سواری شەپۆلێک لە تووڕەیی خەڵک دژی دەسەڵاتی پەهلەوی و هیوادار بە گەیشتن بە ئازادی بوو، بەڵام دەسەڵاتدارەتییەکەی بوو بە دەسپێکی دەورانێکی تاریک لە مێژووی ئێراندا. ئەگەرچی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ دا بە تاقمێک دروشمی دادپەروەرانە و ئازادیخوازانە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لە پراکتیکدا دەرفەتی مێژوویی بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی دێموکرات لە سەر بنەمای مافە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک تێدا برا و دەرفەت درا بە حکوومەتێکی نەناسراو لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژییەکی نەناسەراوتر! دەسەڵاتێک کە هەر لە سەرەتاوە نیشانی دا کە لە خەمی پاراستنی دەسەڵاتە ئایینیەکەیەتی، نەک باشترکردنی ژیانی خەڵک!

لە نەبوونی حیزبە سیاسییە سەربەخۆکان و دامەزراوە بەهێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەیەکی لە بواری سیاسی تازەلاو و نابالغ، کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی توانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و بێتە ساحێبی تاج و تەخت! نابێت

لە ڕۆڵی وێرانکەری هەندێک بزووتنەوەی بەناو خەباتگێڕ و رووناکبیر لە دروستبوونی ئەم کارەساتە مێژووییە چاوپۆشی بکرێت. ئەو ڕوناکبیرانەی یان دیل و بەستراوەی ڕەوتێکی فیکری و سیاسی تایبەت بوون یان توانای شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمەیان نەبوو!

کۆماری ئیسلامی لە بواری ئابووریدا بە پشتبەستن بە تیۆری "اقتصاد مال خر است" خومەینی نیشانی دا کە گەشەسەندنی ئابووری نەک هەر لە پێشینەی کارەکانی ئەم سیستەمە نیە، بەڵکو تەنانەت هیچ تێگەیشتنێکی دروست لەو سیستەمەدا بوونی نیە. پێکهاتە ئابوورییەکەی ئێران کە بەر لە شۆڕش ٥٧ و لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەویدا ڕووبەڕووی ئاستەنگیی جیددی بووەوە، لە سایەی سیاسەت و خوێندەوەی تەواو هەڵەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر بە تەواوی وێران بوو و کەم و زۆر ژێرخانەکانی سەردەمی پەهلەویش وردە وردە نەما.

بەڵام ڕەنگە قووڵترین و درێژخایەنترین زیان کە کۆماری ئیسلامی بە کۆمەڵگەی ئێرانی گەیاند، نە لە بواری ئابووری یان سیاسەتدا، بەڵکوو لە گۆڕەپانی بیروباوەڕ و قەناعەتی ئایینی خەڵکدا بوویێت. دین و ئایین کە چەندین سەدە بەشێوەگەلی جۆراوجۆر لە پەیکەری فەرهەنگیی ئێراندا حزووری هەبوو، بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، وردە وردە پێگەی مەعنەویی خۆی لەدەست دا. خەڵکی بێزار لە دووبارەبوونەوەی درۆ و دووڕوویی و چەوساندنەوە بە ناوی ئایینەوە، بە داننان بە سروشتی کۆماری ئیسلامی، وردە وردە لە ئایین و باوەڕ دوورکەوتنەوە. تا ئەو ڕادەیەی کە ئەمڕۆ دین و ئاینداری لە چاوی زۆر کەسدا نەک هەر بە پیرۆز نازانرێت، بەڵکو وەک هێمای فریودان و دەسەڵاتخوازی پێناسە دەکرێت.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە ئایینی وەک ئامرازێک بۆ شەرعییەتدان بە کردەوەکانی بەکار هێناوە. لێکدانەوەکانی بۆ ئایین هیچکات جێگیر نەبووە و هەمیشە بە تەواوی وابەستەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوداوەکانی ڕۆژ بووە! لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا ئایین ئامرازێکە بۆ حوکمڕانی و بە پشتبەستن بە بارودۆخی کات و شوێن دەتوانرێت بگۆڕدرێت و نوێ بکرێتەوە! لە درێژەی ئەم بابەتەدا بە کورتی باس لە بەشێک لەم تێڕوانینە ئامرازییەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئایین وەک کەرەستەیەک بۆ پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانی دەکرێت.

### "ویلایەتی فەقیه" وەک بنەمایەکی پیرۆز و بەدوور لە هەر ڕەخنە و پرسیار

کۆماری ئیسلامی تیۆریی "ویلایەتی فەقیە" نەک وەک مشتومڕێکی ئایینی و فەقێیەتی کە جێی لێکدانەوەی و باس و گفتگۆ

بێت، بەڵکوو وەک بنەمایەکی پیرۆز و بەدوور لە هەر ڕەخنە و پرسیار ناساندوە. هەر دژایەتییەک لەگەڵ وەلیی فەقیهـ ، بە دژایەتیی ئیسلام و قورئان و تەنانەت پێغەمبەریش لێک دەدرێتەوە. لەکاتێکدا پرەنسیپێک بە ناو "ویلایەتی فەقیهـ" تا سەدەی بیستەم هیچ پێشینەیەکی لە سیستەمی حکومەتی شیعەدا نەبووە! لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە سەپاندنی ئەو پرەنسیپە هەڵبەستراوە و گرێدانی بە بیروباوەڕی گەلانی ئێرانی کە زۆرینەیان شیعە بوون، هەوڵی دا بە بەستنەوەی حکومەتەکەی بە تاقمێک گێڕانەوەی تەواو درۆ و ناڕاست شێوەی حوکمڕانی "ویلایەتی فەقیهـ" پیرۆز و دوور لە هەڵە و ناڕاستی نیشان بدات و جیاواز لە حوکمڕانی مۆدێرن دەربکەوێت!

## "حیجابی زۆرەملی" وەک هێمای دەسەڵاتی ئیسلامی!

لە چاوی کۆماری ئیسلامیدا حیجاب تەنیا فەرمانێکی مەزهەبی نیە، بەڵکو ئاڵای ئایدیۆلۆژیی سیستەمە. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشەوە حیجاب کرایە ئیجباری و هەر دژایەتییەک وەک "ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسلام" دادەنرا. لە کاتێکدا حیجاب دەتوانێت هەڵبژاردەیەکی شەخسی و مەعنەوی بێت، بەلام کۆماری ئیسلامی کردی بە ئامرازی چەوساندنەوە و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر ژناندا. ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی لە حیجاب وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی ستراکتۆری ژنان و زیندانیکردنیان لە چوارچێوەی ماڵدا بۆ ڕازیکردنی لایەنگرانی پاوانخواز و تا ڕادەیەکی زۆر پیاوسالاری خۆی کەڵک وەردەگرێت.

## بۆنە ئایینییەکان ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندەی حکومەت

ڕێوڕەسمەکانی عاشورا و موحەڕەم و بۆنە ئایینیەکانی تر کە بڕیار بوو ڕەمزی ڕاوەستان و بەربەرەکانی دژە ستەم بن، لەلایەن ڕێژیمەوە کران بە سەکۆیەک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سەرکوتی نێوخۆیی. دەیان جار لە کاتی سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی جەماوەریدا هێزە ئەمنییەکان بە مەبەستی پاساوهێنانەوە و تەنانەت پیرۆزی بەخشین بە سەرکوتکردنی خەڵکی نارازی لە چوارچێوەیەکی ئایینیدا بە تاقمێک دروشمی تایبەت وەک "یا حسێن" هەوڵیان داوە خەڵکی نارازی دژی دین و ئایین نیشان دەن!

کۆبوونەوەی ساڵیانەی بەناو ئەربەعین کە بە تێچوویەکی یەکجار زۆر لە لایەن ڕێژێمەوە بەڕێوە دەچێت لەبری ئەوەی ڕێوڕەسمێکی مەزهەبی بێت، بووەتە نمایشێکی سیاسیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا. کۆماری ئیسلامی بەردەوام تێدەکۆشێت بەشداریی باوەڕمەندان لەم ڕێوڕەسمانەدا وەک نیشانەی "شەرعییەتی نیزام" و "وەفای خەڵک بۆ نیزام" نیشان

بدات، له کاتێکدا زۆرێک له بەشداربووان ئامانجی ئایینی شەخسییان هەیە و بە هیچ شێوەیەک بەشداربوونیان پشتڕاستکردنەوەی سیاسەتەکانی حکومەت نییە! لە ڕاستیدا ئەم بۆنانە بۆ کۆماری ئیسلامی کارکردێکی دووانەیان هەیە. لە لایەک شوێنی کۆکردنەوە و سازدانی لایەنگرانی حکوومەتە و لە لایەکی تریشەوە سەکۆیەکە بۆ هێرشکردنە سەر و ڕەخنەگرتن لە نەیارانی حکومەت، تەنانەت ئەوانەی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیشدان!

## فەتوا ئایینییەکان لە خزمەت بڕیاری سیاسیدا

لە زۆر حاڵەتدا بڕیارە سیاسییەکانی حکومەت بە فەتوای تایبەت ڕەوا بوون. بۆ نموونە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا، بەردەوامیی شەڕ بۆ ساڵانێک لە ژێر دروشمی "شەڕ، شەڕ تا کۆتایی هێنان بە فیتنە لە جیهان" و بە بیانووی "بەرگریکردن لە ئیسلام"، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئاشتی مومکین بوو، ڕەوا بوو. شەڕێکی بێسوود و ماڵوێرانکەر کە بوو بە هۆکاری کوشتنی سەدان هەزار کەس و داڕمانی ئابووری و وێرانی و کاولبوونی دەیان شار و شارۆچکەی ئێران و عێراق! بەڵام دوای لە دەستدانی ئەو هەموو دەرفەتە و کوژرانی خەڵکی بێتاوان لە کۆتاییدا کۆماری ئیسلامی و ڕێبەری ئەو کاتی ڕژیم خومەینی بە تەعبیری "خواردنەوەی جامی ژەهر" ڕازی بە سوڵح بوو! فەرمانی حکوومەتی چەمکێکە کە بەپێی ئەو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەدەر لە هەموو ئەو دامودەزگا و ڕێکخراوانەی کە لە دەستووری خودی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە، دەتوانێت ئەو بڕیارانەی کە دراون هەڵبوەشێنێتەوە و فەرمانێکی دیکە دەربکات.

## حەڵاڵ و حەرامی حکوومەتی

بە پێچەوانەی فێرکارییە ئاینییەکان، چەمکەکانی وەک حەڵاڵ و حەرام هەمیشە فاکتەرێک بوون بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بڕیارە هەڵەکانی حکومەت. زۆرێک لە بابەتەکانی وەک مۆسیقی، سینەما، ئینتەرنێت، وەرزشی ژنان، تەنانەت جۆری جلوبەرگ یان شێوازی ژیانیش لە ژێر سەردێڕی "حەرام" و "دژە ئیسلامی"دا چەندین جار سنووردار کراون، بەڵام لە هەندێک خاڵدا، بەهۆی بەرژەوەندییە سیاسییەکان یان فشاری کۆمەڵایەتی، لەناکاو بە "حلال" یان تەنانەت "مستحب" ڕاگەیەندراون.

هەروەک باس کرا، تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ ئایین هەمیشە لەگەڵ پێداویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیمدا هاوئاهەنگ بووە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە دوو هەڵوێستی تەواو جیاوازی عەلی خامنەیی لە سەردەمی حوکمڕانیدا سەبارەت بە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بکرێت. لە ساڵی ١٣٧٩ و لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی محەمەد خاتەمیدا، هەندێک

**بانەمەری ٢٧٢٥**

کەس باسیان لە پێویستی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا دەکرد. خامنەیی لە وتارێکدا بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو کەسانەی داوای دانوستان لەگەڵ ئەمریکا دەکەن و گوتی: "پێتان دەڵێم ئەمڕۆ دوژمن توانای نیە. ئەمڕۆ لە سایەی نەتەوەیەکی وشیاری وەک نەتەوەی ئێران، لە سایەی بیرکردنەوە ئیلهامبەخشەکانی وەک بیری نەتەوەی ئێران، لە سایەی شۆڕشێکی گەورەی وەک شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، نە ئەمریکا و نە هیچ کەسێکی گەورەتر لە ئەمریکا - ئەگەر دەسەڵاتی ماددی هەبێت – توانای سەپاندنی ڕووداوێکی وەک ڕووداوی ئاشتیی ئیمام حەسەن بەسەر جیهانی ئیسلامیدا نیە." خامنەیی لەم وتارەدا ڕایگەیاند کە ئاشتیی ئیمام حەسەن دووبارە نابێتەوە، بەڵکوو لە بارودۆخێکی وەک ئەو سەردەمەدا عاشورا ڕوو ئەدات!

ئێستا لە سەروبەندی خولێکی نوێی دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا، خامنەیی لە وتارێکدا بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دەردەکەوێت و بۆ پاساوهێنانەوە و دروستبوونی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا، باسی لە ئاشتیی ئیمام حەسەن دەکا و نەیارانی دانوستانی بە بزۆز و ئۆقرەنەگر وەسف دادەنێت! باس لە پێویستی سەبر و خۆڕاگری دەکا و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نەیارانی دانوستانەکانی بە ناتوانا لە شیکردنەوەی دۆخەکە دەناسێنێت!


ئەم گۆڕانکارییە لە بەکارهێنانی ئاییندا نەک هەر ئاماژەیە بۆ ناسەقامگیری لە تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی حکومەتدا، بەڵکوو ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە چەمکە پیرۆزەکان تا چەند و چوون وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجە سیاسییە ڕۆژانەکان بەکاردەهێنرێن. دەرئەنجامی ئەم شێوە مامەڵەکردن لەگەڵ دین و ئایین جگە لە بێمتمانەیی بەربڵاوی نێو خەڵک بەرامبەر بە ئایین و حوکمڕانی هیچی تر نەبووە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر ئابووریی ئێران، نەک هەر داب و نەریت و فەرهەنگی گەلانی ئێران بەڵکو ئایین و بیروباوەڕی ئایینی سەدان ساڵەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیش وێران و خاپوور کرد! ئێستا لە دروشمی پووچی "کۆماری ئیسلامی دامەزرا، کە هەم دین و هەم دونیا ببەخشێت بە ئێمە"، تەنیا "ئێمە" ماوەتەوە! "ئێمە"یەک کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر بۆمان دەرکەوتوە کە تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لەم کابوسە چل و چەند ساڵەیە، تەنیا یەکگرتوویە و بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و تەواوی ئەم پرەنسیب و بنچینە درۆیینەی کە ئەم دەسەڵات بەپێی ئەو دامەزراوە و بێ گۆمان لە سەرەوەی هەموویان "ویلایەتی فەقیهـ"یە!!

**٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# وێستگەكانی كۆتایی بۆ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی




**ناسر سالحی‌ئەسڵ**

پێكهاتە و ناسنامەسازی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر سێ بنەمای مێژوویی باستانی ئێران، ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی دامەزراوە، كە بۆتە هۆی دروستبوونی كۆمەڵێك بەها و پێوەر بۆ سیاسەت و ڕەفتارە سیاسی و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان. هەروەها فاكتەرەكانی ولایەتی فەقیە، تەوەلا و تەبەڕی، بانگەشەی دابەشكردنی جیهان بۆ دوو بەرەی دارولئیسلام و دارولحەرب، تەقییە، شەهادەتخوازی، نەفیی سەبیل و چاوەڕوانی بۆ دەركەوتنی ئیمامی مەهدی و ئامادەكاری بۆ شۆڕشە جیهانییەكەی، گوتار و سەرچاوەی سەرەكی پێكهاتە و ناسنامەسازی گوتار و داڕێژەری سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێرانن.

ئەو تایبەتمەندییانە و ئەو شێوە تێڕوانینەی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی، دەرهاوێشتەی ناكۆكی پێكهاتە و ناسنامەسازی جیاوازە لە گەڵ دامەزراوەكان، بەها و پێوەرە و پێوەندییە زاڵەكانی پێكهاتەی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی هەیە. چونكە لە لایەك جۆری تێگەیشتنی ڕێبەری ڕێژیم و دەزگای ئایینی- سیاسی و نیزامییەكانی لە

هەمبەر بەهاکان، پێوەرەکان، دامەزراوەکان و پێکهاتەی سیاسی سیستەمی نێونەتەوەیی و لە لایەکی دیکەوە دژایەتیکردنی ڕێژیم لەگەڵ ڕۆژئاوا بەگشتی و ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەت، دوو لایەنی زەق و بەرچاوی سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. کەوابوو بۆ ناسین و شیکردنەوەی سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەییدا دەبێت پێش هەر شتێک گرنگی و سەرنج بدرێتە پێکهاتە و ناسنامەسازی ڕێژیم کە بۆ خۆیان پێناسەیان کردوە، کە دروستکەری عەقڵانییەتی وەلی فەقیە و پێناسەکردنی لە ڕوانگەکانی ڕێبەر ڕێژیم کە بەرژەوەندی و ویستەکان وداخوازیەکانی لە پەیوندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بنیات دەنێت. هەروەها بەرگریکردن لەم پێکهاتە و ناسنامەسازی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیە دەبێتە ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی و نێوخۆی ڕێژیم کە ئەمەش ڕەوایەتی بە سیاسەت و ڕەفتارە سیاسییەکانی ڕێژیم دەدات.

سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش واتە "صدور انقلاب" بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئیستراتیژی سەرەکیی ئەم سیستەمە بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم سیاسەتەیدا لە لایەک ویستوویەتی بازنەی نفووزی خۆی لەنێو وڵاتانی دراوسێدا بەربڵاوتر بکا و لەلایەکی دیکەوە ویستوویەتی زەریبی ئەمنییەتی خۆی لە سەر بنەمای تیئوری بەربەست و پێشگیری (تئوری بازدارندگی) بەرێتە سەر. بۆ ئەم مەبەستەش لە فاکتۆری مەزهەبی شیعە کەڵک وەردەگرێ و جوغرافیای "هیلالی شیعی" وەک ژێئۆپۆلێتیکی شیعی کردبوو بە مەیدانی تەراتێنی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆی لە حەسارخەڵوەتی ئەم وڵاتانەدا دەبینییەوە و ئاستی ئەمنییەتی خۆی لە هەمبەر هەڕەشە دەرەکی و بە تایبەت لە هەمبەر ڕاپەرینە نێوخۆیی گەلانی ئێران بەرێتە سەر. بۆ ئەوەش کە بتوانێ شوێن پێی خۆی لەم وڵاتانەدا جێبێڵێ باشترین فاکتۆر هاوتەریبکردنی ئەم وڵاتانە لەگەڵ خۆیەتی کە خەڵکی شیعەمەزهەبیان تێدا دەژی و ڕێک هەمان سیاسەتی شا ئیسماعیلی سەفەوییە کە بۆ بەرهەڵستی ئیمپراتۆری سوننەمەزهەبی عوسمانی، شیعەگەرێتی کرد بە دوکتورینی سیلسیلەی سەفەوی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا پێوەندیی دەرەکی خۆی لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دامەزراندوە. واتا دۆستایەتی و دوژمنایەتی وڵاتان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەڵقوڵاو و دەرهاویشتەی ئەو بنەما و هزری و مانایە بووە. بۆیە سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی ڕێژیمی ئێران پارادۆکسی لە گەڵ جۆری پێوەندییەکان و بەرژەوەندییەکان، لە سەر دروستکردنی بڕیار و ڕوانگەی پێکهاتەی سیستەمە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە.

یەکێک لە پرس و بابەتە گرنگەکانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەسیاسەت و ڕەفتاری سیاسی وڵاتاندا، کە بە تیۆر و ڕوانگەی جۆراوجۆر خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، سیاسەتی دەرەوەیە کە ئامرازێکە بۆ پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان یان

ئەکتەرەکانی دیکەی نێونەتەوەیی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئەم دەوڵەتە کە لەسەر بنەمای ستراتیژیەتێکی تایبەت بەڕێوە دەچێت. ئەم ڕەفتار و ستراتیژییە دەرەکییەش دەرهاویشتەی کۆمەڵێک ڕەگەز و فاکتەری نێوخۆیی و نێونەتەوەییە، بەم مانایە کە سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک لە لایەک دەرهاویشتەی کارلێکی نێوان فاکتەر و ڕەگەزەکانی مادی و مانایی نێوخۆیی و دەرەوەیە و لە لایەکی تریشەوە دەرئەنجامی هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردن و جێبەجێ کردنی کۆمەڵێک لە فاکتەر و ڕەگەزەکانی هزری، ئایدۆلۆژی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و بەگشتی ناسنامەییە، کە لە سیاسەتی دەرەوەدا بەرجەستە دەبێت. بەڵام بەپێی فاکتەر و ڕەگەزەکانی پێکهێنەری ناسنامەی وڵاتێک ئەم کارلێکە جیاوازە و ڕۆڵی پێکهاتە یان بکەرەکە بەرجەستە یان بەرز و نزم دەبێتەوە.

بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی تایبەتمەندی سیستەمە سیاسییە ئایدولۆژیک و بناژۆخوازیی شۆڕشگێرانە، خاوەن سیاسەتێکی دەرەوەی و نێوخۆی تایبەتە، کە هەوڵەکان بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی و نێوخۆ بەپێی دەقی مەزهەبی سەرچاوەگرتوو لە وەلایەتی فەقیهـ و لقێک لە مەزهەبێکی دیاریکراو کە ناتوانێت هەموو ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی و نێوخۆی ئێران بە پێی بەرژەوەندییەکان گەلانی ئێران لە گەڵ پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی بگونجێنێت. بۆیە بنەماکانی هزری و ڕەگەز و هەروەها فاکتەرەکانی کاریگەر لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی لەگەڵ بنەما و هزری ئاڕاستەکراوی سیاسەتی دەرەوەی و نێوخۆی ڕێژیمی ئێران لە دژایەتی‌دایە. چونکە پێکهاتە و ناسنامەسازی کۆماری ئیسلامی لە ناسنامەسازی و فۆرمی سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆ و ڕەفتاری سیاسی کۆماری ئیسلامی، قەڵقولاو لە بیر و باوەڕی گەلانی ئێران و مافە ئەساسی و سروشتییە ناسراوەکان سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکوو قەڵقولاو لە بازنەیەکی داخراو و ڕەنگرێژکراوە بە بیری دواکەوتوویی وەلایەتی فەقیهیە.

بەو واتا و مانایە کە ڕوانگە و سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەگی لە فاکتەرە هزری و مادییەکانی گەلانی ئێراندا نیە. بەڵکوو بنەماکانی هزری و چوارچێوەی تیۆریی ڕەفتاری سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و جۆری تێگەیشتنی ڕێژیم لە جیهانی دەرەوە و هەڕەشە و دەرفەتەکان، هەروەها لێکدانەوەیان لۆژیکی و سەردەمیانە و هاوتەریبی پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی نیە. لەبەر ئەوەی سیاسەت و ڕەفتاری سیاسی ڕێژیم لەسەر بنەمای جۆرە تێگەیشتن و ڕوانگەیەکی تایبەتی مەزهەبێکی دیاریکراو دارێژراوە. هەر بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دەرەوەدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گیروگرفت و کێشە دەبێتەوە لە پێوەندی لەگەڵ ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی یاخود پێکدادانێک لە نێوان بەها و پێوەرەکانی کۆماری ئیسلامی و بەها و پێوەرە زاڵەکانی پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی ڕوو دەدات. کە ئەمەش دیسانەوە کاریگەری لە سەر ڕەفتاری سیاسی و تێگەیشتنی سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی بە پێی ئەو دەزگا و سیستەمە هزریانەیان دەبێت و وادەکات کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندی، ستراتیژی جیاواز لە

جیهان بگرێتەبەر. چونکە فاکتەرەکانی تاک، پێگە، کۆمەڵگە، حکومەت و پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی لەم پرۆسەیەدا بەشداران، کە پێکەوە دەبنە هۆی دروستبوونی ناسنامەسازی تایبەت، تێگەیشتنی تایبەت وهەروەها بەرژەوەندی تایبەت بۆ دەوڵەتێک.

ئەوەی کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقێع بەدی دەکرێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسی، بۆتە هۆی تێکدانی ئاسایش و ئەمنییەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتانە. لە ڕاستیشدا ئەم ناسەقامگیرییە پیوەندیی لەگەڵ درێژەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەیە و زۆر جاران لەم دۆخەی کە خۆی خوڵقێنەریێتی وەک کارتی کایەیەکی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزەکانی جیهان و لەسەرووی هەمووان ئەمریکا کەلکی لێوەرگرتووە. دیارە بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەم کارتەش بە میلیادها دۆلار لە سامانی نەتەوەکانی ئێرانی تێچووی بۆ داوە و بارودۆخی ئێرانی لە باری سیاسی ئابوورییەوە گەیاندۆتە ئەم قۆناغە کارەساتبارەی کە ئێستا گەلانی ئێران هەیەتی.

هەروەها لە وەها بارودۆخێکدا فاکتەرەکانی وەک، عەرەبستانی سەعوودی کە گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا و سەرکردایەتی دنیای سوننە و هاوپەیمانی لە گەڵ ئەمریکایە و هەروەها دەوری وڵاتی تورکیا وەک دراوسێییەکی بەهێزی ئێران کە ئەندامی ناتۆشە و وڵاتی ئیسرائیل کە ئێستا بالانسی هێز لە قازانج و بەرژەوەندیی ئەو وڵاتە دایە دەوری سەرەکی دەگێڕن لە بەرگری کردن لە ڕۆژهەڵاتی نوێ و بە تایبەت پاش ڕووخانی دەسەڵاتداریی بنەماڵەی بەشار ئەسەد کە بڕبڕەی پشتی بەرەی موقاوەمەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هیلالی شیعی بوو. بۆیە ئەو سێ وڵاتە لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئامریکا ئیدی ئیزن بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نادەن کە ڕێژیمی ئێران بیر لە هەستانەوە و دەستێوەردان و دروستکردنی گرووپی نیابەتی بکاتەوە و بۆ جاریکی دیکە بیەوێ هێژمۆنی خۆی بەسەر ناوچەکە و بە تایبەت بە سەر وڵاتی سووریەدا داسەپێنێتەوە. چونکە پاش ٧ی ئوکتوبر ئەو دەورانە گوزەراوە و ئەو وڵاتانە هەرگیز ڕازی نابێ کە جاریکی دیکە هیلالی شیعە بەسەرکردایەتیی ڕێژیمی ئێران شکڵ بگرێتەوە.

دواجار ئەوەی بە تێکشکانی پشتێندی ئەمنییەتی هیلالی شیعە بۆ پاراستنی ڕێژیمی ئێران لە لایەن وڵاتی ئیسرائیلەوە، ڕەنگە لەم ساتەوەختە قەیراناوییەدادا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێیدا تێدەپەڕێ لە کورتماوەدا ڕێژیمی ئێران بە تسلیمبوون لە هەمبەر ویست و داخوازییەکانی دونالد ترامپ سەرکۆماری ئامریکا ڕێژیمەکەی لە لێواری ڕووخان دوور بخاتەوە، بەڵام بە ئەهوەن بوونەوەی ناوچە و بە سرنجدان بەم پێکهاتە و ناسنامەسازییەی ڕێژیم و هەروەها دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی نێوخۆیی و لە دەستدانی ڕەوایی خەڵکی و بەرینبوونەوەی کەڵێن و قەڵەشت لە



سەرچاوە
Serchawe

بانەمەری ٢٧٢٥

نێوان گەلانی ئێران و ڕێژیمدا له ماوەیەکی نزیکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چونکه له لایەک له ئاستی نێونەتەوەییدا تەریک و بەتەنیا دەمێنێتەوە و له ئاستی نێوخۆیشدا به ڕاپەرینی گەلانی ئێران، ئەو ڕێژیمه نارەوا و ناخەڵکییه دەچێته زبڵدانی مێژووییەوە.

٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# خۆشبژێوی خراپە!



**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا سەفەری دۆناڵد ترامپ بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردایەتی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی ناوچە، کە تێیدا جیا لە دیدار و چاوپێکەوتنی سیاسی، کۆمەڵێک هەواڵ و ڕاپۆرتیش سەبارەت بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئابووری بڵاو کرایەوە، بوونە مانشێتی بەشێکی بەرچاو لە هەواڵدەرییە جیهانییەکان.

بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز دەوڵەتی عەرەبستان ڕایگەیاندووە کە بڕی ٦٠٠ میلیارد دۆلار لە ئامریکادا دەخاتە بواری بەرهەمهێنان و ئامریکاش داوای کردووە کە ئەم ڕێژەیە بۆ ١٠٠٠ میلیارد دۆلار بەرز بکرێتەوە؛ هەروەها قەتەر ١٤٠٠ میلیارد دۆلاری بۆ ئەم کەرتە تەرخان کردووە. ئەمە جیا لەوەیکە سەدان و بگرە هەزاران کۆمپانیای گەورە و بچووکی ئامریکایی ڕێگەیان بۆ خۆش کراوە تاکوو لە خاکی وڵاتانی عەرەبییدا سەرمایەدانان بکەن کە ڕوونە ئەم هەنگاوانە دواتر لە سیکلێکی یاسایی و بازرگانیدا دەبنە هۆکارێکی جیددی بۆ زیاتر گەشەسەندنی لایەنی ئابووریی وڵاتان.

ئەوەیکە ئامانجی ئەم وتارەیە لەڕاستیدا وەردانەوەی لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئابوورییانە نییە

بەڵکوو بیانوویەکە بۆ خستنەڕووی کەتوار و ڕاستییەکی تاڵ؛ ئەو ڕاستییەی کە ساڵانێکە ئازادیخوازانی ئێران هەوڵی بۆ دەدەن و ئەویش بریتییە لەوەیکە ئێران دەیتوانی زۆر زیاتر لە دراوسێکانی هەلە لەبارەکان بۆ گەشەسەندنی ئابووری و لە ئەنجامیشدا بردنەسەری ئاستی خۆشبژێوی خەڵکانی نیشتەجێ لەم وڵاتە خۆش بکات بەڵام نەکرا و نەیکرد؛ بەڵام بۆچی؟

وڵاتانی عەرەبی کەنداو لەوانەش عەرەبستان، ئیمارات و قەتەر بە کەڵکوەرگرتنی دروست لە سەرچاوەکانی نەوت و گازی خۆیان توانیان هەم ئاستی خۆشبژێوی گشتی لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا ببەنە سەرێ، هەم ڕەزایەتی کۆمەڵایەتی لای خەڵکانی خۆیان ساز بکەن، هەم گەشە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بدەن و هەمیش پێگەی ئابووری خۆیان نەک لە ئاستی ناوچەیی بەڵکوو لە ئاستی جیهانیشدا بەرز بکەنەوە؛ بەچەشنێک کە ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە بۆ نموونە داهاتی سەرانەی خەڵکی عەرەبستان زیاتر لە ٣٢ هەزار دۆلارە لەحاڵێکدا داهاتی سەرانەی ئێران کەمتر لە ٢ هەزار دۆلارە!

ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەگەر ئێمە دەبینین وڵاتانی دراوسێی ئێران سەرڤاڵی گەشەدان بە ژێرخانە ئابووری، فەرهەنگی و سیاسییەکانیانن و خەڵکەکەیان لە خۆشبژێویدا ژیان دەکەن خەڵکی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران لەگەڵ کێشەی نەبوون و کەمبوونی ئاو، بەرق، سووتەمەنی، هەژاری، بێکاری و هەزار و یەک دەرد و ژانی دیکە بەرەوڕوون کە ئەمە تەنیا هێما و ئاماژەیەک نییە بۆ ناکارامەییەکی سادە لە کەرتی بەڕێوەبەری بەڵکوو دەرخەری ئەو کەتوارەیە کە بەڕێوەبەریی کەلان لە ئێراندا بۆی گرینگ نییە کە بارودۆخی ژیان لەو وڵاتە چۆنە و ئەوەیکە بەلایەوە ئەساس و گرینگە لەڕاستیدا پەرەدان بە دەسەڵاتە ڕەها و تۆتالیتێرەکەی خۆیەتی؛ ئەویش لەڕێگەی سازکردنی کارگە و کارخانەی شەڕفرۆشی و ئاژاوەگێڕی؛ سازکردنی کارخانەی مووشەکی بالستیک و دوورهاوێژ، دامەزراوەی ناوکی بۆ سازکردنی بۆمبی ئەتۆم، کارخانەی سازکردنی درۆن بۆ شەڕ، دامەزران، تەیارکردن و دانی تێچووی ڕۆژانەی دەیان گرووپی میلیشیایی وەک حیزبوڵا و حەماس و حوسییەکانی یەمەن و حەشدی شەعبی و فاتمیوون بەشێکن لەو نموونانە کە بە داهاتی گشتیی وڵات و لەسەر حیسابی سکی برسی و پێی پەتی و مێشکی ئاڵۆزی خەڵکی ئێران ئەنجام دراون.

لەدوای ڕووخانی نیزامی ئەسەد و هەڵاتنی بەشار بۆ ڕووسیە، هەندێ داتا و زانیاری درکان کە دەریدەخات کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار پارەی تەنیا بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد و بنەماڵەکەی لە سووریە خەرج کردووە؛ ساڵانە زیاتر لە یەک میلیارد دۆلاری داوەتە حیزبوڵای لوبنان و سەدان میلیاردی دیکەشی بۆ گرووپەکانی دیکە سەرف کردووە. لێرەدا بە فیدبەکێک بۆ قسەکانی حەسەن نەسروڵا لە پاش تێکشکانیان لە زاحیەی بەیرووت لە ساڵی ٢٠٠٦ نیشانی دەدەین کە کۆماری ئیسلامی چ خەیانەتێکی دەرحەق بە خەڵکی ئێران کردووە؛ لەو کاتەدا نەسروڵا پاش هەڕەشەی بەردەوام لە ئیسراییل ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی بۆ نۆژەن و ئاوەدانکردنەوەی دووبارەی زاحیە سەدان میلیۆن دۆلاری بۆ ناردوون و



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەری ٢٧٢٥**

**ئەم یارمەتییانە بەردەوام دەبن!**


بەکورتی و لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەرکردە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەمووان عەلی خامنەیی، نە ئەوەیکە نەزانن یان نەتوانن پلان و ماستەرپلانیان هەبێ بۆ گەشەپێدانی وڵات بەڵکوو ئامانجیان لەڕاستیدا سازکردنی ئەو وڵاتەیە کە ئێستە دەبینرێ؛ بە دیوێکی تردا ئامانجیان بەهەژاری و داماوی هێشتنەوەی خەڵکە چونکە دەزانن کە خەڵک لە خۆشبژێویدا دەتوانن بیر بکەنەوە، دەتوانن ڕەخنە بگرن، دەتوانن داوای مافەکانیان بکەن بەڵام لە غەیری ئەوە خەڵک ناچارن بەردەوام بیر لە تێرکردنی سکیان و سەرپەنایەک بۆ حەوانەوەیان بن. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئاماژە بە قسەیەکی "مەسعوود ڕەوغەنی زەنجانی" سەرۆکی پێشووی دەزگای بەرنامە و بودجەی ڕێژیم دەکەین کە دەڵێ: "خامنەیی بە بەرپرسانی حکومەتی وتووە: ئەوەندە بەدوای خۆشبژێوی خەڵکەوە مەبن! خۆشبژێوی دەبێتە هۆی بێدینبوونی خەڵک".

کەواتە بەم تێڕوانینەوە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە کۆماری ئیسلامی بیهەوێ گەشە و خۆشبژێوی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئێراندا جێگیر بێت بەڵکوو ئەوەیکە ئەو دەیهەوێ ڕێکاوڕێک ئەم بارودۆخەیە کە ئەمڕۆ بەسەر ئێراندا زاڵە و بگرە خراپتر لەویش چونکە دەیهەوێ بەو شێوازە ئیمامی مەهدی خۆی نیشان بدات!

**٢٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**

---

# سەروەریی یاسا و پێوەندی بە دێموکراسیی ڕاستەقینە




**ڕەحیم نزهت‌زادە**

**لە هەر کۆمەڵگەیەگ یاسا سەروەر بێت و لە سەرووی هەمۆ دەستەڵات و پێگە ئیدارییەکان بێت، ئەو یاسایەش بەبێ لە بەر چاوگرتنی پلە و پایە و پێگەی کۆمەڵایەتی حیزب، بۆچوونی جیاوازی کۆمەڵ و تاکەکان، بە تەوازونێکی یەکسان بۆ هەمووان کارا بێت، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە لەو کۆمەڵگایە دا، بناغەی سەرەکی دیموکراسی جێگیر کراوە. بەو هەنگاو و کردارە گرینگەیە، ئەو کۆمەڵگایە دەتوانێت بەرەو بونیادی کولتورێکی دیموکراتیک و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێت و ئەو کولتورە پەرە پێبدات.**

**وەکوو ئاماژەیەک بۆ پرەنسیپ و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراسی; لە کۆمەڵگەیەکی وادا، یاسا بە باڵاترین دەسەڵات و مەرجەع دەناسرێت، هیچ تاک و گروپێک ناتوانن لێی دەرچن. ئەو کاتە، بە بێ گوێدانە پێگەی ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتی زۆرینە یا کەمینە یان پیشەیی، یاساکە بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا جێبەجێ دەکرێت. ئەو کردارەش، دەبێتە هۆکار بۆ متمانە، بڕوا و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.**



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک هەلومەرجێکی لەو جۆرە لە کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەبێت، کە بناغە سەرەکییەکانی دێموکراسی تێیدا پێکهاتووە، ئەم بنەمایانە یارمەتی کۆمەڵگە دەدەن بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی ئەو کولتوورەی کە پێناسەی ڕاستەقینەی دێموکراسیە. لە ڕاستیدا بە ڕەچاوکردنی یاسای دادپەروەرانە و یەکسان بۆ هەمووان، هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ هەنگاو بەرەو گەشەکردن و پەرەپێدانی کولتوورێکی دێموکراسی جێگیر لە کۆمەڵگادا، کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت، بۆ بەهێزکردنی مافی هاوولاتی بوون و دادپەروەری، ئازادی هزری و یەکسانی کۆمەڵایەتی.

## "لێکدانەوەیەکی کورت"

لەو بۆچونەدا ئاماژە بە پەیوەندی نزیکی نێوان دێموکراسی و سەروەری یاسا کراوە. بەو پێوەرە دێموکراسی ڕاستەقینە تەنها کاتێک بەدی دێت، کە یاسا بالاترین دەسەلات بێت و هەموو شتێک لەخۆ بگرێت. بۆ لێکدانەوەی روونتر بۆ ئەو پرسە، دەتوانرێت بەم خالانەی خوارەوە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت:

### ئا) یاسا وەک کۆڵەکەی دیموکراسی:

لەم بۆچونە دا، یاسا بە بناغە و دەسەلاتی بالا لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراسیدا پێناسە کراوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەبێ یاسای دادپەروەرانە و بێ جیاوازی دێموکراسی مومکین نییە. دێموکراسی ڕاستەقینە کاتێک بەدی دێت، کە بە بێ گوێدان بە پێگە و دەستەلاتی گرووپ و تاکەکان، یاسا بە یەکسانی بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا بە بێ جیاوازی جێبەجێ بکرێت. ئەگەر یاسادانانەکە دادپەروەرانە بێت و بەبێ جیاوازی هەمووان بگرێتەوە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە بەرەو سیستەمێکی دێموکراسی ڕاستەقینە و کارا هەنگاو دەنێت.

### ب) پەیوەندی نیوان متمانە و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، لە گەڵ جێبەجێکردنی یاسا

لە بۆچونەکەدا ئاماژە بەوە کراوە،کە جێبەجێکردنی بێلایەنانە و یەکسانانەی یاساکە "متمانە و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی" دروست دەکات. کاتێک خەڵک ببینن کە یاساکان، بە هەمان شێوە هەموو کەسێک دەگرێتەوە و هیچ گروپ و تاکێک لە سەرووی ئەوەی دیکەوە نییە، ئەوا متمانەی زیاتریان بە دامەزراوەکانی حکومەت و دامودەزگا بە کۆمەڵەکان دەبێت. ئەم متمانەیەش، بنەمای دروستکردنی تەبایی و ئاشتەواییە لە کۆمەڵگەدا. لەو کۆمەڵگەیانەی کە ڕێز لە سەروەری یاسا ناگیرێت، بەزۆری ڕووبەڕووی بێمتمانەیی و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی بەربلاو دەبنەوە.

پ) گەشەپێدانی رۆشنبیری دیموکراسی لە گەڵ سەروەری یاسا:

بۆچونەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەچاوکردنی بێلایەنانەی یاسا دادپەروەرەکان، هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا. دیموکراسی تەنیا پێکهاتەیەکی سیاسی نییە؛ بەڵکو کولتوورێکە کە مافی هاووڵاتیبوون و یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری تێیدا جێگیر دەبێت. کاتێک کۆمەڵگە بە بەردەوامی ڕێز لە یاساکان بگرێت و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە جێبەجێی بکات، کولتوری دیموکراسی بە تێپەڕبوونی کات، ڕەگ و ڕیشەی لە کۆمەڵگەدا دادەکوتێت.

ت) دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی، وەک ئامانجەکانی دیموکراسی

لە کۆتاییدا لەم بۆچونەدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری ئامانجی سەرەکی دێموکراسییە. کاتێک یاساکە بە یەکسانی بەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەدا بە بێ جیاوازی چینایەتی و ئتنیکیدا جێبەجێ بکرێت، جیاکاری و نایەکسانی کەم دەبێتەوە و هەموو خەڵک سوودمەند دەبن لە مافی هاووڵاتیبوونیان. ئەم پرەنسیپانە بناغە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراسین و یارمەتیدەرن بۆ بەهێزکردنی ئەو کۆمەڵگەیە.

ئەنجام

بە گشتی بۆچونەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دێموکراسی بەبێ سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی دادپەروەرانە، ناتوانێت یاساکان نەک هەر بۆ هەموو لایەک وەک یەک بێت، بەڵکو بە شێوەیەک جێبەجێ بکرێت کە متمانەی گشتی بەهێز بکات و ببێتە هۆی هاوپشتی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی کولتووری کۆمەڵگەیەکی دێموکراسی. ئەم پرەنسیپانە بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکن کە دادپەروەری و یەکسانی زاڵ بێت و مافی هاووڵاتیان بە تەواوی ڕێزیان لێ بگیرێت.

٢٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe